ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
• زوربه‌ی باسه‌کانی ئه‌م ژماره‌یه‌ ته‌رخانه‌ بۆ یادی دامه‌زراندی سوپای دایکی ئێران .

پێنج شه‌مه‌ ١٩٨٥/١/٣ ژماره‌ ٧٧٠ | ١٢ لاپه‌ڕه‌ | به‌ ٥٠ فلسه‌ | الخميس ١٩٨٥/١/٣ العدد ٧٧٠

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین به‌ بۆنه‌ی ساڵی تازه‌وه‌ نامه‌یه‌ك ئاراسته‌ی گه‌ل ده‌کات

خاکمان مه‌لبه‌ندی شارستانی یه‌ت بووه

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین وتی : ئاهه‌نگ گێرانمان به‌ جه‌ژنی له‌ دایکبوونی مه‌سیحی به‌ڕێز زۆر به‌آگه‌و مانای پیرۆزی هه‌یه‌ له‌ باوه‌ری قوڵمانه‌وه‌ به‌و نموونه‌ به‌رزه‌ هه‌ڵقوڵاوه‌ که‌ له‌ دایکبوونی بابه‌خه‌که‌ی له‌ ژیانی مرۆڤدا دووپات ده‌کرده‌وه‌ .

سه‌ره‌کی به‌ڕێز له‌ نامه‌یه‌کدا که‌ ئاراسته‌ی ڕۆله‌کانی گه‌لی عیراقی مه‌زنی کردوه‌ به‌ بۆنه‌ی جه‌ژنه‌کانی له‌ دایك بوونی پیرۆزو سه‌ری ساڵه‌وه‌ دووپاتی کردۆته‌وه‌ که‌ به‌ به‌رگریمان له‌ خاکو خێراتمانو سامانه‌که‌ی دژی ده‌ستدرێژی ناره‌وای ئیران له‌ هه‌مان کاتدا هه‌موو ئه‌و به‌هاو ماناو بیرو باوه‌رانه‌ ده‌پارێزین که‌ به‌ درێژایی میژوویی ڕووناکی ام خاکه‌دا سه‌ری هه‌ڵداو بی‌گه‌یشت .

ئه‌مه‌ش ده‌قی نامه‌که‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین :

به‌ ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بانه‌وه‌ ئه‌ی ڕۆله‌کانی گه‌له‌ مه‌زنه‌که‌مان :

له‌م ڕۆژانه‌دا جه‌ژنه‌کانی له‌ دایکبوونی پیرۆزو سه‌ری ساڵی له‌ دایکبوونمانی به‌ سه‌رادی تا به‌خته‌وه‌ری‌و خۆشی زیاتر بدات به‌ سه‌رکه‌وتنه‌کانتان .

ئه‌م جه‌ژنانه‌مان که‌ له‌ پاڵ سه‌ربه‌رزیه‌کانتاندا ده‌گه‌شێنه‌وه‌ شادمانی زیاتر ده‌که‌ن ئه‌وه‌ به‌ری به‌خشش‌و دڵسۆزیتانه‌و به‌رهه‌می قوربانی‌و ته‌قه‌للاو خۆراگرتنی پاڵه‌وانانه‌تانه‌ .

ره‌وتی بیناکاری‌و سه‌رکه‌وتن‌و ده‌ستکه‌وته‌کان که‌ له‌ ده‌ست پی‌کردنی شۆڕشه‌که‌تانه‌وه‌ شۆڕشی ١٧ی ته‌مووزه‌وه‌ ده‌ستی پێ کرد به‌رده‌وام ده‌بێت‌و به‌خششی زیاتر ده‌بێت ئێوه‌ باسه‌وانین‌و شه‌ڕی ته‌ماعکارانی لێ به‌ دور ده‌که‌ن‌و نیشتمان‌و ده‌ستکه‌وته‌کانتان ده‌پارێزن‌و به‌رگری له‌ ژیان‌و سه‌ربه‌رزی‌و ئابرو ئه‌و ئاشتی‌یه‌ ده‌که‌ن که‌ له‌ سایه‌یدا ده‌حه‌وێنه‌وه‌ .

ئاهه‌نگ گێرانمان به‌ جه‌ژنی له‌ دایکبوونی مه‌سیحی به‌ڕێز به‌آگه‌و مانای پیرۆزی له‌ باوه‌ری قوڵمانه‌وه‌ به‌و نموونه‌ به‌رزه‌ هه‌ڵقوڵاوه‌ که‌ له‌ دایکبوونی بابه‌خه‌که‌ی له‌ ژیانی مرۆڤدا دووپات ده‌کاته‌وه‌ ئێمه‌ که‌ به‌رگری له‌ ئه‌رزو خێراته‌که‌ی‌و سامانه‌که‌ی ده‌که‌ین دژی ده‌ستدرێژی ناره‌وای ئێران ، به‌وه‌ له‌ هه‌مان کاتدا هه‌موو ئه‌و به‌هاو ماناو بیروباوه‌ره‌ ده‌پارێزین که‌ له‌م خاکه‌دا به‌ درێژایی میژوو سه‌ری هه‌ڵداو بی‌گه‌یشت ، خاکه‌که‌مان لانه‌ی شارستانیه‌ت‌و مه‌زنگای په‌یامه‌ئاسمانیه‌ نه‌مره‌کان بووه‌ .

بشت به‌ خوا ته‌قه‌للاتان له‌ سه‌رکه‌وتنی ته‌واوه‌تی ده‌بێت‌و ئێوه‌ له‌سه‌ر حه‌قن‌و دوژمنه‌که‌تان له‌سه‌ر ناحه‌قه‌ .

له‌م بۆنه‌یه‌دا به‌ختیارم پیرۆزبایی ئاراسته‌ی ڕۆله‌کانی گه‌له‌که‌مان به‌تایبه‌تی مه‌سیحیه‌کانیان بکه‌م له‌گه‌ل ئومیدما به‌ ژیانی سه‌ربه‌رزی‌و سه‌ربلندی له‌ خوای گه‌وره‌ ده‌خوازین که‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ گه‌له‌که‌مان زیاتر به‌خته‌وه‌ر بێ‌و شادمان به‌ خێرو ئاشتی‌و باڵای عیراقی مه‌زن هه‌ر به‌رز بشه‌کێته‌وه‌ .

سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین له‌ باری کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و ته‌ندروستی جوتیارانی گونده‌کانی ده‌وروبه‌ری به‌غداد ده‌پرسێته‌وه‌

پێرۆزی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین سه‌ری له‌ چه‌ند گوندێکی جوتیارانی ده‌وروبه‌ری شاری به‌غداددا .

به‌ڕێزی له‌ ماوه‌ی سه‌ردانه‌که‌یدا له‌و گوندانه‌ سه‌رنجی باری ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ژیانی ته‌ندروستی خه‌ڵکه‌کانی‌دا .

هه‌روه‌ها دیاری به‌سه‌رمندالانی گونده‌کاندا به‌ بۆنه‌ی ساڵی تازه‌ی له‌دایك‌بوونه‌وه‌ به‌خشیه‌وه‌ .

خه‌ڵکی گونده‌کان ڕێزیان‌نالم به‌ده‌نگه‌وه‌ هاتنه‌ دڵسۆزانه‌یه‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین به‌ پرسینه‌وه‌ی له‌باری ژیانیان‌و له‌خوای گه‌وره‌و مه‌زن‌داواکاربوون که‌ به‌ڕێزی ته‌ندروست باش‌و به‌ختیاربێ بۆ سه‌رکردایه‌تی گه‌له‌که‌مان‌له‌سه‌رکه‌وتنێکه‌وه‌ بۆ سه‌رکه‌وتنی تر .

له‌گه‌ڵ ده‌ستپێکی ساڵی نوێ‌دا به‌ بنکه‌ تۆپه‌ به‌تواناکانمان مۆڵگاو سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن وێران ده‌که‌ن

٣١١ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتووی هه‌ڵۆئازاکانمان

هێزه‌ سه‌رکه‌وتوه‌کانمان به‌درێژایی هه‌موو به‌ره‌کانی جه‌نگ به‌ردەوامن له‌به‌رگری کردنی مه‌ردانه‌ له‌ سنووری عیراقی سه‌ربه‌رزو ئاراسته‌کردنی لێدانی توندو بکوژ به‌سه‌ر سه‌ری هێزه‌کانی جادووگه‌ری چه‌په‌ڵی تاران‌و قوم .

له‌ماوه‌ی هه‌فته‌ی ڕابوردودا هه‌موو که‌رته‌کانی هێزه‌ دلێره‌کانمان له‌ ئه‌رزو ئاسمان‌و ده‌ریا توڕه‌یی ره‌وای عیراقیه‌کانیان ده‌باران به‌ سه‌ر دوژمنی داخ له‌ دڵدا . بنکه‌ تۆپه‌ به‌ توانا‌کانمان به‌ توندی تۆپ بارانی بنکه‌و سه‌نگه‌رو مۆلگاکانی دوژمنیان کردوه‌و زیانی سه‌رومالی زۆریان به‌ هێزه‌کانی دوژمن گه‌یاندوه‌ . به‌تایبه‌تی له‌ سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا لێدانی توندیان ئاراسته‌ی چه‌ند نیشانه‌یه‌کی دیاری کراوی دوژمن کرد له‌ ڕۆژ هه‌ڵاتی به‌سره‌و راسته‌وخۆتوانیان ئه‌ونیشانه‌ بپێکن .

هه‌ڵو به‌تواناکانمان ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش رووی عیراقی مه‌زنیان سوورکردو چه‌ندان سه‌رکه‌وتنی مه‌زنیان به‌دی هێنا ، له‌ شه‌رێکی ئاسمانیدا مه‌ردانه‌ دوو فرۆکه‌ی [ف ٤] نیشانی دوژمنیان خسته‌ خواره‌و له‌م هه‌فته‌یه‌دا ٣١١ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتووبان بردۆته‌ سه‌ر بنکه‌و مۆلگاکانی دوژمن‌و زیانی سه‌رو مالی زۆریان پێ‌گه‌یاندوون‌و دوای هه‌موو هه‌ڵمه‌تی به‌سه‌ربه‌رزی‌و سه‌لامه‌تی گه‌راونه‌ته‌وه‌ بنکه‌کانی خۆیان .

هه‌رله‌م هه‌فته‌یه‌دا هه‌ڵو مه‌رده‌کانمان دوو نیشانه‌ی گه‌وره‌ی ده‌ریایان له‌ خواروی دوورگه‌ی خه‌رج پێکاو به‌سه‌لامه‌تی گه‌رانه‌وه‌ بنکه‌کانی خۆیان .

هیلیوکۆپته‌ره‌ ئازاکانمان چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان بردۆته‌ سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و ترس‌و له‌رزیان خستۆته‌ ریزوکانیان‌و زیانی زۆریان لێداون .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا چه‌ندان له‌ هێزه‌کانی دوژمن له‌ دۆزه‌خی خومه‌ینی هه‌ڵاتوون‌و خۆیان داوه‌ به‌ده‌ست هێزه‌کانمانه‌وه‌ .

له‌یادی شۆڕشی فه‌له‌ستینیدا :

خۆپیشاندان خاکی داگیرکراو ده‌گرێته‌وه‌

به‌بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری بیست‌ساڵه‌ی به‌رپابوونی شۆڕشی فه‌له‌ستینه‌وه‌ ، خۆپیشاندانی جه‌ماوه‌ری به‌ره‌ی ڕۆژ ئاواو هه‌ریمی غه‌زه‌ی زه‌وتکراویان‌گرته‌وه‌و ده‌سته‌ لاتداریه‌تی زایونیش کۆتۆته‌ ره‌شبگیری له‌فه‌له‌ستینیه‌کان .

سه‌رچاوه‌یه‌کی فه‌له‌ستینی وتویه‌تی به‌ لایه‌نی که‌مه‌وه‌له‌ به‌ره‌ی ڕۆژئاواو هه‌رێمی غه‌زه‌ بێنج سه‌د که‌سێ گیراون .

قسه‌که‌رێکی عه‌سکه‌ری زایونی به‌ ئاژانسی ده‌نگ وباسی فرانس برس راگه‌یاند که‌وایه‌ خه‌ڵکیکی زۆر گیراون به‌ڵام ژماره‌که‌ی نه‌وتووه‌ .

چاودێری که‌ران ده‌لێن بیره‌وه‌ری به‌رپابوونی شۆڕشی فه‌له‌ستین ئه‌مساڵ کاریکی قولی هه‌بووی له‌ خاکی زه‌وتکراودا به‌ هۆی کوشتنی فهد القواسمه‌ سه‌ره‌کی شاره‌وانی شاری خلیل .

له‌و شاره‌دا که‌ شوێنی له‌دایك بوونی القواسمه‌یه‌ هاوولاتیه‌ عه‌ره‌به‌کان ته‌رمیکی ره‌مزیان هه‌ڵگرتوه‌و خۆپیشاندانێکی گه‌وره‌یان کردوه‌ .

به‌یامنێری ئاژانسی فرانس برس که‌ له‌و شاره‌ بوه‌ ده‌ڵی عه‌سکه‌ره‌ زایونیه‌کان به‌بۆمبای فرمێسك ڕێژ به‌لاماری خۆپیشانده‌ره‌کانیان داوه‌ .

عه‌ره‌فات داوای کۆتایی به‌ شه‌رهێنان ده‌کا

یاسر عه‌ره‌فات سه‌ره‌کی لیژنه‌ی ڕاپه‌راندنی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فه‌له‌ستین داوای کرد وه‌کو ته‌قه‌للابدرێ له‌پێناوی وه‌ستاندنی شه‌ری عیراق‌و ئێراندا و ئاراسته‌ کردنی وزه‌و توانای ئه‌م شه‌ره‌ به‌ره‌و ڕزگاری فه‌له‌ستین‌و قودس .

عه‌ره‌فات له‌ لێدوانێکدا به‌ بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری بیست ساڵه‌ی ڕاپه‌رینی شورشی فه‌له‌ستیندا داوای پته‌وکردنی هاوکاری عه‌ره‌بی کرد له‌ پێناوی ڕزگارکردنی فه‌له‌ستین‌و جۆلانی سوریاو خاکی لوبناندا که‌بۆته‌ مه‌سه‌له‌یه‌کی زۆر گرنگ .

عه‌ره‌فات هیرشی برده‌ سه‌ر ئه‌و لایه‌نانه‌ی پیلان له‌سه‌ر خه‌باتی گه‌لی فه‌له‌ستین‌و وتی‌به‌ستنی ده‌وره‌ی حه‌فده‌ هه‌می

بڕوانه‌ ل ١١

وته‌ی هاوکاری

سڵاو له‌ یادی له‌ دایك بوونی سوپای دلێران

له‌م ڕۆژانه‌دا جه‌ماوه‌ری گه‌له‌که‌مان له‌ خۆ ئامادەکردندایه‌ بۆ ئاهه‌نگ گێران به‌ بۆنه‌ی یادێکی پیرۆزه‌وه‌ که‌ یادی ٦ی کانوونی دووه‌م جه‌ژنی له‌ دایك‌بوونی سوپای عیراقی دلێره‌ .

ئه‌م یاده‌ پیرۆزه‌ ، له‌ لای هه‌موو گه‌ڵی عیراق یادێکی ڕووناکو مه‌زنه‌و نیشانه‌یه‌کی به‌ تیشکه‌ له‌ میژووی تێکۆشانی دوورو درێژیا چونکه‌ سوپای عیراق هه‌ر له‌ یه‌که‌م ڕۆژی له‌ دایك بوونیه‌وه‌ له‌ دایك‌بوونی خه‌بات‌و ته‌قه‌للای گه‌لی عیراق بووه‌ بۆ دانانی به‌ردی بناخه‌ی سه‌ربه‌رزی‌و باشه‌ڕۆژی ڕووناکی‌و سه‌ربازو کارگێرانی سوپا له‌ ڕۆژه‌ مه‌رده‌کانی گه‌ڵپێکدا هاتن بۆیه‌ هه‌ر له‌ یه‌که‌م ڕۆژه‌وه‌ پشتیوانی سه‌ربه‌ستی‌و سه‌ربه‌رزی گه‌ل بووه‌و هه‌رگیز ڕووی نه‌داوه‌ وه‌ك ولاتانی زۆری تر سوپای عیراق بێته‌ دار ده‌ستی لێدانی خواسته‌کانی گه‌ل . ئه‌وه‌ سوپایه‌کی خۆشه‌ویسته‌ له‌ لای گه‌ل‌و مایه‌ی شانازیه‌تی .

سوپای عیراق له‌ سایه‌ی ڕێبازی ڕاستی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ ی ته‌مووزی مه‌زنداو به‌رابه‌ری سه‌رکرده‌ی گه‌ل صدام حسین توانی بێته‌ گه‌وره‌ترین‌و به‌ توانا ترین سوپای ناوچه‌که‌و ئه‌مه‌ش ٤ ساڵ زیاتره‌ خۆراگرتنی مه‌ردانه‌ی له‌ به‌ره‌نگاری کردنی گه‌رده‌لولی زه‌ردی له‌ ئێرانه‌وه‌ هاتوو باشترین به‌ڵگه‌یه‌ که‌ سوپای عیراق سوپای نه‌به‌زینه‌و سوپای ئازایه‌تی‌و مه‌ردایه‌تیه‌و سوپای گه‌لێکه‌ مل که‌چی نازانی .

له‌م یاده‌ پیرۆزه‌دا سڵاوو ڕێزی خۆشه‌ویستی بۆ هه‌موو سه‌ربازو ئه‌فسه‌رو کارگێرێکی سوپای عیراق سوپای گه‌ل سڵاو له‌ سه‌رکرده‌ی به‌ تواناو ڕۆله‌ی مه‌ردی عیراق صدام حسین و بۆ پێشه‌وه‌ .

چالاکی فراوانی به‌رهه‌ڵستکاران له‌ کوردستانی ئێراندا

جه‌نگاوه‌رانی ڕێکخراوی‌موجاهیدی خه‌ڵکی ئێرانی به‌ره‌ ئه‌ستکار چه‌ند کارێکی‌دژی هێزه‌کانی سوپاو پاسدارانی خومه‌ینی له‌ هه‌رێمی کوردستان ڕاپه‌راندوه‌ .

ڕادیوی ڕێکخرا وه‌که‌ڕای گه‌باند که‌له‌ ڕۆژانی ١٦ و ١٧ ی مانگی ڕابوردودا جه‌نگاوه‌ره‌کانی هه‌ڵمه‌تیان برده‌سه‌ر هێزه‌کانی‌ڕژێمی خومه‌ینی له‌ ڕێگای بنکه‌کانی میران‌و ئه‌شکان له‌ناوچه‌ی سه‌رده‌شت‌و ژماره‌یه‌کی زۆربان له‌وهێزانه‌ کوشت‌و بریندارکرد.

له‌ ١٩ هه‌مان‌مانگداجه‌نگاوه‌ره‌کان به‌ چه‌کی قورس هه‌ڵمه‌تێکی تریان‌برده‌سه‌ر بنکه‌ی مبران‌و زیانێکی زۆربان به‌ هێزه‌کانی‌ڕژێم گه‌یاند .

هه‌روه‌ها ڕادیوکه‌وتی‌لۆریه‌کی نه‌فه‌ربه‌ری پاسدارانی خومه‌ینی به‌سه‌رله‌ غمێکی جه‌نگاوه‌راندا به‌ریوه‌ که‌ته‌قینه‌وه‌ی بوه‌هوی کوشتنی هه‌رچی تیایدا بوه‌ . ئه‌مه‌ش له‌ڕێگای‌مه‌هاباد سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی جه‌نگاوه‌ران توانیویانه‌ چه‌ندان‌ئوتوموبیلی تری پاسداران ئاگرتی به‌ردەن .

به‌کورتی

● عمان :

دوای سه‌ردانێکی سێ ڕۆژی له‌ سڵته‌نه‌ی عومان وه‌زیری ڕۆشنبیری ئه‌ردەن گه‌رایه‌وه‌ بۆ عمان دوای ئه‌وه‌ی سه‌بارەت به‌ په‌یوه‌ندی هه‌ردوو ولاتیان گفتوگوی کرد .

● ده‌کا :

ڕاوێژکاری سه‌ره‌کی به‌نگلادیش ڕای‌گه‌یاند که‌ کونگره‌ی به‌رزی هه‌ر حه‌وت ولاتی ئه‌ندام له‌ ئه‌نجوومه‌نی هاوکاری هه‌ریمی له‌ خواروی ئاسیا له‌ ده‌کا ده‌به‌سترێ .

● قاهیره :

میسرو به‌ریتانیا ڕێکه‌وتنێکی هاوکاری ئابوریان مۆرکردوه‌ که‌ به‌و پێیه‌ میسر دوو ملیون جنیه‌ ئینگلیزی وه‌رده‌گری بۆ به‌ره‌پێدانی پڕۆژه‌کانی ئاودان له‌ میسر .

● تونس :

یاریده‌ده‌رێکی ئه‌مینداری جامعه‌ی ولاته‌ عه‌ره‌به‌کان چووه‌ بۆ سودان تا له‌گه‌ڵ کاربه‌ده‌ستانی له‌ویدا سه‌بارەت ڕێگای یارمه‌تی دانی به‌نا به‌ره‌کان به‌ هۆی برسیه‌تیه‌وه‌ ڕێبکه‌ون .

Institut Kurde de Paris

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە

ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بەتینی وەفاداری نوێ دەکەنەوە

بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان بەتینی وەفاداری تەواویان بۆ بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپات کردەوە کە تەقەللای زیاتر بدەن و قوربانی و بەخشش پێشکەش بکەن بۆ بەرگری لە عیراق و سەربەرزی و سەربەستی .

لە بروسکەیەکدا بۆبەرێزی بەڕێوەبەری تەواو بوونی شەشەم کۆبوونەوەی دەورەی ئاسایی دووەمی ئەنجوومەن دووپاتیان کردۆتەوە کە بەردەوام دەبن لە کارکردنی دیارو راست لەپێناوی قۆلکردنەوەی رەوتی ئۆتۆنۆمیداو لەپێناوی پتەوکردنی بەکیتی نیشتمانیدا .

بەرێزان سەرەکو ئەندامەکانی ئەنجوومەن سلاوو رێزیان ئاراستەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کردوە بەرامبەر سەرپەرشتی بەردەوامی بۆدام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و ئامادەیی تەواویان دەربری وە بۆ قوربانی دان و بەخششی بێسنوور لە پێناوی عیراقی مەزندا .

لە دوا کۆنوونەوەی ئەنجوومەندا بە سەرەکایەتی بەرێز احمد عبدالقادر نەقشبەندی و ئامادەبوونی بەرێز سەرەکی ئەنجوومەنی راپەراندنی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان گوێی لە راپۆرتی لیژنەکان گرت کە دەربارەی کاروباری ئەمانەتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو .

چالاکی هەڵمەتی نیشتمانی زیادکردنی بەرهەم لە لایەن کرێکارانی وڵاتەوە :
هەنگاوی دڵسوزانە بۆ بەرەوپێش بردنی نیشتمان

بەردەوامی هەڵمەتی نیشتمانی بەر بەلاو بۆبەرزکردنەوەی چالاکیی بەرهەمهێنانی تاکە کەس، لە هەموو بوارەکاندا زۆرتر بووە کە دەربڕینێکی قووڵی شانازی کرێکارەکانمانە بەئامانجەکانی و سووربوون لەسەر بەدیهێنانیان .

لەم بارەبەود سەردکی نووسینگەی نەقابەی گشتی کرێکارانی نەوت و پترۆکیمیاوی ووتی :-

ژمارەی ئەو کرێکارانەی نموونەین و خەڵات کراون بۆ لە بەجێهێنانی کارکردن و ئەو داهێنەرانەی بۆ پەرەسەندنی ئامێرەکان و ئەوانەی کەرەستەی یەدەگ دروست دەکەن لە هەزار کەس تێپەڕ بوون . کە لە لایەن نەقابەو وەزارەت و دەزگاکانی نەوتەوە خەڵات کراون و لە هەموو کەرتە جۆر بە جۆرەکانی کارکردن لە پاڵ ئامادەکردن و راهێنانی کادری ئافرەتان و ئامادەکردنبان بەچەند کارێك کە جیاوازە لە کارە ئاسایەکەی . ئێستاکە کرێن و ئۆتۆمبیلەکانی خزمەتکردن لێدەخوڕن ئەنجامی ئەو هەوڵو تەقەلا چڕ بۆ راهێنان و کردنی ئافرەتی کرێکاری نا دەستەرەنگین بۆ پڕکردنەوەی هەندێك لە پیویستیەکانی دەزگاکان .

هەروەها بەرێز سەردکی نووسینگەی نەقابەی نەوت ووتی . بە چەند سەردانێکی مەیدانی هەڵساوین لە پارێزگاکانی وولاتدا ئەوجێگایانەی بەرێزان ئەندامانی نووسینگەی نەقابە لێی دابەش کراون لە پێناوی چاودێرکردنی چالاکیەکانی هەڵمەتی نیشتمانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێزی ئیدارەکان و نەقابەکاندا بۆ لابردنی کۆسپەکان و دابین کردنی پیداویستیەکانی کارکردن کە خزمەتی ئامانجەکانی هەڵمەتەکە دەکات لە چوارچێوەی تیپێکی کرارکردندا .

لە وەزارەت و جێگاجۆر بە جۆرەکانی کارکردنداڵێژنەی مەرکەزی چاودێرکردنی سەرەکی و ولقەکانی بەریوەبردن و ریکخستنی نەقابی پێکهێنرابو لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی راپەڕاندنی نەخشەکان کە تایبەتن بە هەڵمەتەکەو دووقوڵکردنەوەی پەیوەندیەمرۆئایەتی و بێهاوتاکان لەنێوان لایەنەکانی پرۆسیسی بەرهەمهێنان و دابین کردنی دراوەکان لە پێناوی ئابووریەکی عیراقی بتەوو پەرەسەندودا .

لە بارەی دەردەوەش نەقابەپێشوازی ژمارەیەك وەفدی براو دۆستەکانی کرد بۆبتەوکردنی هاوکاری بە پیت و بنیاتنەر لە گشت بوارەکاندا. هەروەها ژمارەیەك لە نەقابەکان چوونەتە دەرەوەی وولات بۆ بەشداریکردنی کۆنفراس و کۆڕە عەرەبی و دەوڵەتیەکان و پیشاندانی رۆڵی کرێکارانی عیراق لە بنیاتنان و بەرگریکردن لە عیراق دژ بە دەسدرێژیەکانی دەرەوەو هۆزیەکانی بەردەوام بوونی ئەو جەنگە دوژمنکاریە دژ بە عیراق .

هەروەها ووتی:- ئەمرۆریکخستنی نەقابی ئەوەهەڵمەتە نیشتمانیە پێشڕەوەئاشکرا دەکات بەرزکردنەوە بەرهەمهێنانی تاکە کەس بۆبتەوکردنی بنەڕەتی ئابووری و بەدەستهێنانی سەر وتنێکی فراوان بەسەردوژمناندا . هەڵمەتەکە بەرزبوونەوەی توانای مرۆئی عەرەبێ نوێ دووپات دەکاتەوە کە فەرماندەی ئەتەوەتێکۆشەر صدام حسین هۆشیاری شۆڕشگێریەتی قووڵ دەکاتەوەو توانا کانی بەرەپێدەدات بۆبەرزکردنەوەی دۆخەکانی سەرکەوتن و بنیاتنان و پێشکەوتن . هەروەها بەردەوامی کارکردن و هەوڵدانی بە یەکا چووچاودێریکردنی مەیدانی و بەرجەستەکردنی دروشمی یەك تیپی کارکردن و پشتبەستن بە نەخشە زانستی و مەیدانی و واقعیەکان و بەدەستهێنانی ئامۆژی دوا رۆژ کە هەڵمەتەکە ئامانجێتی . پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر جەنگداهەموو رۆژێك توانای تازەو داهێنەر تازە دەبنەوەکە دووپات کردنەوەی توانای ئەم گەلە بەخشندەیەو وپێشێل کردنی گەورەترین رەقەبەرایەتیەکان لە پێناوی بەرگری کردن لە نیشتمان و شەرەف و کەرامەتی نەتەوەو ئێستاو دوا رۆژی .

ذکریات محمد

چەپکە نیرگزی کوردستان بۆ هاوڕێ صدام حسین و لەمووجەنگاوەرانی سوپای دلێرمان

بەرێز یحیی محمد رشید جاف

سەرەکی ئەنجوومەنی رایەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە یەکەم گفتوگۆیەکدا لە گەڵ « هاوکاری »

- **رۆڵەکانی گەلی کوردبەردەوامن لەقوربانیدان لەپێناوی پاراستنی خاکی عیراق ...**
- **سوپای نەبەزمان بۆمێژووی هەموو جیهان سەلماندی کە سوپایەکی قارەمانە ..**
- **ناوچەی کوردستان سەرفرازە لەسایەی سەرەك صدام حسین ..**

رۆڵەکانی گەلی عیراق لەم رۆژانەدا بەئاهەنگو رەشبەلەکی بیرەوەری (٦٤) ساڵەی دامەزراندنی سوپای نەبەزمان دا رادەبورن ، ئەوسوپایەی کەخاوەنی گەلێك هەلوێستو مێژووو ئازایەتی یە ... خوێنی خۆیان بەخشی لەپێناوی خاکی عیراقو عیراقیەت . جەنگی پێنج ساڵەی رەوامان دژی رژێمی خومەینی خوێن ڕێژ جارێکی تریش بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهانی سەلماند کەسوپای عیراق بەباوەڕەوە بەرگری لەخاکی خۆی دەکات و لەپێناوی دا شەهیددەبێ ... لەم یادە پیروزەدا چاومان بە بەرێز یحیی محمد رشید جاف سەرەکی ئەنجومەنی رایەراندنی ناوچەی کوردستان کەوت ...

★ بەشداری گەلی کورد .. بەرێز سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن دەڵێ :-

لەم بیرەوەریە پیروزەدا کە گەلی عیراق هەموو ساڵێك یادی دەکاتەوە ، کەلێك نموونەی ئازایەتی و قازەمانیەتی بەخۆیەوە دیووە ... هەر لەیەکەم رۆژی جەنگەوە سەربازە بەجەرگەکانمان بەلێتی پیاوەتی و وەفاداریان دووپات کردەوە بۆ سەرەکی خۆشەویست صدام حسین و هەموو گەلی عیراق کە خوێنی خۆیان برێژن بۆ پارێزگاری کردن لەپێناو پاراستنی خاکو نیشتمان .

رۆڵەکانی گەلی کوردیش لەکوردستان وەك هەمموو عیراقیەك هاتنە کۆڕی جەنگو هەتائێستاش بەردەوامن لەقوربانیدان لەپێناوی پاراستنی خاکی عیراق ، چونکە هەرعیراقیەك ئەگەر لەویژدانەوە قسەبکات دەبێ باوەڕی بەوەهەبێ رێگە بەدوژمن نەدات خاکی داگیر بکات ، لەجەنگەکانی گردمەندو حاجی ئومەران وخواروی عیراقو کەرتی عەمارەو بەسرە گەورەترین قارەمانیەتیان نواند ..چونکە گەلی کورد گەیشتۆتە ئەوقەناعەتە کەرۆژێك لەرۆژان مەحالە رژێمی خومەینی کامەرانی گەلی کوردی بوێ بە پێچەوانەوە ئەو رژێمە هەمیشە ئاوات و خواستی ئەوەیە کەریشەی گەلی کورد دەربهێنێ ئەمەش خەونەو رژێمی خوێن ڕێژەکانی ئێران لەخەونیشا نابینن ، چونکە کوردستان سەرفرازە لەسایەی سەرەکی بەرێز هەڤال صدام حسین.

★ رۆڵی ئاوەدانی بەردەوامە ...

لەسەردەمی جەنگ بەپێچەوانەوە رۆڵی ئاوەدانی لەهەموو عیراقدا بەردەوامەو بەتایبەت لە ناوچەی کوردستاندا .. کەئەمرۆ ئەم ناوچەیە لەسێبەری ئەوبایەخو گرنگی پێدانەی سەرکردایەتی حزبو شۆرش گۆرانکاریەکی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیووە لەهەموو بوارێکەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەبەهیچ شێوەیەك جەنگ کاری نەکردۆتە سەررەورەوەی شارستانیەت ئاوەدان کردنەوە ... لەساڵی ١٩٨٥دا بودجەی ناوچەی کوردستان لەساڵانی تر زیاترەو بەشێکی زۆریشی بۆبڕۆژەی گەورەو مەزن دانراوە ، بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەم ڕێرەوەو هەموو کیانیشمان بۆ ئەمنیشتمانە خەڵاتە ..

★ خۆئامادەکردن بۆ ئەم یادە .. .

بەرێز یحیی جاف سەرەکی ئەنجومەن پێی راگەیاندین.. وتی : -

بەبۆنەی بیرەوەری جەژنی سوپامان لەهەموو ناوچەی کوردستان بەرنامەی تایبەتمان رێکخستووە بۆ پێشوازی لێکردنی ئەم یادە کەبریتی بە لەئاهەنگی هونەری موسیقاو گۆرانی و پێشانگاو گەلێك چالاکی تر .. سەرەڕای سەردان بۆ مالی شەهیدان و دیلەکان و پێش کەش کردنی دیاری بەسەرباند ، چونکە هەر ئەوانن مۆمی عیراق دەگەشێنێتەوە .. .

★ کارتێکی جەژنانە ..

ئەگۆنایی ئەم چاوپێکەوتنە کارتێکی جەژنانەی بەناوی خەڵکی کوردستانەوە پێش کەش کردو وتی :-

لەلوتکەی بڕوابەخۆبوون و هەلوێست و پیاوەتی بەوە رێزی شانازی پاڵەوانەتی لەسوپای نەبەزمان دەنێین و لەبیرەوەری جەژنی (٦٤)ساڵەی دامەزراندنی ئەم سوپایەوە چەپکە نێرگزی کوردستان بۆ سەرەکی بەرێزو ئازا هەڤال صدام حسین و هەموو جەنگاوەرێکی چەك بەدەست کەئەمرۆ سنوری خاکی عیراق دەپارێزێ لەدەست داگیرکەران .. ئەوانەی کە ئێرانیان کردۆتە مەلبەندی خوێن ڕشتن ... لێرەوە لەکوردستانی سەربلندەوە هەموو گیانێك لەسەر دەستە بۆ خۆبەختکردن بۆئەم خاکە بۆ عیراقی لوتکەو عیراقی گەلو عیراقی صدام حسین.

ناظم دلبەند

ئێران لە ناوەوە

کەمارۆدانی دورگەی خەرگ لەلایەن سوپای عیراقەوە هێشتا هەربەردەوامە ، کە بە شادەماری ئابوریی ئێران دەژمێردرێتو بەو خەزێنەیە دەدرێتەقەڵەم کە ئامرازی جەنگو دوژمنکاریی « خومەینی » بەردەوام تێردەکات ، رۆژ دوای رۆژیش زیاتر رێگای مەلاکان تەسك دەبێتو دوچاری گێرمەکێشە و خنکاندن دەبن . پێش ماوەیەکو هەر لە ئەنجامی کزیو لاوازی باری دارایی ئێران « میر موسەوی » ناچار بووە بڕیاری ئەوە بدات ئیتر دانەوێڵ لە وولاتانی دەوروپشتی ئێران نەکڕن .. ئەوەی دەبێتە مایەی گومانو سەرسوڕهێنەر ئەوەیە « میر موسەوی » خۆی سەرکردایەتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی کشتوکالی دەکرد ، هەروەك ئێزگەی تاران بە زمانی فارسی بڵاوی کردۆتەوە گوایە باسی بارودوخی کشتوکالی وولاتیان کردوەو باسی شەرتە تەندروستیەکانی ئەو کەلوپەل کشتوکالیانەی کە لەدەرەوەی وولات دەبلهێنن کردوون ..

لەکۆتایی هەمان کۆبوونەوەدا بڕیاری ڕاکرتنی هێنانی تۆی کشتوکالیان داوە ... بیانۆی ئەم بڕیارەش ئەوە بوو گوایە ئەم تۆو مێوەجاتانە تووشی نەخۆشی کشتوکالی بوون وە « بۆ ئەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە لە ئێراندا بڵاونەبنەوە ئەم جۆرە بڕیارەبان دا .. »

کەسێك گوێی لەم جۆرە قسانە بێت وا هەست دەکات کەمیر موسەوی» زۆر بە تەنگی خەڵکەکەوەبەو لە بەر بەرژەوەندی ئەوان ئەم جۆرە بڕیارانە دەدات.!

بەڵام ئەوەی هەرگیز ناتوانرێت بشاردرێتەوە ئەوەیە لە تارانی پایتەختدا خەڵکی لەبەر نەبونی ئاوی خواردنەوە هاواریانە ئێرانیەکان لە بچووکترین خزمەتگوزاری بێبەشن پێویستە میر موسەوی بۆیان دابینبکات، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەهۆی پیسی «بیئەدەوروبەر» ەوە کۆچدەکەن ئەمراستیە بەرێوەبەری پاراستنی دەوروبەر دانی بیاناوە، گەلێکی کەش بە ئیفلیجیو جۆرەها نەخۆشیبان هەیە کەلەدایك دەبن .. کە هیچ پەیوەندیێکان بە سکماکیەوە نیە .! ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی جوتیارەکان گەلێك خراپە.. جا کوانێ بەرهەمی کشتوکال!! ئایا لەبەر چ هۆیەك ئەوانەی پەمو دەچێنن ناچاردەبن بیفەوتێنن یان لەناوی بەرن ، جا ئەمە ڕووی نەداوە .. ؟! دوای ئەوەی رژێمو دەزگاکانی رەفزی کڕینی بەرهەمەکانیان کردووە .. !! لە راستیدا « میر موسەوی » بڕیاری خۆیداوە .. چونکە دورگەی خەرگ وەکو جاران نەماوە .. پارەشیان خەریکە تەواو دەبێت ..!!

● فؤاد حسین ●

Institut kurde de Paris

ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

دووپاتی ڕێزو شانازی بۆ سوپای ئازاو نەبەزمان دەکەنەوە

ناظم دلبەند : لقی هەولێر
محی الدین طاهر وێنەکانی گرتووە

هەر لەرۆژی لەدایکبوونی ئەوسوپا نەبەزەی عیراق ، واتە بەرلە (٦٤)سال بوونی خۆی بۆمێژووو بۆسەرفرازی ئەمگەلە سەلماندووە خوێنی گەشی خۆی بەخشیووەو دەیبەخشێ لە پێناوی بەردەوام بوونی عیراقی سەربلند ...

ئەو مێژووە دوورو درێژەی کەسوپای نەبەزمان لە لایەرە سپیەکاندا بۆخۆی هێشتۆتەوە . ئەوە دەبەخشێ کەهیچ کاتێك ڕژێمی ئێرانی کۆنەپەرست ئەوخەونە زۆرداریەی نایەتەدی ... چونکە هەر گوللەیەکی سەربازێکی عیراقی گەورەترین کارەساتە بۆرژێمی ئاخوندەکانی ئێران ... لەم بۆنە پیرۆزەو پرلەشانازیەیە لەمەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان چاومان بەژمارەیەك لەبەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کەوت ..

● بەرێز محمد محی‌الدین ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

مێژوو هەموو شتێك دەستنیشان دەکات و دەینوسێتەوە ... لەمرۆژە پیرۆزەشدا ئەگەر لایەڕەی مێژوو هەلدەینەوە گەورەترین هەلوێست دێتە بەرچاومان کەئەویش ئازایەتی و شەرەفمەندی سوپای بەجەرگی عیراقە ...

سوپای عیراق هەر لەو رۆژەیەوە کەدامەزراوە بەبێ سڵەمینەوە بەرگری لەکەرامەتی عیراق و گەلی عیراق کردووە تادەگاتە ئەمرۆی سەردەمی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین کە سوپای نەبەز گۆرانکاری یەکی ئێجکار مەزنی بەسەرداهات لەهەموو لایەنێکی سوپایی و خۆشگوزەرانی وتەکنیکیەوە بەتایبەت لەم کاتانەی کە بۆ پێنجسال دەچێت بەرامبەر بەسوپای ڕژێمێکی ملهوڕی ودەکڕژێمی خومەینی ودستاودەپاریزگاری لەو سەربەرزی و ئازایەتی بەی دەکات کە هەموو جیهان دەیزانێ واتە دەبێ هەموو عیراقیەك لەکوردستانەوە تادەگاتە خاکی بەسرەی خۆڕاگر شانازی بەلوەی تفەنگی دەستی ئەمسەربازە ئازایانە بکات و هەمیشە بەچاوێکی پڕلە ڕێزەوە سەیری هەلوێستە بیاوەتی یەکانیان بکات لەسەرووی هەموو شیانەوە سەربازی بەجەرگی رۆلەی گەلی عیراق هەڤالی ئازا صدام حسین ...

● خوشکە نافعە عثمان ابوبکر ئەندامی ئەنجومەن دەڵێ :ـ

پێویستە لەمرۆژە پیرۆزەدا هەموو عیراقیەك چەپکە گوڵی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەمسەربازە بەجەرگانە بکات کەمێژووی سەرفرازیان بەرۆژی ئەمرۆ گەیاند ئەمرۆژەی کەهەموو گەلانی سەرروی زەمین بەچاوێکی پڕلە ڕێزو ئازایەتی یەوە سەیری سوپای نەبەزی عیراق دەکات ، ئەمەش بۆ گومان دەگەڕێتەوە سەر سەلیقەو ئازایەتی رۆڵەی بەوەفای عیراق هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین ...

سوپای نەبەزی عیراق وەنەبێ ئەم جەنگی ڕەوایەمان دژی رژێمی ئێران یەکەمین تاقی کردنەوەی بێ یان یەکەمین سەرکەوتنی بێ ، نەخێر جەنگەکانی پێشوو کەسوپای عیراق بەشداری تێداکردووە کەزۆرترین شایەدمانی ئەوراستی یەن کەراستی

سەرکەوتنی سوپای عیراقە .. جا حەقیقەتێك هەیە ئەویش خەباڵاتی فرۆفیڵاوی رژێمە بۆگەنەکەی تارانە .. وادەزانن سوپای نەبەزی عیراقە ئەوەندە زەعیفە بەسووکو ئاسانی لەناودەچێ .. نەخێر لەبیرەوەری ئەمرۆژە پیرۆزەدا زیاتر ئەم پیاوە بەجەرگانە لەسەنگەری مانونەمان بۆسەرفرازی دەژینو هەمیشە دروشمی یان سەرکەوتن یاخود شەهیدبوون دەکەنە شەهادەنامە .. هەزار چەپکە گوڵ بۆسوپای ئازا ...

● بەرێز توفیق اسعد شیتنە ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

گەلی کورد شانبەشانی هەموو گەلی عیراق بەشداری لەمبۆنە پیرۆزە دەکاو بەهەموو گەلانی جیهانیش رادەگەیەنێ کەسوپای نەبەزی عیراق خاوەن مێژووەو نابەزێ ...

سەربازی عیراقی ئەمرۆ لەهەموو رۆژێك زیاتر هەستبە لێپرسراویەت دەکات بەرامبەر بەگەلو نیشتمان .. چونکە وابۆ پێنجسال دەچێت کەئەم سوپا ئازایە بەرکری لەخاکو گەل دەکاتو بەرامبەربە چەندملیون ئێرانی وەستاوەو کەهەموو جارێکیش بەسەرشۆڕی بۆبارەگای مەلاکان دەیانێرێتەوە ...

کەواتە دەبێ مێژووی سەرفرازی ئەملاوە بەجەرگانە ، چۆن سەیر بکرێت ...

ئەمرۆش لەبیرەوەری دامەزراندنی سوپای عیراق دەبێ هەموومان شانبەشانی ئەوان بوەستین بۆ ئەوەی هەموومان ببین بەسەرباز بۆپاراستنی سنوری وولاتمانو کەرامەتی وولاتمان ..

● بەرێز خوشکە مریم زبرۆ ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

سوپای قارەمانی عیراق شایانی ئەوەیە کەهەموو دەمێك ستایش بکرێو دەستنیشانی مێژووی پڕلە شانازیبکرێ ... چونکە ئەوسوپا بەجەرگە بۆ ئێمەو بۆ هەموو جیهان ئاشکراکرد کەهیچ داگیرکەرێك بۆی نیە وولاتی عیراق داگیر بکات مادام سوپاو رۆڵەی بەجەرگ هەڤاڵ صدام حسین پاسەوانی ئەمووڵاتەن ... لەبیرەوەری دامەزراندنی ئەم سوپایە چەپکەگوڵ بۆسەربازی ئەمرۆی ناو سەنگەر .... سەنگەری شەرەفمەندیو کەرامەت ..

● بەرێز فارس محمد قادر ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

گەلی عیراق هەرلە سەردەمی زوڵمو زۆری پادشایەتی تا دەگاتە ئەمرۆ شانازی خۆی هەمیشە دووپات کردۆتەوە بۆسوپای نەبەز ، چونکە سوپای نەبەزمان لەهەموو کاتێك هەر خەباتگێڕبووە لەپێناوی دیموکراتیەتو سەربەخۆیی عیراق ...

وابۆ پێنجەمین ساڵیش دەچێ کە هەمان سوپای نەبەزو بەهەڵوێست بەربەرەکانی هێزی شەڕو کۆنەپەرستی رژێمی بەکرێکیراوی ئێران دەکات ، واتە دەبێ هەموو کاتێك ئێمە بەگیانێکی نیشتمان پەروەرانە بروانینە سوپای ئازاو دلێر .. لەهەموو بۆنەیەکی نیشتمانیو نەتەوەیی چەپکەگوڵ ئاراستەی ئەمهێزە بەجەرگە بکەینو لەهەمان کات پەنجەی ئافەرین بۆشەهیدە نەمرەکانمان درێژبکەین ...

● بەرێز فائق طاهر ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

لەجیاتی هەموو کرێکارانی پارێزگای سلێمانی ویسامی ئازایەتیو شانازی لەسەر سینگی سەربازەکانمان دەدەین لەیادی دامەزراندنی ئەمسوپا ئازایە ...

بۆکومان یادی (٦٤)ساڵەی دامەزراندنی سوپای نەبەزی گەورەترین مێژوومان بۆدەسەلمێنێ کەمللەتی عیراق میللەتێکی قارەمانە ...

جەنگی پێنجساڵەی پڕلە سەرکەوتنمان دژی رژێمی ئاخوندەکانی ئێران ئەوەی سلماند کەئەم سوپایە مەودایەکی دوورودرێژی لەبەر دەمدایە ئەم مەودایەش مەگەر تەنها شەهید بوون لێیان جیابکاتەوە ...

چونکە سەرەکی خۆشەوبست صدام حسین لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا پشتگیری گەلی عیراقو سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆرش بەرامبەر بەسوپای نەبەزمان دەنوێنێ ...

واتە ئێمە کەخاوەنی ئەمسوپا خاوەن هەلوێستە بین ، دەبێ هەموو خەونەکان پووچەڵ بکرێنەوە ...

● بەرێز ئازاد عثمان ئەندامی ئەنجومەن دەڵێ :ـ

لەمیادە پیرۆزەدا ئازانین بەچ خۆشنوودیو بەختیاری سەرکەوتنەوە پێشوازی لەجەژنی سەربازە ئازاکانمان بکەین ... چونکە پیاوانی سەربازی سەلماندیان کەمێژوو لەگەڵ راستەقینەیی ئەواندایە، لە گەورەترین جەنگ لەجیهاندا گردەوی خۆیان بردۆتەوە ، رژێمە خوێن رێژەکەی قومو تاران کەجەنگی کردۆتە پاڵپشت بۆمانەوەیان لەسەر کورسیەیە شلۆقەکانیان ، تائێستاکە نەیان توانیووە تەنها دەرفەتێك وەرگرن بەرامبەر بەسوپای نەبەزمان ،بۆیە هەموو گەلی عیراق پێوایەو بەیەقینەوەش ئەم سوپایە بە سوپای خۆی دەزانێو دەچێتە رێزی، تاکو بەگیانو دل لەپاڵ ئەمانداو لەپێناوی گەلو نیشتمان خۆی ببەخشێ ...

● بەرێز محمد صالح سلیم ئەندامی ئەنجومەن وتی :ـ

لەم رۆژە پیرۆزەدا دەبێ یادی هەلوێستی مەردانەی شەهیدە نەمرەکانمان بکەینەوە کە چۆن خۆیان بەخشیووە لەپێناو خاکی عیراق ... چونکە سوپای عیراق بەگیانێکی لەخۆبووردنو خەباتگێرانە لەکۆڕی جەنگدابووەو لەکۆڕی جەنگدادەبێ ، سوپای عیراق ئەوسوپایەیە کەمەلا خوێنرێژەکانی تاران چۆکیان لەبەریا دەلەرزێ ...

هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین بەهەموو جیهان رادەگەیەنێ کەسوپای عیراق بەرگری لەفیکرو لە عیراقو عیراقیەت دەکات ، چونکە ئەمخاکە خاکی خۆیانەو لەسەر ئەمخاکە لەدایك بوونیە ، پێویستە قوربانی بۆبدەن ، بەپێچەوانەی رژێمی ئاخوندی ئێران کە لە سایەی خوێنرشتنەوە ماون ..

شانازی بۆسوپای نەبەز لەمرۆژە پیرۆزەدا .

قەکولینەك ل سەر

کارگەها دهوك یا پەروکا

لپارێزگەها دهۆکێمە چاف پێ کەفتنەك لگەل ماموستا محەممەد عەلی حسین کر ڕێقەبەرێ کارگەها دهوکێ یا پەروکا و چەند ئاخفتنەك کرن سەر کار و بارێ کارگەهێ .

ـ پێك ئینانا کارگەهێ کەنگی بو ئایا ئەفە یەکەمین بارێزکەهە ئەف کارگەهە لێ دانایە .

● ل ساڵا ١٩٧٥ ئێکاری دەست پێ کربو بۆ ئاڤا کرنا ئاڤاهیێ کارگەهێ و پشتی تشتێت وێ دروست بوین ب ئاڤاهی فە و ماکینا فە دەست بەکاری کر و فەبو ٧ نیسانێ بیر هاتنا بونا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤبشکی ل ساڵا ١٩٨٣ ونەف کارگە هە هاتە دروستکرن ب ٣٫٧٥٠ سێ مەلیون و حەفت سەد و پێنجی هزار دینارا و ئەڤە یەکەمین کارگەهە ژڤی رەنگی هاتیە دانان د دەمەرێدا و ڤی بەرهەمێ فولکلوری یێ کوردی چێتکەت کودبێژنێ شەلو شەپك .

ـ بەرهەمێ کارگەهێ چەوانە وچەندرەنگا چێدکەت وچەندە بەرهەمێ وێ .

● بەرهەمێ کارگەمێ لدیف خاستنا بازاربیە کا بازار چەنەی و خازیت کوتیرا بازارا نافخوێ بکەت ورەنگێت بەرهەمی گەلەکن شەلو شەبکن ئەو ژی هەمی مەردزە ب نسبەت ١٠٠٪ و هەروەسا پەروکێت صوفی ژی چێتکەت وەکی چوخا و بەدلێت زەلاما .

ـ ئەرێ کارگەرێت هەرە ئێ پێش کێش کریە زێدە کو عیراق یا شەری مەیێ بیرۆز شەرێ قادسیا صدام دکەت دژی دوژمنێ خوین مێژکو بەرهەمێ جاکترین دزیدەترین بدەت .

● هندی داخازیا کارگەهێیە ش کرێکارا ١٥٣ و ٣٣ موچەخۆر و ئەف ژمارە هاتیە دانان بو ساڵا ١٩٨٤ بەلێ ژبەر سەروبەرێت ئەم تێدا دژین کوگەلێمە یێ شەرێ پاراستنێ دکەت دژی رژێما خومەینی د سەر ڤێ چەندێ کاربە دەستێتمە وەکی هەمی کارکەرێت عیراقی دەست تێك کرتن و بزاڤێ دکەن ب هەمی هێزا خو کو چ کیماسیێ نەهێلن برەخێ کاری ڤە و ئەم هەمی سەعەتێت زیدە ژکاری د کەین و ئەبنیا و عطلا ئەم کاری دکەین و ئەم هەمی بێ بەرامبەر .

ـ دەورێ کاربەدەستێت هەوە دشەرێ هەیێ بیرۆزدا شەرێ قادسیا صدام داچیە.

● کاربەدەستێت کارگەها دهۆکی یا شەلو شەبکا هەمی د ئامادەنە بو خۆ گۆری کرنێ بو ڤی وەلاتی ودبەردەوامن د پشك داریێ لگەل لەشکەرێ میللی و هەمیا پشك داریا کری د شەرێ قادسیا صدامدا و هەمبا یا بێش کێش کری کو سەعەتێت زێدە وئەینیا شولکەت بێ بەرامبەر ئەڤە هەمی باوەری پێ ئینانەبو گۆتنا ئەم دبێژبن

سەرکەفتنی .

هەمی دشت ژ بو

هەروەسامەیێ بو وان دانای تومبێل وان بینیت و دبەتە فە ئەوژی بێ پارە و دختور مەبێ بۆ دانای کو هەر گاڤ تێتە د ناڤدا و چارەسەریا نەخوشیێت وان دکەت و دەرمانا ددەتێ ئەوژی بهەروە . و ئەو کارکەرێ لبەر مەکینا شولدکەت کو دەنگێ مەکینا دچێتێ ئەوان ژی مخصصات بێتتایبەتی بێت هەبن .

ئنیەتێت هەوە بێت باشەروژی چنە یێت کوهەوە دقێت هوین بجهـ بینن .

● مە کەلەك خوزیێت هەین و مەدفیت ئەم بجهـ بین و سەروکاتیا پارت و شورەشێ و دڤی وەختی دا چاڤ دێریەکی مەزن لڤێ کارگەهێ دکەت و یێت بومە دانابن (١٦٠) هزار دینار بو مەکینێت نوی دانین و بو بێشقە برنا کارگەهێ داکو بەرهم زێدەتر لێ بێت د جوان تربت .

پشتی هنگیمە ئاخفت دگەل هەڤال صدیق صبری کرکۆت لبیش لجنا نەقابی فە و ئەو تشتێت هاتینە پێش کێش کرن بو پالەی هەمی لایەکی فە و دەدرێ لجنا نەقابی بو تێکە هاندنا پاڵا .

ل ناڤ کار کەهێ بخودا مەخارنگە هەکا دروستکری بۆ پالەیو و تومبیل مە یا بو بەرهەڤکری کو هەرو سپێدێ وان بینیت و ببەت و چەند خانی لێگفەکرن لسەر پالاو داکو نێزیکی مالێت خۆیێو مە ئنیەتە ئەم ئەردیژی دوەختەکی نێزیك لسەروان لێگفە کەبن ، و ودەورێت روشەنیری هونەری دبەر دەوامن بۆپالا . پشتی هنگیمە چاڤ بێ کەفتن کر ل گەل چەند کارکەرێت کارگەهێ .

١ ـ محەممەد یحیی خمو . کارکەرێ گێراندنا ماکینامە ئەز بێ لڤێ کارگەهێ شۆلدکەم ژ روژا ١٨ـ٤ـ ٩٨٣ و د دەمێ کو گەلێ مە بێ قارەمان شەرێ مەیێ پیروز شەرێ قادسیا صدام د کەت مەژی دەستب کارێ خو کر ب هێزەکا زێدە و ب بیر و باوەر یەکا زیدە بو زیدە کرنا بەرهەمی و بو باشتر کرنا رەنگێ بەرهەمی و ئەم د ئامادەینە بو هەر تشتەکی وەلاتێ مە بخازیت ژ هێزێ ژ خوینێ ئەم دێ بو ئەرزانکەین .

٢ ـ ماریا اسحاق هندو . کارکەرەکا زیرەکە لڤێ کارگەهێ و بترە ژ ساڵەك و شەش هەبقا ل کارگەهێ و دبێژیت . ئەم گەلەك بزاڤێ دکەین د کارێ خودا و مل ب مل لگەل برایێت خو ئەوێت ل سنگێ شەڕیو دەسیێت دوژوار نیشا دوژمنی د دەت و ئەم هێزەکا زێدەی هێزا خو د دەینە کاری بو خوجهـ کرنا سەرکەفتنێت وان و دا دوژمن بزانن هەر ئێك ژمە خەنسا بەکە و خەولا یەکە و سەر بازەکە د شەریدا .

٣ ـ رؤوف یاسین محمد . ئەم دبەر دەوامین ل سەر کارێ خو و بزیدە کرنا بەرهەمی و هێزاخو هەمیێ د دارێژین ژبۆ سەرکەفتنێ د کاریدا بەرامبەری وان سەرکەفتنا ئەوێت قارەمانێت عیراقێ د قادسیا صدام دا د کەت و ئەم ئامادەینە بو خو گۆری کرنێ بو ڤی وەلاتی .

٤ ـ فوزیە محمد علی مصطفی . ئەڤە بترە ژ ساڵەل و شەش هەبقا ئەز ل ڤێ کارگەهێ شولدکەم وروژ بو روژێ خو زیرەك دکەین

بروانە ل ١١

Institut kurde de Paris

ئەوانەی مردن ونامرن

عەلائەدین سوجادی

ئەمجارەش ئەبێ بڵێم کە دەستم دایە نووسینی ئەم زنجیرە ووتارە بە مەبەستی ئەمەگی وەفاداری و دۆستایەتی و هاونیشتمانێتی بەجێهێنان بەرامبەر بە ڕیزە کەسێکی جیاواز لە پلەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی ناوبانگ و ناسراویدا ، ناوی مامۆستا عەلائەدین سوجادیش لە ناو ئەو کەسانەدا نەبوو ، هەرگیز بە بیریشما نە ئەهات کە بە چەپۆکی ڕەشی مەرگ بەم زوویی یە لیمانی بسێنێ. زۆربشم مەبەست کە بەگەم ووشەم دەربارەی یادی پیرۆزی هەر لێرەدا بڵاو بکەمەوە .

(ع.م)

پێش ئەودی فرمێسك ووشك بێتەوە .
پێش ئەودی کفنی زەرد بێ .
با دوو ووشەی بۆ سۆزو عاتیفە بۆ مەرگی بیرێکی هەمیشە جوان بنووسم .

بەڵێ پێش ئەودی دەست بدەینە ئەو کتێبە کەورانەی و سەنگو تەرازووی زانستی و مەزووعی بۆ بخەینە کارو لە بەرهەمە فراوانە هەمە ڕەنگەکانی بدوێین . با چەند ووشە لە دڵی خۆمەوەو لەسەر زمانی ئەو کەسە وەفادارانەوە کۆ بکەمەوە کە تەرمییان ناشتو ئامادەی پرسەی بوون .

وا ساڵی ١٩٨٤ ڕەوانە دەکەین . زۆری نەماوە سەدەی بیستەم ماڵئاوایی لە تۆپی خڕی زەوی بکا، هەر لەبەر ئەوە تەرمی بیاوە گەورەکانی خۆی ئەنێژی و کەمیان تەسلیم بە چەرخی داهاتو ئەکات .

نزیکەی سەد ساڵ ئەبێ . جەرخی بێشوو حاجی قادری لە ئاواردیی بە خاك سپاردو ئەبدایە دەست چەرخی داهاتو ئێستاش ئەم سەدەی بیستەمە تەرمی بیاوێکی گەوردی کوردی بە خاك سپارد .

ئەی کورد . بیاوێکی گەوردمان لە کیس چوو .

ئەی کورد . عەلائەدین سوجادیمان لە بەغدا بە خاك سپارد چەند هەنگاوێك لەولای شێخ ڕەزای تالەبانی یەوە . لە گۆڕستانە پیرۆزەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی خێودتی بۆ ئاوات و ئازارو حەسرەتی ئاواردیی حەفتا ساڵەی هەڵدا . ڕۆژێ لەوە بێش دووا لاپەڕەی خۆشی بە دڵی خەڵك بەخشینی نووسی .

زۆرشتم بۆ مەرگی مامۆستا بێژە . چونکە من یەکێك بووم لەو شایەتانەی ژیان و سەفەری درێژو پانی ئەو ژیانەی کە لە نزیکەوە ئەمناسی . ئاگاداری زۆر سووچ و کونجی ژیانی بووم . هەستم بە ئاوات و مەرامی بەرزی ئەکرد .

سوجادی کورد بوو .

کەم کەسم دیووە ئەوەندە کوردی خۆش بوێ و ئاواتی بەرزی ئەو هەر بەرزیی کورد بێ .

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول

سوجادی عاشقی ووشەی پاك و جوان بوو ، زوربەی ژیانی خۆی لەگەڵ ووشەدا ، لەگەڵ خوێندنەوەدا ، لەگەڵ نووسیندا ، لەگەڵ دەنگو ڕەشی و گەشیی جابخانەدا بردە سەر .

کوردایەتی یەکی پاك ، بیرێکی پاك و سەر بە گەڵو خاك و مێژووو بێشکەوتن . لە دڵەوە خۆشویستنی کەسانی چەوساوەو دوژمنیی هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەك بوو .

نموونەم زۆرە . . .

لاپەڕەی گەلاوێژو نزارو هەموو کتێبە ڕەنگینەکانی شایەتن .

سوجادی زۆری نووسی ، باشی نووسی ، ووشەی کوردیی بە بەرگری لە کۆنە پەرستی و چەوساندنەوە بەد ناو نەکرد .

دڵی گەورە بوو . . .

جێی ئازاری هەموومانی تێدا ئەبۆوە . خەمی بۆ هەمووان ئەخوارد . بە خۆشی و سەرکەوتنی هەموومان دڵی شاد ئەبوو چەند جار دوو دڵۆپی فرمێسکی خەم یا خۆشیم دیووە کە بە چاویا هاتوونە خوارەوە . ئەو دڵە گەوردەی جێی ئەم هەمو خۆشەویستیی تێدا دەبژودو هەر لە منداڵیەوە ئاوارەیی بەداخی هەمیشەیی دڵی قرچاند بوو

بەرگەی هەموو ئەو ناخۆشیانەی گرت و کەشەو خۆشی بەخشینی لە دڵو زمانو پێنووسی دوور نەخستەوە . بەڵام دەردی جگەرسووتاندن لەم دوو ساڵەی دووابیدا بەو دڵەی و ئێراو خانەی سووتاند . سەبری سووندا ، لە لێدانی خست .

مامۆستا گیان :

تۆ لە هەموو کاردەسانێکدا دڵخۆشیت ئەدایەوە. کە کەوتینە ئەودی لە مەرگی «دانا»ی جوانەمەرگدا ووشەکانی خۆت بدەینەوە بە گوێتا ، فرمێسکت لێ شاردینەودو بە قولپی گریانێکەوە کە ترانای شاردنەودیت ئەما فەرموت :

— خەمی من بۆ دانا . خەمی یەعقووبە بۆ یوسف .

حەزمان ئەکرد خاکی کەنعانت کون بە کون بۆ بکەڕێین و کراسەکەی یوسفت بۆ بێنینەوە .

حەزمان ئەکرد نازو خۆشەویستیی دانات بۆ بخەینە سەر نازو خۆشەویستیی ئەوانیتر . بەڵام کەس جێی کەس ناگرێتەوەو لە ئاوارەییدا ناوارەی یوسفێك بووی کە توانای دیتنو بۆنکردنی لاشەکەیت نەبوو . دانات بە خاك سپاردو هێندەی نەبرد ئەو دڵە گەورەیەت کە زۆری دیبوو ، زۆر چەپۆکی گەردوونی دیبوو بەو کۆستەوە لە لێدان کەوت .

ڕاستە ئەڵێن سوجادی مرد ؟

ئیتر لەو شارە گەورەیەدا ڕوو بکەینە کێ دوو ووشەی پاك ، دوو ئامۆژگاریی بە نرخ ، دوو چیرۆکی گالتە ئامێزمان بە هیمنی بۆ بگێڕێتەوە .

کوردینە دیبووتان لاوان زۆر بە کول لەسەر تەرمی پیرێکی جیهان دیتوو تەمەن بەسەر بردوو بگرین .

ئەوەم لە مەرگی سوجادیدا دی .

مامۆستا زۆرم قسە پێیە . هەر کتێبە جێی چەند لێکۆڵینەوەیە . هەر تەجروبەیە شایانی چەندین تۆمارە .

زۆر بەخشندە بووی لە ووشە بەخشینا بەو گەلەی ووشەی پاك دەردی تیمار ئەکرد . بەڵام تەوازووع ڕێی گێڕانەوەی ئەو تەجروبە بەنرخە گەورەیەی ژیانی لێ دەگرتی . دەبنوو . . .

کەم بووین لە پرسەتدا . بەڵام هێڵی وەفاداریو بێ وەفایی ئاشکرا بوو لەوێدا ووتمان : زۆر جار لە پرسەدا خەڵکی لەبەر زیندووان دێنو خۆیان لەبەر جاوی ئەواندا ئەنوێنن : بەڵام ئەم دەیان کەسەی ئەو چەند ڕۆژە پێکەوە بووین هەر لەبەر نازداریی ئەو مەردە تۆراوە هاتوون .

شەرتە وەفا دروشممان بێ بەرامبەرت . تا ماوین ناوت ، کردارت بە بەرز بگرین . دووا ووشەی ئەم چەند هەستی دڵەم هەر ئەوەیە کە بۆ ئەو کەسەم نووسیبوو کە باوکی هەردووکمانت ئەزانی .

دارە ڕەشەکەی شەست ساڵەی مزگەوت
دڵ لە زەمینو سەر لە ئاسمان
پاش ڕەشەبای جەنگ ، ناسۆری زەمان
گەردەلوولی سەخت ، بە زامداری کەوت
وەك شێر نالانی ، سەراپا خوێنین
وەك هەاژی شەهید کەوتە سەر زەمین

★ ★ ★

بنوو مەردانە ، وەك لە ژیانا
ئەستێرەیەك بووی لە ناو چاکانا
کرداری جوانت ، دیمەتی پاکت
هەتا هەنایە وا لە دڵمانا

★ ★ ★

لەشکەرگی یە ؟

هشیار محمد حسن

— دهۆك —

● ژ زاردەقێ لەشکەرەکێ دلێر .. ببوونا ڕۆژا لەشکەرێ عیراقی یێ نەبەز ●

ئەز سەربازم — سەرفرازم
ژ بۆ گەلان — ئاشتی خوازم

گەل پەروەرم — دلاوەرم
بەدۆزا خۆ — بر باوەرم
لەشکەرم ئەز — دکەمە لەز
ژ بەر دوژمن — نا کەمە بەز
ئەز دجقم — قەد نا نقم
بشەڤو ڕۆژ — ئەز دلقم
ئەز پێنگاڤم — ئەز دەراڤم
دەرفەتم ئەز — پر بزاڤم
ئەز لەشکەرم — خەباتکەرم
زەحمەتکێشم — ئەز کارکەرم
ئەز دێهەستم — نا ڕاوەستم
خودان هزرو — بیرو هەستم
ڤا ئەز ڕابووم — بۆ پێشدا چووم
ژ کەڤندا — شۆڕەشگەر بووم
ئەزم چەلەنگ — ئەزم پێشەنگ
دەست بخامە — دەست بتفەنگ
هۆزانڤانم — شۆڕەشڤانم
بۆ وەلاتی — بە ڕەڤانم
ئەز ڕێبوارم — کارو بارم
خودان ئاخم — نە بێوارم
ئەز مەتینم — ئەز حەمرینم
زۆزکم ئەز — هندرینم
ئەز فوراتم — ڕۆژ هەلاتم
دیجلە مە ئەز — ژووردا هاتم
من نەڤێت ترس — من نەڤێت برس
پێ بزانن — لەو دکم پرس
کا تەناهی ؟ — کا ڕۆناهی ؟
خۆشە بهار — ڕۆژا ساهی !
ئەز کرنم — نە مرنم
ئینانم ئەز — نە برنم
ئەز وەك هەڤم — قەد نا ڕەڤم
نوی ڕۆژ ئەزم — نە ڕەش شەڤم

گەشتێك بە ناخی دەروندا

جەمال بابان

بکەمەوە نازانم شتەکەراستبوو یان نا وئابا ئێستاش ئەوە ماوە ؟؟

کەچوومە بەرزنجەزیوەر ئەفەندی (مەلا عبدالله)ی خوا لێخۆشبووبەریوەبەری قوتابخانەی بەرزنجەبوو ، کەتەنها چوارپۆلی هەبوو . یەکەم ڕۆژ کەلەگەڵ منداڵەووردکە چوومبۆلای قوتابخانەکەوە ، ماموستا زیوەر بانگی کردم لێی پرسیم تۆکێی دوای وەڵامم ، وتی شاگردی ؟منیش بەشاگرد نانەواو شاگرد قەساب تیکەیشتم ووتم نەخێر . بۆڕۆژی دواین کەباوکم بردمی بۆ (تسجیل) وتی ئەی بۆچی دوێنێ وتت من شاگردنیم ،وتم : ئەفەنی تێنەگەیشتم. من لەگەڵ علی کوری شێخعەبدولی سەرکاندا پیکەوە دائەنیشتین ولەسەر(رحلە)یەك ، دینە تۆزیك خۆم خەریك ئەکردزیوەرەفەندی زۆری خۆش ئەویستم. مامۆستابەکی ترمان بۆ هات ناوی (مجید ئەفەندی)بوو لامواەبرازای مەلای گەورەی کۆیەبوو ، لەبەر بێدەرامەتی ودەست کورتی میری ، باسای زەیل (ذیل قانون)یان داهێنا ، بەداخەوە مەجید ئەفەنی زوو بەر ەزیل کەوت وگەرایەوە . لەدوابیدا (مظفر) برازای ڕەشیدمەستی و برای (بەهادری ئەفسەر)یان هێنا ئەوبەمەعاشی ڕۆژانە ، دوای تەواوبوونی ساڵ ئەویش نەهاتەوە ، چوە دانشکای (حربیە)و نووبەئەفسەر .

بەهیمەتی زیوەر ئەفەتی، قوتابخانەی زاستی شەو لە بەرزنجەدا کرابەوە ،خۆی زۆرهانی خەلکەکەی ئەدا کە بخوێنن ، لەراستیشداژمارەیەکی باش کۆبونەوەو ئەهاتن بۆزانستی . زیوەرئەفەنیش ئەمشیعرەی بۆڕێك خستن وکردی بەگۆرانی :

ئەهلی دێی بەرزنجە ئێوە هەموو —
دەوەرنە پێشێ یەك بەك ڕوو بەڕوو
بزانن خۆیندن ، چجوهەریکە —
هەرحەرفی بەفەددانە دوورێکە
لەسایەی مەکتەبی شەودێکەمان —
بووەبە منبعی علمو عیرفان .

دیسانەوە ئەم هەڵبەستەشی هەر بەسەر بەرزنجەدا هەڵداو پێی ڕەوان کردین کەئەڵێت :

خاکی بەرزنجە چەندە دلگیرە
جیگەیی (قطبو ئەولیاو پیرە)
ڕەیی ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ
مەنبەعی علمو فەیزی مەولابێ
شاخەکانی بەرامبەرو خەشنۆ
خۆشترن سەدلە لاهیجان وشنۆ
وەتەنێکی عەزیزە بۆمنو تۆ
مەسکەنی کوردە ڕەبین ئاوابێ
کورەکاژاوو شاخی مایاوە
سەیری دەشتی هەموو جەلای چاچوە
جەنەتە خوا بەئێمەی داوە
وەتەنم خۆشەویستە ، ئاوابێ
زەردەبین ڕۆژئەدا لەسەرشاخی
سوور ئەبێ بەفری وەك گوولی باخی
سپیو زەردوو سوورە بەبداخی
ڕەبین ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ
منظرەی بارشی بەهارانی
هاژەیین ئاوی بەفری شاخانی
شاخی ئەگەم بەقوربانی
ڕەبی ئەمخاکە پاکە ئاوابێ

بێ گومان مەبەسی لە (قطبو ئەولیاو پیر) شێخ عیسێو شێخ موسێ وکوررو کوررەزاو وەچەیانە کەزۆریان پیاوی ئایینی بەرزو زانای دین خاوەنی کردەوەو ڕەفتاری پەسەندبوون . ئنجا مەبەسی لەوریمەنە جوانانەی جیاکانی (کوررە کاژاوو مایاوا) کەلەهەموو وەرزیکدا ئەوەندە جوانو ڕەنگین بوون پیاو لەتەماشاکردنیان تیری نەئەخوارد .

مامۆستا زیوەری خوالێخۆشبوو ئەمشتانەی پێڕەوان ئەکردنی بەڵام زۆری بۆئەکردین بە (شیعر)و لەشێوەی هەڵبەستدا پێی ڕەوان ئەکردین لەبابەت سنووری عیراقەوە ئەمەی پێئەووتین :

سنووری عیراق ، شەرقی ئیرانە
غەربی سووریە ، هەرییابانە

بڕوانە ل ١١

حەیرانوك

● ئامادەکرنا ●

عدنان حسن

زوزانا بێمو زوزان شینە
ڕەوەشا زوزانا سەرەکانینە

★ ★ ★

زوزانا بێمر زوزان چارن
ڕەوەشا زوزانا ئاڤێت سارن

★ ★ ★

زوزانا بێمو زوزان شینە
ڕەوەشا زوزانا بەتیلێت بەفرێنە

★ ★ ★

حەیران جینە زوزانا بێکەنە
داکەبروکا چێکەن سەرێك ڤە
هەکو ساربو دێ خرکێشینە بەر ڕێکە

★ ★ ★

دێ میسل بێمر جرێ بەستی
حەیرانێ تێستو قەلەمێ دەدەستی
خوزی من زانیبا دا من خەلەکەك
چێکربا کربا دەستی

★ ★ ★

حەیرانا بێمو حەیران حەیرانە
ودرە مالا مە ڕوینەو نەکەنە
خەلك شەیتانە شکا ژمە دبەنە .

تێبینی

من ئەف حەیرانوکە با ژرار دەڤێ (حجی سعید) ودرگرتی . ئەو ژی خەلکێ گرندێ (ردێنیا)یە لەفزا ئامێدیێو ژیێ وی (٦٥) ساڵە . سوپاسیا وی دکەم . .

★ ★ ★

Institut Kurde de Paris

لە یادی دامەزراندنی

سوپای دلێرو سەرکەوتووی عیراقدا

شفیق محمود جاف

گەلی عیراقی خۆشەویستو سەرکەوتومان .. هەموو ساتێك بەبۆنەی یادێکی مەزنو پیرۆزەوە ، کە یادێکە لە دویەها یادان ... لەبەرواری «٦»ی مانگی کانونی دووهەمدا ـ ئاهەنگی یادی جەژنی یکەکەم رۆژی دامەزراندنی سوپا قارەمانو دلێرەکەی ئەگێڕێ ..

یادی رۆژی نیشانەی رزگاریو سەربەخۆیی‌و سەربەستی عیراق . یادی ئەو رۆژەیە کە لە ئەنجامی خۆبەخت کردنی رۆلە بەجەرگو چاونەترساوەکانی گەلی عیراق ـ لەباکوەوە هەتا باشور خوێنی بێگەرد و ئالی خۆیان بەخشیوە دژی داگیرکەر و بێگانەو بێگانە پەرستی . لەبێناوی رزگاریو سەربەخۆیی نیشتمانو گەلی عیراقی پیرۆزماندا ..

سەرەك پێشەوای بەڕێز هەڤال تێکۆشەر صدام حسین . لە وتارێکی گرنگیدا ـ لە ئاهەنگی لە ئاهەنگەکانی جەژنی سوپای دلێر و قارەمانمادا فەرموێنی ..

ئەی هەڤالان لە ریزی هێزکانی سوپای چەکداری دلێر ..

«ئەمرۆ .. بەبۆنەی جەژنێکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆشەویستەوە ـ ئاهەنگ ئەگێڕین ... ئەوەش بەبۆنەی جەژنی سوپاوەیە .. ئەمرۆ ئەو رۆژەیە کە یەکەم بنکەی سوپای دلێرمان دامەزرا و ئێوەش لە ناو ئەو گەل و نەتەوە کەمانەن کە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ ئەگێڕن . بەبێ ئەوەی هەست وبیر لەوە بکەنەوە لە یادکردنەوەیدا ـ کە روژێك لەرۆژان سوپاکەی شکستی هێناوە .. یان تووشی هەڵویستێکی لاوازی بووە کە لە ئەنجاما بڵێن .. بریاو خۆزگایا ئەمەش نەبوایا ..

با هەمیشە بەردەوام بێت جەژنی سوپاکەتان، کە رابردوو و ئێستای نیشانەیکی دردەوشاوەی بێگەردە لەناو چاوانیدا .. بەڵێ ئەی برایان .. مێژووی سوپاکەتان مێژوویێکی سپیو پاك بێگەردە. بەهیچ شێوەیەك هەڵوێستی سلبیشی نیە کە لەسەری تۆمار بکرێت ... ئەوەش کە شانازیێکی ئاساییەو گومانیشمان نیە کە زۆربەی نەتەوەکانو گەلان . لەو هیوا و ئومێدەو ئاواتەدان کە سوپاکانیان ئەم چەشنو شێوە بن .

سوپاکەمان وەئەبێ لەسەرەتای شۆڕشدا دامەزرا بێت .. بەڵکو یەکەمینی بنکەکانی لە دەیەها ساڵانی پێشوودا دامەزراوە ... لەژێر سێبەری بارو دۆخو رژێمێك کە پێویستی هەبووە بەرەوتی راستو ردوشت باشیو نیشتمان پەروەریو دادوەری بە هەموو واتاکانیەوە .. سوپا لە ژێر سێپەرێکدا دامەزرا بۆتامانجێکی تایبەتی بەڵام خەباڵیان خاو بوو .. قەواردی دامەزراندنی سوپاکەتان هەمان چەشنو دربڕینێکە لەروحی گەل .. دوور لە هەموو نەخۆشیەکانی کە ئمپریالیزمی داگیرکەرو کلکو بەکرێ گیراوەکانی و رژێمە بە هەڵە چووەکان هەوڵیان دەدا و پلانیان دادنا بۆ ئەوەی بێوەبێت . لەبێناوی وەدی هێنانی مەبەست و ئامانجە چەپەڵەکانی »

هەرواش گومانی نیە ... باسا و پێرەوی سەربازی لە شارستانێتی عیراقدا ، زۆر زۆر کۆنە شێوەی رەسەنی عیراقی پیرۆزو خۆشەویستمان .. لێرەدا پسپۆرانی تایبەت بە زانستیو زانیاری ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە شای بابلیەکان «حمورابی» لە یاسا ناوبانگەکەیدا «مسلە حمورابی» باری سوپای تۆمار کردووە لە روی رێکخستنی پەیوەندایێتی کەسی سوپایی ـ لە سەربازان و ئەفسەران لەگەڵ یەکدا و پەیوندییان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی شارستانیەتدا ، لەو کاتەدا سوپا لە لوتکەی بەرزی رێکخستنو ئامادە کردنیدا بووە .

بەم شێوەیە .. خاکی عیراقی لەدێر زەمانەوە خاوەنی گەورەترین شارستانیەتی بووە لە مێژوودا .. لەوکاتەدا کە مەشخەڵی زانستیو زانیاری هەڵگردووە و تێگرای جیهان لە تاریکیێکی رەشو دواکەوتوویدا ئەژیا لە هەموو رووەکانی ژیانەوە ، بەتایبەت لە رووی زانستی و زانیاریەوە .

وولاتو نیشتمانی عیراقی پیلاژمان بەردەوام بووە بەشێوەیێکی هەمیشەیی لە هەڵگردنی مەشخەڵی زانیاری . هەتاگەیشتە رادەیەك کە رۆشنایی مەشخەڵە زانیاریەکانی هەموو جیهانی گرتە بەر و رۆشن کردوە کە لە ئەنجاما بووە سەرچاوەی زانستی و زانیاری و شارستانیەتی کە هەموو گەلانی جیهان رووبان تێدەکرد . .

بەراستی .. وەئەبێ سوپای دلێر و قارەمانی عیراق ـ تەنها لە پێناوی عیراقدا دامەزرا و هاتە کایەوە . بەڵکو لە پێناوی پارێزی کردنی هەموو خاکی نەتەوە بووە .. وەك دیاری داوە لە ساڵی «١٩٤٨»دا، کە بەشدارێکی سەرەکی و راستەو خۆ بووە لە جەنگەکانی فەلەستیندا ـ دژی رایونیزمی داگیرگەر ـ لە ناوچەکانی «جنینی .. کیشر ... کوکب الهوی .. هەلەتەکانی کوفتش ... کفر قاسمو چەندەها ناوچەی تری لە فەلەستیندا . .

شۆڕشی «١٧ـ٣٠»ی گەلاوێژی پیرۆز ..

لە ئەنجامی خنکاندنی بووکی شۆرشان ـ شۆرشی ـ ١٤ی ـ رەمەزان ـ ٨ مانگی شوباتا ـ لەوەرگەراندنە رەشو ناپاکەکەی رژێمی عارفی لە روژی «١٨»ی تشرینی ساڵی «١٩٦٣»گەلی عیراق دووبارە کەوتە ژێر باری ناڵەباریو دەربەدەری و زوڵمو زوریدا .. بەتایبەت هەڤال تێکۆشەرەکانی بارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستو رزگاریخوازانی عیراق .. ئەو رژێمە کە مەبەستی پاکوداتێکی تەواوی هەبوو بەو تێکۆشەرانە ، ئەبینینی . وەك دەرکەوت دەربەگایتیو بەکرێ گیراوی ئەو رژێمە گەیشتە لوتکەی خۆبەدەستەوە دان بە ئمپریالیزمو بێگانەکان بەڵام پاش ئەو هەموو ناڵەباریە و کردەوە ناڕەوایە کە دژی خەباتگێڕانی عیراقی دەکرا ـ بەتایبەت هەڤالانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. سەرورای ئەو هەموو کردەوانە ئەو تێکۆشەرانو خەباتگێڕانە کۆلیان ئەدا و لە تێکۆشانو خەباتی نرێنی خۆیان نەکەوتن .. ئەوەبو لە بەرواری رۆژی «١٧» گەلاوێژی «١٩٦٨»دا بەسەرکردایتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. بەرابەری سەرەك پێشەوا هەڤال تێکۆشەر صدام حسین .. شۆڕشە مەزنەکەمان سەرکەوت بە گۆڕکردنی حوکمی خێزانی عارفی هەتا هەتابە .

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی «١٧ـ٣٠»گەلاوێژی مەزن ... سوپای عیراقی خۆشەویستمان بوو بە دامەزراوەیێکی شۆڕشگیری بۆ خزمەتگوزاری جەماوەرانی گەلی عیراقو بەرکری کردن لە بەرژەوەندیەکان و مافرەواکانی . بەرابەری سەرەك پێشەوا ـ هەڤال تێکۆشەر صدام حسین . لە پێناوی بتەو کردنی و چەسپاندنی فەرماندەیی حزبو شۆڕش بەسوپاوە . شان بەشانی پاڤژ کردنەوەی ریزەکانی لە کومان لێکراو و خزاوەکان و پیلان گێڕەکان و بلاو کردنی بیرو باوەڕی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و رۆشنبیرێتی نەتەوەیی و سۆشیالیزمی لە ریزی ئەندامەکانیدا .

بێگومان .. لەماوەی «١٢» ساڵدا ـ لە تەمەنی شۆڕشی «١٧ـ٣٠» گەلاوێژی پیرۆز . هەرێمی عیراق ـ بەسوپا و شارستانی ـ گەورەترین پەردسەندنی بینی لە کشت روو و ئاستێکدا . هەتا گەیشتە رادەیەك ئمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانی مەترسیێکی گەورەی پەیدا کرد بەرانبەر بە ئەم چەشن و بەرەسەندنەی عیراقە ، بەتایبەت پەرەسەندنی سوپای عیراق لەم ماوەکەمەدا ، ئەوە بوو کە هەستان بە رێکخستنی پلانێکی چەپەڵ دژی عیراق بە هاندانی رژێمی خومێنی و پشتگیری کردنی بۆ دەستدرێژی کردن بەسەر خاکی عیراق ، لەگەڵ ئەشدا سەرکردایتی پارت و شۆرەش لە عیراقی شۆڕشدا چەندەها جار ئاگاداری رژێمی ئێرانی کرد کە ئەنجامەکانی ئەو دەستدرێژیە دەبێتە هۆی ئاگر بەردان بەناوچە ، ئایا وەڵامی رژێمی ناخونەکانی ئێران چی‌بێت .. !!؟ وەئەبێ سوود لە ئامۆژگاری و ئاگادار کردنی عیراق وەرگرێت .. بەڵکو پتر ئاگری نا بە ناوچەوە لەنێو دەستدرێژیەکانیەوە .. هەمان شێوە سەرکردایتی عیراق لە پیشنیارەکانیدا بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاگاداری ئێرانی کردوە .. بەڵام بێمێشکی و خونەناسی و لەخوبایی بوونی دام و دەزگاکانی ئاخونانی رژێمی ئێرانی خومینی هەموو بانگەوازەکانی عیراق و دەوڵەتان و گەلانی ئاشتی خوازی جیهان و نەتەوە یەکگرتوەکانی‌بەدواوە دا و گوێی نەدایا ئەنجامەکانی پاشەرۆژی دەستدرێژیەکانی لەو بیرو باوەڕەدا بوو کە سەرکردێتی عیراق لە رووی بێتوانایەوە ئەوشێوە هەوڵەی دەدا لە هەمان کاتیشدا لەو بروایەدا بوو کەداگیر کردنی عیراق زۆر ئاسانە ، بەڵام سەرکردایتی پارت و شۆرش لە هەرێمی عیراقدا لەژێر باری ناچاریدا ـ لەپێناوی بەرکری کردن لە نیشتمانی عیراقی پیروزمان ـ کەدەرگای رۆژهەڵاتی نەتەوە و نیشتمانی گەورەیە وەڵامی ئێرانی دایەوە.. ئەوەش کە پێویست بوو بۆ دوور خستنەوەی هێزەکانی ئێرانی لە سنوری رۆژ هەڵاتی عیراق .. ئەوبوو لە رۆژی «٢٤»مانگی رەزبەر،ایلول» دا ـ ساڵی«١٩٨٠» وەڵامی دەستدرێژی و دوژمنکایەکانی رژێمی ئێرانی دایەوە بەلێدانی هێزدکانی ئێرانی بەشێوەیێکی توند و تیژی و داگیرکردنی چەندەها شار و دێهات و بنکە و مەڵبەندە سوپاییەکانی ئێرانی و گەیاندنی زیانێکی هەرە گەورە بەسەر و مالی هێزدکانی ئێران ـ تەنها ئەوەش لە بێناوی دوور خستنەوەی هێزی بەکرێ گیراوی رژێمی خومینی لەسنوری رۆژ هەڵاتی عیراق .. ئەك بۆداگیر کردنی هەمیشەیی و بەردەوامی و مانەوەی هێزەکانی عیراقی لەو شار و دێهاتانەدا .. وەك سەرەك پێشەوا هەڤال تێکۆشەر صدام حسین لە وتە بەنرخەکەیدا ـ فەرموێنی « ئێمە شەرخوازنین .. بەڵام جەنگ بەسەرماندا سەپا .. ـ ئەبێ بەم شێوە و چەشنە وەڵام بدرێتەوە » .

بەڵێ :ـ سوپای قارەمان و دلێر و سەرکەوتومان .. بەرابەری سەرەك پێشەوای چاونەترساومان .. شۆڕە سواری گەل و نەتەوە .. هەڤال تێکۆشەر صدام حسین ـ سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق بە درێژایی چوار ساڵ و چوار مانگ . لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ـ رۆژ بەرۆژ زیدەتر سەرکەوتنەکانی تۆمار دەکات لەسەر لاپەرەکانی مێژووەکەیدا .. بەسەر هێزەکانی ئێراندا کە رووی کردۆتە شکستی هێنان لەژێر لێدانی بەردەوامی هێزە قارەمانەکانی دووهەم قادسیەدا ـ قادسیەی صدام ـ هەتا گەیشتمان بەمافرەوایی و دادوەری و شەرەفمەندی خۆمان لەژێر ئالای یەکێتی و سەربەخۆیی و سوشیالیزمیدا ـ بەسەرۆکایتی سەرکردەی دلێرمان سەرەك پێشەوا ـ هەڤال تێکۆشەر صدام حسین ـ ..

● پیرۆز و هەمیشە بەردەوام بێت یادی پیرۆزی « ٦٤» ساڵەی دامەزراندنی سوپای دلێری عیراق . .

● هەزار سەلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی عیراقی سەرکەوتوومان ..

● سەلاوێکی گەرم و رازاوە بە چەپکە گوڵێکی رەنگا و رەنگ و بۆن خۆش ، بۆ سەرەك فەرماندە و قارەمانی گەل و نەتەوە ـ رابەری سەرکەوتنەکانمان ـ هەڤال تێکۆشەر صدام حسین ـ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانمان .

● سەرکەوتن هەمیشە بۆ گەلی عیراقی دووهەم قادسیە ..

● ـ مردن و سەرشۆری و رسوایی و رەو رەشی بۆ رژێمی ئێرانی خومێنی و دام و دەزگا درندەکانی و هاوپەیمانەکانی ـ لە ئمپریالیزم و زایۆنزمی جیهانی و ئەو رژێمە ناپاکانە کە خۆیان بە عەرەب داناوە و هاریکاری دەکەن بۆ پشتیوانی کردنی رژێمی خوێن رێژ و دوژمنی عیراق و نەتەوە .

پێشکەش

دیاری بۆ جەنگاوەرێد دلێر

● هشیار محمد حسن ●

دهۆك

پێشکەش .. پێشکەش .. جەنگاوەرا
هێرشە .. سەرکەش .. دلاوەرا
دوژمنا بشکێنن .. پێشفە هەڕن
شۆڕەشە .. بجڤن .. خەباتکەرا

★ ★ ★

چەپەرێد دوژمنا بکەنە گوور
خۆپەرێس نەمینن ل ژێرو ژوور
بکوژن پاشڤەڕۆ و دیقەلانکا
دیاری بۆ وەلات ئەو خوینا سوور

★ ★ ★

بۆ وەیە سەرکەفتن بۆەی دلێرا
بدەنە سەر شۆبا شۆڕەشگێرا
کاروانێ زانینا مرۆڤاتی
دانە ڕێ گەهشتن هەیڤو ستێرا

★ ★ ★

خۆرتینۆ هەرنە پێش بخەبتن
بلڤن .. بزڤن .. نە تەبتن
سازبکەن ئازادیو سەرفەرازی
بن‌دەستی .. پێپەستی وە نەبتن

★ ★ ★

بۆی سوپای دلێری عیراق

٦ی کانوونی دووەم جەژنی سوپای ئەبەزو قارەمانی عیراقە وەکو ئەم‌رۆژەو لەساڵی ١٩٢١ سوپای عیراقی دامەزراوەبەدرێژایی ٦٤ ساڵ قەڵایەکی پتەویان دروست کردووە بۆپاراستنی سنووری عیراقو گەلی عیراق ، لەم رۆژەسلاومان بۆ هەموو سەربازو ئەفسەرەکانی عیراقە ،سلاومان بۆ جەنگاوەرانی سوپای میللی ، کەپاڵپشتی‌پتەوی سوپای عیراقیەو شان بەشانی ئەوانلەبەرەکانی جەنگدا تێکۆشاونو چاوەرێ دوارۆژێکی رووناکن بۆ وەلاتەکەیان شەو ئەدەن‌بەدەم رۆژەوە بۆ ئەوەی دوژمن زفەربان پێنەیاتوپیان نەبەتە ئەم دیوی سنووری ئازیزوپارێزراومان ...

ئەی سوپای قارەمانمان، ، ئەی سەربازە بەجەرگەکانمان لەم جەنگە پیرۆزە، جەنگی قادسیەی صدام دەوری شەرەفمەندی خۆتان چەسپاند ، عیراقتان لەدەستی دوژمنی ئێرانی چاوچنۆك پاراست ، بەسایەی ئێوەوە عیراق هەمیشە سەربەرز دەمێنێتوەو قەد نابەزیو سەر شۆر نابێت، دەستە ئەژنۆ بەرامبەریان دانانیشن بەرەنگاریان دەبنەوەو رەتیان دەکەنەوە چونکە لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆز دەجەنگن ...

خومەینی جادووکەری تەلەکەبازو ئەو هەموو ئەو هەموو تەماحکارانەی چاویان بریوەتە سەر گەشە پێدانو پێشکەوتنی وولاتەکەمانو بەخیلی بە ووریاییو هۆشمەندی کەلەکەمان دەبەن ، ناتوانن عیراق بەم جۆرە پێشکەوتنە ببینن کەوا وولاتێکی خاوەن شارستانی‌یەکی کۆنەو رۆلە بەوەفاکانی لەبەخشش کەم تەرخەمی ناکەن تەنانەت سەرو مالی‌خۆیان بۆ سەرکەوتنی عیراق دادەنێن، دوژمنو تەماحکارەکان چاویان بڕوابی نادات ببینن عیراق خاوەن سامانێکی دەولەمەندەو دەستی کردووە بە تەکاندنی تەپوتۆزی دواکەوتن بۆچەندها ساڵ کە سەرتاپای گرتبووەوە ، دەستی کرد بەدامەزراندنی کارگەو پیشەسازی خۆی کەشەپێدا دەستی‌کرد بەچاندنی کێڵگە کەبەشێوەیەکی سەوزو درەوشاوە دێتە بەرچاو . ئەمەش خیرو بەرەکەتی عیراق دەگەیەنێ لەبال ئەم هەموو پێشکەوتنانە قەلەم وزانین دەکاتە رووناکی یەك بۆ هەموو رۆلە ئازاکانی ، کەبنیاتنەری کۆمەڵن .

لەبەرئەم هۆیانە ، خومەینی دەیەوێ درێژە بەم‌جەنگە بدات‌و شەڕ رانەگرێت ، بەڵام یا ئەوە بزانێت ئێمە بەسایەی سوپای قارەمانمانو بەووزەی بەرزیانەوە لەجەنگ ناترسین لەهەر کاتێکدا بی ئێمە حەز لەئاشتی دەکەین چونکە مرۆڤین وهەستی مرۆڤایەتیمان بەرامبەر یەکتری هەیە .

عیراق بەهێزترەو لەسەر حەقەو بەتواناترە چونکە سەرکردەمان (صدام حسین)ەو وسوپای بەجەرگمان هێزو توانای لە صدام حسینەوە وەردەگرێ ، خومەینی با بەردەوام بێ لەجەنگدا وجەنگاوەرە بەجەرکەکانمان هێزی دەزمنی ئێرانی تێك‌و پێك دەدەنو سەربان لێئەوەشێنن .. باخومەینی گوێ بگرێ وببینێ ئەوەی سوپای پاڵەوانی عیراق دەیکات ، ئەو کانە جەنگ نامێنێو درێژە بەجەنگ نادات ئەوکاتە تۆبە دەکات ، بەڵام کوردوەتەنی تۆبەی گورگ مەرگە ...

سمیرە محمد علی

وڵاتی من

«پێشکێشە بو سوپایێ عیراقێ یێ دلێر ل روژا بوونا وی » .

ژ بیرا خو نەبە ئەوان روژێت لتە دبورن
خو هشیار کەمانێ هەردێ لتە زڤرن
نرینا شێرو پلنگا ژ دولو نهالێت دەردکەڤن

★ ★ ★

قەد باوەر نەکە ئەز بهێلم دوژمن یاریا بتەبکەت
ئەز ناهێلم لسەرێ چیابێت تە ئاگرا بخو هەلکەت
ئاڤار یارو کانیت تە شێلی بکەت

★ ★ ★

ئەو چ روژ بوون سەر تەرا بورین بەرێزو شینی
نێ ئەو روژ بوو یێت بێ خودانیو بێ سەمیانی
هەمیا ئێك دوو گرت بئەڤینی
ئەو روژ دێ ئێتو هەر دێ بینی

★ ★ ★

سەرباز
نصر الدین حمید

Institut kurde de Paris

سوپای عیراق

● سوکەرەم رەشید تاهەبانی ●

سوپای عیراق ، سوپای گەلە . .
سوپای هیوای ئاسۆو کەلە . .
سوپای هێزە . .
سوپای ڕۆژی زۆر ڕووناکە !
خۆنەرستی خاکو گەلی . .
لەدایە !
هەناسەی بیروباوەڕە ،
دڵی ئەڕە ،
شمشێری تیژ ، شێری مەیدان
پارێزەری ئەم ئالایە !
گوللەی توندی سنگی هەموو ناحەزانە
درکو چەلەی چاوی دوژمنانە
شووڕەی پۆلاو
پاسەوانی زۆر بەجەرگی نیشتمانە
ڕاڵەی ڕۆژی تەنگانەیە . .
دەمشکێنو لووتشکێنی بێگانەیە !
سوپای عیراق ، سەربازێکی زۆر بە جەرگە
ڕاتبنەرێ، خێلی مەرگە !
دەست بە چەکو بە تفەنگە . .
مەردی ئاشتیو
مەردی جەنگە !!

* * *

سوپای عیراق . . سوپای هێزی بازووانە
دەرەختێکی بەرهەمداری
گەلایانە !
سێبەری بۆ دەشتو دەری نیشتمانە !
دەستی هێزی لە گەردنی
پاکی خاکدا . . تێکئالاوە !
ڕەگو ڕیشەی بە
هێزی خۆی . .
لەناو جەرگی خاکی باپیراندا . .
داکوتراوە !!
بەروبووی پاراستنو بنیاتنانی . .
لە ئشت لایەك . .
هەڵپژراوە !
ناوبانگێنەری فیداکاری
پڕ جیهانە ،
سوپای ڕواو ناخی پڕ ویژدانە . . !
سوپای نازای خۆبەختکەری گەردو خاکی . .
نیشتمانە !!

* * *

سوپای عیراق ، وەك قەڵغانە . .
تیری تیژی سەری دڵی . .
ڕەقو کینە لەدڵانە !
سەردێژی نوێی سەدان کاری
پاڵەوانێتیو داستانە !
ساڵەهایە . .
گوللەی پیرۆزی بەرگری
لەنێو لوولەی تفەنگدایە !!
بەخوێنی گەش . .
خاکی پیرۆزی نیشتمان . .
خاکی پیرۆزی باپیران . .
لە شاڵاوی دوژمنە بێئەمەکەکان
دەپارێزێت !
لەسەر بەردو تاوێری ڕێی نیشتمانەدا
خەونە ڕەشە پووکەکانیان . .
وا دەنێژێت !!
لە بەرگری سەربەرزیدا
هەنگاوی نوێی سەربلندی
دەهاوێژێت !!
لاشەی زۆری دوژمنەکان
بەبێ ئەژمار
لەسەر سنوور
بە خۆراکی قەڵو دانی چۆڵان دەکات !!
وەك شۆڕەسوار . .
بەرەو مولگەی ناحەزەکان . .
لە ئاسمانو دەریاو ووشکانیدا . .
هەنمەت دەبات !!
بە تفەنگو چەکی باوەڕ . .
مێشکی ڕیووچی بێمێشکەکان . .
پێشێلدەکات !!
ئالای بەرزی خاکی پیرۆز . .
لە مەیدانی جەنگی ڕەوای نیشتمانەدا
گورج هەڵدەکات !!
مژدەی سەوزی سەرکەوتنێك
دەباتەوە !!
کە گوڵخونچەی بەهارێکمو
لەنزاری تێکۆشاندا . .
دەمی خۆزگەی ئومێدی ڕێ . .
دەکاتەوە !!

* * *

سوپای عیراق ، سوپایەکە وەك هەتاوە
تیشکی هێزی پڕ لە تاوە !!
پرشنگەکەی بەسەر پەلکو سنگی خاکدا
دارژاوە !!
سوپای عیراق ، شووڕەیەکی پۆلایینە
ووزەیەکی زۆر بەتێنە
دەستی بڕوای . . لە قەد باڵای
گەردو خاکی باوباپیران . . تێکئاڵاوە !!
تاجی هیوایەکی دێرینە
نیشتمانی شۆڕەسواران . .
لەسەر سەری خۆیی ناو !!

خانەقین ٥-١٢-١٩٨٤

ئەی بیرهاتنا ٦٤ یا لەشکەرێ عیراقی

کارتێت پیرۆز باهێ ل شەرکەرێت عیراقی ل دەوکێ

ب هەلکەفتنا بوریسا شێست وچوار ساڵا ل سەر دامەزراندنا لەشکاری عیراقی یێ قاهرەمان - لەشکەرێ قادسیا صدامی یا سەرکەفتی کورێت مللەتێ عیراقی یێت شەرکەر ل هەر درەکێ ئەمژوکە دراوەستایە بەرامبەر دوژمنێ ئیرانی - دوژمنێ دراوەستایە بەرامبەر دوژمنێ ئیرانی - ئو ل پارێزگەها دهوکێ چەند کارتێت پیرۆزباهیێ گەهشتنە مە ژ شەرکەرا بیۆ لەشکەرێ مە یێ بەهلەوان : لەشکەرێ صدام حسین .

ل فەوجا ٣٨ ئا سفك ل ل ددەرا تکر - راجو ئەف کارتێت ژێری هاتە پێش کێش کردن بۆ لەشکەرێ مەزن .

● **شەرکەرێ رائد کامیران محمد سعید** قوماندارێ فەوجا (٣٨) بیا سفك ئەز ئێکم ژ شەرکەرێت عیراقی ئەز پیرۆز باهیا هەمی ئەفسەرو سەربازو شەرکەرێت عیراقی دکەم ب فێ بیرهاتنا مەزن - بیرهاتنا دامەزراندنا لەشکەرێ عیراقی یێ قاهرەمان . یێ کو ئەفسە پتر ژ چوار ساڵە دسەنگەرا دا بەرامبەر پیس ترین دوژمن بۆ گەلێ مە . ئو ئەزو فەوجا خۆ بەیمانێ نوی دکەینەفە بۆ قوماندارێا پارتێ و شورەشێ و سەروکاتیا سەرۆکێ بەرکەتی صدام حسین کو هەر بمینین دلسوز و پەروەر و شەرکەرێت خودان بیرو باوەر بۆ پارازتنا ئاخا عیراقێ ژ پیلانێت هەر تەماعکار و دوژمنەکی . ئو هزار سلاف ل سەر لەشکەرێ مە بن و بیرهاتنا وی با شێست و چوارێ دا .

● **شەرکەرێ م. اول حسین علی مجید** - هاریکارێ فەوجا ٣٨ : ل بیرهاتنا جەژنا لەشکەرێ مەیێ مەزن ئەز پیروز باهیێ ل هەمی سەربازو شەرکەرا دکەم ل هەر درەکێ لێ بن و ئەفروکە باوەریا نوی دبیتە فە ب سەرکەتنێ ل سەر دوژمنێ ئیرانی یێ کەفنە پەرست ل بن سیبەرا سەرەکێ ڕێبازا شورەشا ١٧-٣٠ تیرمەها پیروز هەفال صدام حسینی .

● **شەرکەرێ سەرفول فارس یونس محو** : ئەز بهێنە دناف عەردێ مە دا و سلاڤا دهنێرم بۆ قوماندارێا ڕۆژ بۆ ڕۆژ ئەم ب هێز پارتێ و شورەشێ و ل ترین و پتر دئامادەبنە بۆ بەراهیێ سەروك صدام بەرەفانیێ ل بن ئالا حسێن و بۆ هەمی هێزێت شورەشێ و سەروکێ مەزن چەکدار و بۆ هەمی کورێت صدام حسین .

● **شەرکەر طالب اکبر توفیق** : ئەز شەرکەرەکێ عیراقی مە ، د جەژنا خۆ ، جەژنا دامەزراندنا لەشکەرێ مە ... ئەز پیروزباهیا هەمی برایێت خۆ یێت شەرکەر دکەم و ل هەمی گەلێ عیراقی یێ قەهرەمان دکەم و ل هەر درەکێ لێ بن . ئو ئەم پەیمانا خۆ نوی دکەینە فە بۆ قوماندارێا سەروکێ خۆ صدام حسین کو هەر بمینین سەربازێت دلسوز بۆ بارازتنا وەلاتی .

● **شەرکەرێ ن. ض حاکم جواد حسن** : ئەز ئێکم ژ شەرکەرێت فەوجا ٣٨ یا فارسێ مستێ ، ئەز پیروز باهیا لەشکەرێ عیراقی دکەم ب فێ بیرهاتنا مەزن ، ئو ئەز پەیمانێ ددەم کو خوینا خۆ برێژم بۆ پارازتنا ئاخا عیراقا پیروز - عیراقا کورد و عەرەبا ل بن ئالایێ سەروکێ خەباتکەر صدام حسین .

- ئو ل ناحیا باتوفە هژمارەکا کارتێت پیروز کەهشتن ژ لیوا باتوفە ، هەمیا پیروز باهیا قوماندارێا پارتێ و شورەشێ و لەشکەرێ عیراقێ کرو سوزو پەیمان نوی کرن بۆ خۆ گوری کرنێ بێخەمەتی بەرەفانیا وەلاتی و پەلخاندنا نەیاری ل ژێر سیبەرا سەروکێ قوماندار صدام حسین .

- ئو ل فەوجا بیست یا سفك ئەف شەرکەرێنی ژێری کارتێت پیروز باهیێ دهنێرن بۆ لەشکەرێ خۆ :

● **شەرکەرێ رائد محسن عبدالکریم** - جێگرێ قوماندارێ فەوجا بیست : ل بیرهاتنا دامەزراندنا لەشکەرێ مەیێ قەهرمان ، هزار سلاڤا ئەز دهنێرم بۆ قوماندارێا سەروك صدام حسین ، ئو هەروسا بۆ هەمی هێزێت مە یێت چەکدار یێت کو ب مێرانی بەر سینگێت دوژمنێ ئیرانی گرتین و نەهێلاین پارتێ و شورەشێ و ل ڕۆژ بۆ ڕۆژ ئەم ب هێز ترین و پتر دئامادەبنە بۆ بەراهیێ سەروك صدام حسین و بۆ هەمی هێزێت وەلاتێ عیراقی ل ئێ بیرهاتنا پیروز .

● **ئو دناف لیوا دەهەحدود ، شەرکەرێ ن. ض عەلام حسن هلال** : ب هەلکەفتنا دامەزراندنا لەشکەرێ مەیێ قەهرمان ئەز سلاڤا ل هەمی سەرباز و شەرکەرێتی عیراقی دکەم و ل هەمی کورێت وەلاتێ خۆ ، یێت کو پتر ژ چوار سالا بەرەفانیێ ژ ئاخا وەلاتی کرین و نە هێلاین دوژمنێ ئیرانی هێرفە بێن دقادسیا صدامی یا سەرکەتی دا .

لەقی دهوك

Institut Kurde de Paris

بەهاپێشکەوتووکانی کۆمەڵی عێراق لە سایەی شۆڕشدا

ا ـ کردەوەکانی کاری میللی لە سەرەتادا مەبەستیان ئەوەیە کە هەستی ئەوە لای هاوولاتی بخوڵقێنن کە کاری میللی لە پێناوی خەنکی تردا چ بەهایەکی هەیە .

یانی لە خۆبووردن لە پێناوی کۆمەڵگاداو دەربازبوون لەو شێوە دواکەوتووانەی داب‌و نەریتی بلاو لە ناو کۆمەڵگادا وەك هۆزایەتی‌و تایەفەچی‌یەتی‌و ڕەگەزپەرستی‌و خۆپەرستی ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنی باوەڕدار بە عیراقی‌یەتی دروست بکا. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی سەرکردایەتی زۆر بەتەنگی بنیاتی شەخسیەتی عیراقی‌یەکانەوە بووە بۆ ئەوەی دەربازبێ لە هەموو کەم‌و کورتی‌یەکانی بلاو لە ناو کۆمەڵگاداو کە لە چەرخەکانی سەرشۆڕی‌و ستەم‌و کۆیلایەتی‌یەوە ماوەتەوە کە عیراق‌و نەتەوەی عەرەب تیایانا ژیاوە لە ژێر سایەی دەستەڵاتی بێگانە‌و داگیرکردنداو بەم جۆرە پرۆسێی گۆڕانکاری سۆشیالیستی کە حزب پێشەوایەتیی کردو هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی بەهای ئیشکردن‌و بەرهەمهێنان‌و تێپەڕبوون لە نموونەکانی ئیشی سەرمایەداری بۆ گواستنەوە بۆ کۆمەڵگای سۆشیالیستی دیموکراسی یەکگرتووی خاڵی لە خۆپەرستی‌و چەوساندنەوە دەستی پێکرد .

هەڵمەتەکانی کاری میللی کار لەیەککردنی زیندووی دەرخست لە نێوان جەماوەرو جۆرەها چینداو خۆشەویستی کاری کۆمەڵی‌و کاری خۆئارەزووی دووپات کردەوەو ئەمانە بەشداری‌یان لە دامەزراندن‌و تەواوکردنی جۆرەها پرۆژەدا کردو عیراقی‌یەکان بەگەرمی‌یەکی بێ وێنەوە بەشداری‌یان تیا کرد . هەندێ لەو پرۆژانەیش کە بە هەڵمەتەکانی کاری میللی تەواوکراون ئەمانەن :ـ

١ ـ هەڵمەتەکانی خانوو دروستکردن لە ٧ نیسان
٢ ـ پرۆژەی دەووایە ـ ٣٠ تەمووز کە بۆ ئاودانە .
٣ ـ پرۆژەی شحێمیە کە پرۆژەیەکی کشت‌و کاڵی‌ی گرنگە .
٤ ـ پرۆژەی باڵەوانانی قادسیە کە بریتی‌یە لە کۆمەڵێ خانوو بۆ جووتیاران .
٥ ـ پرۆژەی دروستکردنی دێی خالصە کە بریتی‌یە لە کۆمەڵە خانوویەك بۆ جووتیاران .
٦ ـ پرۆژەی بومنیصیر کە بریتی‌یە لە پرۆژەیەك بۆ پوختکردنی زەوی کشت‌وکاڵ .
٧ ـ پرۆژەی (القدس لنا) کە پرۆژەیەکی کشت‌وکاڵی‌یە .

ب ـ هەروەها حزب زۆر بەتەنگ مەشق کردنی سوپایی‌یەوە بووە چ لە تەشکیلەکانی نەوجوان‌و لاوانا یا لە تەشکیلەکانی سوپای میلیداو ئەم کردەوەیەیش دەچێتە ناو بەهاکانی کاری کۆمەڵی بۆ خوڵقاندنی نەوەیەکی جەنگاوەری باوەڕدار بە عیراقی‌یەتی خۆی‌و ئینتیمای بۆ نیشتمانی کەورەی عەرەب وئامادە بۆ بەرگری‌کردن لە نیشتمانی بچووك (عیراق) و لە نیشتمانی گەورەی عەرەب .

ئەم‌کردەوە شۆڕشگێڕی‌یانە باڵی بە زۆر لاوانەوەنا لە تەمەن‌و پیشەی جیاجیا لە پیاوو ژن بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانی چەکبن چونکە گەرمی‌یەکی زۆری خوڵقاند بۆ دروستکردنی سوپایەکی ئحیتیاتی بۆ ئەوەی بەشداری بکا لە بەرگری‌کردن لە نیشتمان‌و شکاندنی دوژمنان‌و دەورێکی کەورەی گێڕا لە چاندنی بەهای قوربانیدان‌و ئازایەتی‌و بەجەرگی‌و لە خۆبووردندا لە دەروونی عیراقی‌یەکاندا دژی دەستدرێژی‌یە پیسەکانی ئێران بۆسەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمان‌و نیشتمانی گەورەی عەرەبمان .

ئەم‌کردەوەیە حاڵەتێکی خۆشەویستی وهاوکاری‌و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان بە خۆو بە مالیشی خوڵقاند بۆ پاراستنی نیشتمان لە بسیی دوژمنان‌و ئەمەیش لەگەرمی عیراقی‌یەکاندا دەرکەوت لە شەڕکردنیاندا لەگەڵ ئێرانی دوژمنداو نەهێڵانی داگیرکردنی هیچ بەشێك لەخاکی سەربەرزی عیراق لە لایانەوە لە ڕۆژی ٤ـ٩ـ١٩٨٤وە ، ئەو دەستدرێژی‌یەی کە خاکی عیراقی کردبوو بە مەبەستی خۆی لەگەڵ خێرات‌و ئەو دەستکەوتانەی عیراق کە بەسایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی سۆشیالیستەوە بەسەرۆکایەتی سەرکردەی فەرمانده باڵەوانی ئازادیخواز سەرەکی فەرمانده صدام حسین هاتبوونەدی .

کە وابوو حزب بەهاکانی تێکۆشانی لە خۆدا هێنابوونەدی‌و کۆمەڵگایەکی پتەوی خوڵقاند کە قوربانی بە هەموشتێ بدا لە پێناوی بیروباوەڕدا ، لە پێناوی حزب‌و لەپێناوی ئەو شۆڕشەی کە کۆمەڵگایەکی تازەی دروست‌کرد ، کۆمەڵگایەکی وا کە باوەڕی بە بەهاکانی شۆڕش‌و بەهاکانی حزب هەبێ لە پشت سەرکردایەتی‌ی مێژووبینی سەرەك صدام حسین ەوە .

ج ـ بەڵام دبارترین‌و دەرکەوتوترین نموونەی کاری کۆمەڵی ، وەك ئەوەی ڕاپۆرتی ناوەندی‌ی کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتی دووپاتی دەکاتەوە ، حزبە ، کە پێشەوای شۆڕش‌و پێشەنگیەتی ، چونکە حزب یەکەم دەزگای شۆڕشگێڕی‌یەو چالاکترین دەزگایە لە ناو دەزگاکانی کاری کۆمەڵی لە کۆمەڵگای تازەدا . . . چوونە ناوی دەبان هەزاران‌پیاوو ژن لە هەموو توێژو پیشەو تەمەن ئەم دەزگا شۆڕشگێڕی‌یە کۆمەڵی‌یە گرنگی‌یەکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە .. چونکە لە ناو چوارچێوەی حزبدا ورده دلسۆزی‌و دەماری تاکایەتی‌و خۆبەرستی ئەتوێتەوەو پێویستی کاری کۆمەڵی هاوبەش‌و سوودی دووپات دەبێتەوە بۆ خزمەتکردنی نیشتمان‌و هێنانەدی دەستکەوت‌و تێکۆشان لەبێناوی مەسەلەگەورەکانا .

بێجگە حزبیش ، ڕێکخراوە جەماوەری‌و پیشەیی‌یەکانی تریش هەن وەك یەکێتی‌ی ئافرەتان‌و یەکێتی‌ی گشتی‌ی نەقابەی کرێکاران‌و یەکێتی گشتی کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانی جووتیاران‌و یەکێتی‌ی نیشتمانی قوتابیان‌و لاوانی عیراق ، سەرەڕای ڕێکخراوە پیشەیی‌یەکانی تر وەك نەقابەی مامۆستایان‌و پارێزەران‌و ئەندازیاران‌و پزیشکان‌و هی تر کە ئیستا کارێکی گەورەو ڕاستەو خۆیان هەیە بۆسەر خەڵك‌و کۆمەڵگا لەبەر ئەو چالاکی‌یانەیان کە دەیانکەن‌و کاری کۆمەڵی دووپات دەکەنەوە .

٥ ـ بەهای دان بە خۆداگرتن ..

دان بە خۆداگرتن یەکێکە لەو بەها گرنگانەی کە حزب دووپاتی کردونەتەوە لە بنیاتنانی شەخسیەتی ئادەمیزادی عیراقیداو ئەم بەهایە کەئەو ئادەمیزادە دروست دەکا کە قوربانی دەدا لە پێناوی بنیاتنانی نیشتمان‌و پێشکەوتنی‌و گەشەکردنی‌و ، ئەمەیش مانای ئەوەیە کە ناخۆشی‌و قورسی‌ی تێکۆشان هەڵگرێ لە پێناوی هێنانەدی بیروباوەڕو ڕازی‌نەبوون بە واقیعی بۆگەنی دواکەوتوو ، ئەمەیش بەتێکۆشانی قورس‌نەبێ لە گەڵ دەروونداو بە شۆڕش‌کردن نەبێ بەسەر خۆدا جێ بەجێ نابێ چونکە دەستکەوتە مەزنەکان نابەخشرێن، بەڵکو بەتێکۆشانێکی درێژ دێتەدی‌و بەئیشی بەردەوامی وا کە مانای مانەووبوون‌و دەستبەردارنبوون نەزانێ .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیش چونکە حزبێکی نەتەوەبەرستە‌و لەپێناوی هێنانەدی یەکێتی‌و ئازادی‌و سۆشیالیزمدا هەول دەدا ، سوورە لەسەر سازکردنی بارودۆخی باش بۆ کەبێتی بەم ئەنجامانەو جێبەجێ کردنی پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانە بۆ هاوولاتی‌یان .

برایەتی کوردو عەرەب تایبەتی پتەوترئەبێ

گەشی ڕۆلە بە شەرەفەکانی کوردو عەرەب کەمایەتی‌یەکانی عیراقی مەزن پێگەیشتووەو ڕەگی داکوتاوە هەر لە زاخۆو پێنجوین‌و تەوێلە بیارەوە تا ئەگاتە خانەقین‌و مەندەلی‌و عەمارەو بەسرە.. سێبەری بەختیاری هاوولاتیانی عیراق بە جۆرێ خۆی مەحکەم کردووە کە هەزارانی وەکو خومەینی‌و خامنئی‌و دەستەو دایەرەکانیان کە جەردەی گیانی گەلانی ئێران‌و ئەلیسم دەستبرین خۆیان ڕاگیرکردووە ناتوانن زیانی پێبگەیەنن .

بەڵێ ئەم داری ئازادی‌و کامەرانی‌یەی عیراقی مەزن وای لەم مەلاتەلەکە بازانەی ڕژێمی نەزانی ئێران کردووە کە تووشی دەبان جۆرناکۆکی‌و خۆخۆریان بکات‌و نەزانن ج درۆوساختەیەك ڕێك بخەن بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری ئەو دایکە کوڕ کوژراوانەو ئەو منداڵە هەتیوانەی ئێران بدەنەوە کە ڕژێمی ئێرانی خۆفرۆش بە ناوی موسوڵمانەتی‌یەوە ئەبانکاتە سووتەمەنی ئەو باوەڕە ژەهراوی‌یە ناڵەبارەی هەیەتی .

هەر وەکو سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین بڵاوی کردەوە :

ئەو بەرازە درندەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی دجلەو بصرەو هۆزەکانی خوارووی عیراقدا بریندار کراوە .. پشت بە خواو بە خواو بە هیمەتی کاك صدام حسین کە تەواو بڕوامان بە سەرکردایەتی هەیە .. ئەو دوژمنە ناڵەبارە هەمیشە برینی لەشی کەورەتر ئەبێ‌و مەرگی نزیکەو ئەو یادگارە ئەخاتەوە بیریان کە سەد ساڵ لەمەو بەرڕوویدا .. ئەویش ئەوە بوو سوارە ئازاکانی کورد لە دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ پاراستنی عیراقی خۆشەویست ئەجەنگان .

هەموو کوردێکی شەرەفمەند ئەبێت شانازی بە ناودارانی وەکو شێخ محمودی نەمرو شۆڕە سوارناو پاڵەوانی بە ناوبانگی هۆزی کەڵاڵی وجافو رضا ئاغای گەڵاڵی‌و شۆڕە سوارانەی هۆزەکەیەوە بکات کە دژی ئیمپریالیزمی ڕوسیای قەیسەرو ئینگلیز ئەجەنگان‌و ئەشمەوێ کە بۆ هەموو لایەکی ڕوون بکەمەوەو سەرەکی خۆشەویست صدام حسین دلنیا بکەم کە ئیستە لەو شۆڕەسوارانە ماوەن‌و لە وداری ئازادی‌یە چەندەها لاوی نیشتمان پەروەرو سەر مەستی خۆشەویستی یەکێتی‌و پاراستنی عیراق هەن‌و هەموو دەم ئامادەن کە پارێزگاری چیاوکانیاوو باخ‌و نیشتمانی عیراق بکەن‌و وتەکەی بەرێز سەرەکی فەرمانده ئەم ڕاستیەمان بۆ دەرئەخات کە تۆوی باش بەرهەمی باش‌وە بەردێنێ . بامەلا بێ بڕواو تاوانبارەکانی قوم‌و تاران زۆر چاك لایان ڕوون بێ کە سەرەك صدام حسین‌و نیشتمانی عیراق گەلێکی ئا بەم جۆرەیان هەیە کە کاتێ بەرگری لە خاك‌و دەسکەوتەکانی ئەکات‌و قوربانی ئەدات وانەزانی بۆ سەر شایی بانگ کراوە .. بۆیە هەرکیز ڕێگە نادات کە دوژمن پێ بنێتە خاکەکەیەوە وزەوی‌یەکەی گلاو بکات .

هەروەها هەموو هاوولاتی‌یەکی عیراق ئەوەی لا ڕوونە کە ئەم مەلانە زانانەی قوم‌و تاران نۆکەری ئیمپریالیزمن‌و دژی ئاینی موسوڵمانێتی ئەجوڵێنەوە چونکە ئابنی بیرۆژی موسوڵمان نیەو بە پێی ڕێڕەوی ئاینی بەڕێوە ئەچێت‌و ئازاری کەس ناداو کەس تاڵان‌و بڕۆ ناکات‌و ئەوەش ئەزانن کە ئەم مەلایانە بۆیە شەڕیان بەسەر عیراقی خۆشەویستماندا سەبان تاکو ئەو برایەتی‌یەی کوردو عەرەب نەهێڵین کە ساڵەهای ساڵە هەیانەو تایەت بە هێزتر ئەبێ .. ئەو برایەتی‌یە بتەوەی کە لە ڕێگەی پاراستنی عیراق‌و کامەرانی هاوولاتیاندا هەزاران قوربانیان بە یەکەوە داوە بۆیە ئەڵێم گەلی کورد لە کوردستانی عیراق تاتنۆکی خۆین لە لەشی ڕۆڵەیەکیدا مابێ ئەو برایەتی‌یە بە هێز ئەکات‌و عیراقی باڵا ئەپارێزێ‌و دەستی پۆڵایین گەلی کوشندەتر لە جاران لە دوژمنانی چاوچنۆك ڕژێمی نەزانی ئێران ئەوەشێنی‌و هەموو دەم سەرکەوتوو دلێرە .

حمە شریف حسین رضا
گەلاڵی

ئەوە مانای نەبەزی‌یە

لە کاتێکا کە دوژمن خەریکی تۆپ باران بوو ، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ‌ی بوەشێنێ ، وەختەکەش بەرەو عەسر دەچوو ، نمە بارانێك دەباری ، لەگەڵ بارانەکەدا بایەکی سارد دەهات‌و دەمو چاوی سوور هەڵگەراندبووین تەزیەکی سارد دەهات بەلەشماندا لەبەر ئەوەی یەکەم بارانی ئەم ساڵبووو حەزمان بە ئاخۆشیەکەی دەکرد ، لە دەرەوە لەبەر باران دانیشتبووین جاروباریش خۆمان دەئاخنی‌یە ژوورە کانمانەوە. هەر چەندە ئەو ژوورانەش لەخۆڵ‌و دارو بەرد دروست کراوە. بەڵام باوەڕم پێ بکەن بەهیچ خانووەکی وولاتەکەمی ناگۆڕمەوە، چونکە تێیدا پارێز گاری لە شەرەف‌و کەرامەتی نەتەوەیەك دەکەم کە شایەنی ئەو بەرگریەیە، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا وەختم بە فیرۆ نەڕوا ڕۆژنامەکانم تازە بۆ هاتبوون دەستم کرد بەخۆیندنەوەیان. هەڵبەت من لە کاتی خوێندنەوەدا سەرەتاتەنیا ناوی بابەتەکان دەخوێنمەوە. دوای ئەوە ناوی نووسەری ووتارەکە. جالە گۆشەی سەرەوەی دوا لاپەڕەی ڕۆژژنامەی «الثورە»دا نووسینێکم چاو پێ کەوت کە لە لابەن برای نووسەر کاك عبدالوهاب طالەبانیەوە نووسرابوو. لە نووسینەکەیدا باسی جەنگاوەرێکی کردبوو کە لە کاتی ئیجازەدا کۆمەڵێ پەرتووك‌وگۆڤاری بەدەستەوە بوو دەیبردەوە بۆ سەنگەرەکەی. کاتێ کەبرسیاریش لە بارەی ماوەی خوێندنەوە لێ کردوە، وەڵامی داوەتەوە کە خوێندن تێشوومە. ماوەش زۆرە بۆ خوێندنەوە ..جا توخوا خوێندنەوە لە ناو ئاگرو ئاسن‌دا خۆشتر نیە لەوەی کەبەکێ تەنیا بەڕۆژ ماوەی پێنج سەعات خوێندنەوەی هەیەو هەر نووسینێك چەند دێرێکی لێ هەڵدە بژێرێ‌و لە کۆتایش هیچی لێ فێر نابێ ئیمە لەوئاگرو قورقوشمە بەهێزترین کە دوژمن دەیەوێ پێ‌ی بمان سوتێنێ خوێنی ئیمە بورکانی ئاگرەو ئەگەر برێژی تا دوژمن نەتوێنێتەوە ، لێ‌ی ناگەڕێ جاکە سەیری خوم‌و نووسینەکەم کرد لەدڵی خۆمدا گوتم: دەبێ لەگەڵ منی نەبێ ؟.بەڵێ لەگەڵ هەر نووسەرێکی جەنگاوەریتی کەلە کاتی بەرگریشدا ماوەیەك‌بۆ بەرەپێدانی ئەدەبی ڕەسەنی گەلەی دادەنێ‌و لە جاران زیاتر دەخوێنێتەوە . دوای ئەوە پارچەیەکی نوسینەکەی دەڵێ : دوو پیرە مێردی کورد کاتێ دەنێردران بۆ بەرەکانی جەنگ ، لەبەر بەسەر چوونی تەمەنیان لێپرسراوەکان داوایان لێ کردن کەبگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە ، بەڵام بەردەوام بوون لە سەر ئەو بەڵێنەی کە بە سەرۆی نەرماندەیان داوە بۆ بەرگری کردن لە خاکی عێراق تا دوا تنۆکی خۆنیان .. لەو کاتەدا ئەو پیرەمێردەم بە بیرهاتەوە کە ناوی مامە « حەمەیەو ئیمە هەر بەو ناوەوە بانگی دەکەین . ئەم پیرەمێردە تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ دەبێ ، ددانێکی لە دەمی دا نەماوە، یەکێکە لەو کەسانەی کە داوای لێ پرسراوانی ڕەت کردەوەو لەگەڵ ئیمەدا هات بۆ بەرەکانی جەنگ ، دوێنێ ئیوارە لە ناو سەنگەرەکەی‌و بەامبەر بە هێزەکانی دوژمن دەستی نابووە ژێر چەناگەی‌و چوبوە ناو دەریای خەیاڵەتەوە ، لێ‌ی نزیك‌کەوتمەوەو دەستیکم‌دا لە پشتی ، بزەی‌هاتێ‌و گوتی : ها دەڵێی کارێکت پێم هەیە ؟! منیش گوتم : ناوەڵا مامە حەمە تەنیا متەبەکت‌بێ دەڵێم ئەویش گوتی فەرموو گوتم باشە تۆ مادام خەیالی ماڵەوە دەکەی‌و پەشیمان بووینەوە کە لێرەی بۆچی دەهاتی ؟! خۆکە سێ زۆری لێنەکردبووی ؟ سەری هەڵبڕی‌و ئیوچەوانی کرژ بۆوەو سەرێکی باداو گوتی : کوڕم چاك بزانە من ئەوا سێ یەم جارە دێم بۆ بەشداری لە جەنگ . هەرگیز پەشیمان نابمەوە . لەوەی کە خۆم هەڵم بژاردوە ، خۆی نوشتاندەوەو مشتێك خۆڵێ هەڵ گرتەوەو گوتی : من تەنیا لە پێناوی ئەم خاکەدا هاتووم‌و مردنی من زۆر سادەیە ، کە لە پێناوی شەرەف‌و کەرامەت بێ ئەوەك دوژمن بتوانێ یەك بێ بێتە سەر ئەو خاکە زێڕینەی کەبەر لەئیمە ملیۆنە هاکەس لە باپیرانمان خۆیان لەسەر بەکوشتداوە . ئیمە لە ڕووی مێژوو تادان بار دەبین‌و تا دونیابمێنێ بەخراپە باسمان دەکەن‌و دەڵێن : ئەو پشتە بوو کەبەرگریان لەکردو کۆلیان‌داو ئیمەیان کۆلەدار کرد . جامندالێ کە دوا ڕۆژدا بەخراپە باسمان بکەن ئیمە ماڵ‌و منداڵمان بۆ چیە ؟. ئیمە بۆچی لە ژێردەستی یەکێك دا بژین کە هیچ مافی ئەوەی نیە لەسەرئەم خاکەدا بژی . خەیالی من ئەوەنیە کە لە بیری ماڵ‌و منداڵدابم ، بەڵکو بیر لەو نەزانانە دەکە مەوە کەئەو سنورەی پێ‌ی لە پێنج ساڵ نا وەکو شێر خۆی ڕاگرتووە ، کە چی ئەوانە هەر بەردەوام لەسەر نەزانی‌و سەر ڕەقی خۆیان ڕوو لە مردن دەکەن‌و هەرچی دەکەن تەنیا بەشی سەرەکیان پارچە پارچە بوون‌و کۆژران‌و لەناو چوونە ئاڵای هەوش هەردەم بەرزو شەکاوەیە بەڕووی دوژمن نەزان ...

تەحسین مەولود
هەولێر ٢٦ـ١١ـ١٩٨٤

Institut kurde de Paris

کارگەی بەرد بڕینی سەرچنار ، یەکێکە لەو سێ کارگە تایبەت کارانەی لەعێراقدا بەرد بەرهەم دەهێنن ، ئەم کارگەیە دابەردی ئاسایی خانوو ،بەردی مەرمەر ، کە لەشوێنە نزیکەکانی ناوچەی سلێمانی و شاخەکانەوە دەردەهێنرێ بەکار دەهێنرێ .

کارگەی بەرد بڕین لە سەرچنار

- بەردی مەرمەری ناوچەکانی سلێمانی .
- هەرزانی نرخ لە چاو کەرت و بەشە تایبەتیەکاندا
- بەکارهێنانی تازەترین ئامێری پارچە پارچە کردن و بڕین .

لە لیدوانێکی تایبەت بەرۆژنامەی هاوکاری بەرێز یونس خضر قادر بەرێوەبەری ئەم کارگەیە ووتی :- کارگەکەمان لەسالی ١٩٨٢وە کراوەتەوە بەرهەمی هێناوە ، کە بەبۆنەی ٦ی کانونی ئەو ساڵەوە کرایەوە ، بەشێکە لە بەشی کشتی کانەکان سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و کانەکان ، هێنانەکایەی ئەم جۆرە کارگانە ، چونە سەر بروپێدانی کەرەسەی خانوو دروست کردن ، ئەم بەردە لەبری خشت و کەرەسەی تر بەکار دەهێنرێت ، بەتایبەتی دوای ئەو پێشکەوتنە فراوانیەی خانوو و خانووبەرە دوای شۆڕشی ١٧ی تەموز بەخێرایەوە دیویە ، کە لەسەر تازەترین شێوەو ڕێگای زانستی ڕەوت ئەکا . ئەم کارگەیە بەگەورەترین جۆری کارگە دەژمێرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لەبەرهەم هێنانی بەردی ڕێکوپێك بەکشت قەوارەو پێوانەیەك . لەوڵاتەکەماندا تەنها لەسێ پارێزگا لەم جۆرە کارگەیە کراوەتەوە ، سلێمانی یەکێکە لەو سێ پارێزگایە ، بەردی ئەم کارگەیە جیاوازی هەیە لەرووی بەهێزو مانەوەو جوانی ، ئەو خانوانەی بەم بەردانە دروست ئەکرێن ئەوەندەش پێویستیان بە دەست لێدان و چاکردنەوە نیە ، لێرە بەردی ڕووکاری خانوو دبکۆرێش بەرهەم دێت ، هەروەها بەردی مەرمەر کە جیاوازیەکی فرە کەورەی هەیە ، داواکاریشی بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەرە ، بەتایبەتی مەرمەری زبر ئەم کارگەیە دوو جۆر ئامێری برینی تیدایە ، یەکەم قوناغ بردە کە پارچە بارچە ئەکرێت ، دووەم ئەو پێوانانە دەرئەهێنی کە داوا کراوە یان پێویستە ، ئەو بەردانەی لێرە بەکار دەهێزی بەردی ناوچە شاخاویەکانی قەلادزی و سیدصادق و قەرەداغ و دەربەندیخان و ماوەت و بازیانە ، شایەنی ڕێزە کە باسی ئەو بایەخوانە تایبەتە بکەین ، کە لەلایەن لیپرسراوانەوە بەکارگەکەمان دەدرێت ، لەسەرو هەموویانەوە بەرێز پارێزگاری سلێمانی ، کەئەمەش وامان لێئەکات زیاتر سووربین لەسەر ئەو بایەخدانەو بەدی هێنانی بەرهەمی زۆرد چاکتر ، هەروەها بەشی ئەم کارگەیە لە پێشنگای ولاتاندا لەبەغداد ،بوە جێگای سەرنجو ستایشی تەماشا کەران و لێپرسراوان کە بایەخی تەواوی پێدرابوو ، بەردی کارگەی سەرچنار ، هەموو هاوڵاتیەك ئەتوانی کەلکی لێ وەربگریت ، بەتایبەتی بەردی مەرمەر کە ئەمڕۆ بازارێکی گەورەی هەیە ، ئەگەر بیتو بەراوردی نرخی بەردی ئەم کارگەیە بکەین ، لەچاو نرخی کارگە تایبەتی و کەسیەکاندا زۆر هەرزانە ، لەناو کارگەدا نرخی یەك مەترە دوو جا ١٤ چوارده دنیارە .. پێشئەوەی کۆتایی بینم بەم چاوپێکەوتنە ، ئەمەوێت ئەو راستیە دەربڕم ، کە ئالەم قوناغەی ئەمڕۆی وڵاتەکەماندا ،کەشەڕی بەزۆر داسەپاو بەسەرماندا لەئارادایە : جیاوازی زۆرە لەرابەڕینی نوت و وەرگرتنی وردبینانەی پێویستەکانی کارکردن ،ئیمە لێرە بەوپەڕی هەست کردن بە لێپرسنیەوە لەگەڵ کرێکارانی کارکەدا دلسوزانە، دەوری کاریگەرو دیاری خۆمان ئەبینین لە بواری بەرهەم هێناندا ، ئیمە لەسەر ئەو راستیەو دور لەخۆپەرستی ، هەموو توانایەکمان خستۆتەکار بەدەرونێکی فراوانەوە ، هەروەکو سەربازێك کە لەسەنگەردایە ئاو بەرهەم دەهێنین ، هەروەکو سەرەکی فەرمانده فەرموویەتی [کرێکار لە کارگەدا هاوشانی سەربازە لەسەنگەردا] ، ئەوەش وای لێ کردوین ، کە بەشێوەیەکی نراوان بەردەوامی بدەین بە زۆر کردنی بەرهەمو پێش خستنی ئابوری نیشتمانی و پارێزگاری کردنو مائەنەوەی گیانی سەرکەوتنو بەرزکردنەوەی توانای تاکەیی زۆرکردنی بەرهەمو بایەخدان ، بەبەرهەم هێنانی چاك چەندو جۆر ، لەسەر ئاستی ئەو هەڵمەتە نیشتمانیەی کە یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکاران سەرپەرشتی ئەکا، هەروەکو ووتم وولاتەکەمان لەجەنگی ڕەوادایە ، ئەرکی نیشتمانی بانگمان ئەکات ،کە بەگیانێکی بەرزەوە لەپێناوی عێراقی خۆشەویستماندا ، هەول بدەین بەرامبەر هەست کردن بەلێپرسنیەوەو جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانمان ، بۆ پاراستنی گیانی سەرکەوتن لە جەنگی شەرەف مەندانەو ڕەواماندا.

لقی سلێمانی

قسەی خۆمان بێ

دیناری ئاسن ..

ئەوانەی هاوتەمەنی ئێمەن و ساڵانی پەنجاو دووای پەنجاکانیان وسیرەو هاشتای ئەم شارەی خۆمانیان دەکرد . یا تیبلدا دەژیان ... چاکیان وەبیرە ، کە جۆن لە کەبابچیخانەی حاجی عبدالله‌دا چوار کەبابی موستەحەق و دوو کولێرەی گەرم و جامێ ماستاوو تەماتەو پیازو کەوردیان لە بەردەم دادەنای و ئەگەر ناسیاویان بووای ، ئەوە بیالە چایەکی بە کەللەشەکری دشلامەو قوڕی فەخفوریان بۆ بە ڕادان دەدای و چگەرەیەکی غاری پیان بۆ دادەگیرساندی کە تێرت دەخواردو نێوی خوات لێ دەهێنا چەند جارێك بەسەر جوانیان دەهێنای .. ئەم هەروەیش تەنیا شەست دانە فلسی تێ دەچوو .. یەك پەنجایی خرو دە فلسی سووری بەرەبەر .. ئەگەر شەست فلسەکە هەمویان دە فلسی بووانە ، ئەوە حاجی کەبابچی دەیخستنە نێو کیسەی سبەی قەمەندۆرو لەگەڵ ئەمر جوبنگەیەکدا جارێك شوکری خوای دەکرد .

بەڵام چۆن کەبابی ؟

بۆنی گوشتی سووراوەکراو . تاقەیسەری یەکەی نێو سەوزەی فرۆشەکان . بەنگی دەدایەوەو بیاوی تامەزرۆو بریسی دەکرد .

ئەمەو ئاتە . کەم کەسی هاوتەمەنی خۆمان ، ڕۆژانەکەی سەیبنان دەیدرابێ لە بیست فلس تیپەڕی دەکرد ... بە دە فلس «کوبەیەیەکی برنجی چەوری نێو مەنجەلی سەر ئاگردانی خەلووزی مام بریمی دەکڕی ، بایی بیست فلس نوڵ و ئەودی تریشی بە مشت تۆوی گرلە بەرۆژە دەدا .. خۆ ئەگەر باوکی بازرگان و بارەداروو موویە خۆری دەوڵەت بروایە . مەپرسە ئەو بەنجا فلسەی بۆی دەبڕایەوە . چەنی شتی سەیرو ئەجایبی ئێ دەکڕی !!

بەهەر حال .. هەر زەمانەو جۆرە خەلکێك و شتوە بازڕێك .. قسە قسە ڕادەکێشێ ... ئەمەتا فەرموون . ئامڕۆکە کابرای خاوەن عارەبانەکەی سەر شۆستەی ئەو بەری شەقام هەندێ بنێشتو چوکلاتی ڕیز کردوون .. بەڵام لە مامەڵەدا گەلێ لە باتقی ڕافیدەیی بەدیبەت ترد . .

زۆرم لا سەیر بوو . کە چاووم بەو هەموو دەفلسانەی نێو کاسە شووشەکەی مالی خۆمان کەوت . زیاتر لە سەرسام بووم کە زانیم ئەوە پاردیە باشتاوەی ئەو درهەمانەن کە کچە بچکۆلانەکەم لای ئەو خوا نەناسە بنێشتی پێ دەکڕێ و هەر جارە یەك دووانێکی لە چنگ دەنێ .. بەڵام ئەگەر بیاوێ ئەو دە فلسانە شتێ بکڕێ ، کابرا ودریان ناگرێ و دەڵێ : ناڕوا . .

بۆ پێتان وایە هەر دە فلسیە وا سووکو بێ قیمەت بووە ؟ باسی پێنج فلسی هەر ناکەم .. فلسێش دێتە زەمانێکە ئاودێ ناکەم کەش بادیدەنی شاد بووبێ .

ئای مەسەلەی دیناری ئاسنینەکە نالێن ؟ شتێك دەکڕی بایی بارەکە دیناریکە . دیناریکی هەشت گۆشەی ئاسنی خاوێن دەردێنی .. تەنانەت دوکاندارەکە ئەو زەحمەتە ناداتە بەر خۆی دەستی بۆ درێژ بکا . لە دووردە هەر کە چاوی پێی بکەوێ . مەعزەرەت دەخوازێ و ئاوای دیناریکی دیکەت لێ دەکا . . چوار ڕوبعی یا دوو نیو دیناری :

بەر لە هەموو شتێ . کەمی نرخی بارە . مانای ئاودێ شوکر و زەعی گیرفان حەمدی دەوێ . بەڵام دراوێك دەوڵەت بیخاتە بازاڕەوەو بە بانق پشت ئەستوور بێ . ئەم خەڵکە بۆچی بەم شێوەیە مامەڵەی لە گەڵدا دەکەن ؟

بەخوا بڕا ڕەزی بکرن فرە خاسترە .. ئەوە دیناری کاغەز . سەرو گرتچکەکانی دەدڕێن و نە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ لە نێو «کانتۆڕ»و قاسەو بوخچەکانیان ملك لابەکی بقرتێنی و بانقیش ئالو گۆڕیان نەکا !!

سعید یحیی

بیرهاتنەکا پیرۆزو لەشکرەکی قارەمان

● مختار فائق ●

دەمێ جەماوەرێن مللەتێ مە یێ قارەمان ئاهەنگا دگێڕن بەهلگەفتنا دامەزراندنا لەشکرێ مەیێ چەلەنگ بڕۆژا ٦ی هەبگا کانونیا دوێ .. ئەڤان ئاهەنگێران پەیوەستەکا مکوما هەی بهندە کارەسات و ڕوبدان و سەرهاتی ئێت مێژوویێڤە .. هەروەسا ئەو دەورێ پالەوانێ لەشکرێ مەیێ قارەمان دیتی هەر ژ دەسپێکرنا دانانا لەشکرێ عیراقی و هەتا نهو بگرە لسەردەمێت چۆیدا دەمێ لەشکرێ مە هەر گاڤ و هەر دەم دەورێ بەرەڤان و پالەوان رادوەستا بۆ بەرەڤانیا عیراقێ .. هەروەسا لەشکرێ عیراقێ یێ بناڤ و دەنگ ناڤێ خۆ دەرکر دەمێ بزویترین دەم کەهشتی یە سوریاو چۆیە دناڤ باژێرێ دیمەشقێدا لسالا ١٩٧٣ داکو بەرەڤانیا لەشکرێ سورێ بکەت .. هەروەلێ لەشکرێ مەیێ پالەوان لگەلەك گاڤ و دەراڤاندنا ناڤێ عیراقێ یێ بەرزو بلند کری لناڤ هەمی جیهانێدا ..

لێ لەشکرێ عیراقێ بێکو ئەڤە پترە ژ چار ساڵان ئەڤی شەڕێ گەرم و گران دکەتن دژی دژمنێ ئیرانیی یێ مەژی هشك و بێهێزو پاش کەفتی ... بۆ هەمی جیهانێ خویاو دیارکر کو لەشکرێ عیراقێ براستی لەشکرەکێ بهێزو شیانەو بناڤ و دەنگە بقارمانیا خۆ وهێزو شیانا خۆو خۆڕاگرتنا خۆ دژی دژمنی .. ئەو ژی ژبەر چ .. ؟ .. ژبەر هندێ کو لەشکرێ عیراقی لدویف بیروباوەرێن پارتا بەعسا عەرەبی یا هەڤپشکی دچیتن و هەمی ئامۆژگاری و شیرەتێن سەرۆکی قوماندار صدام حسین بکار دئینن و هێزو شیانا سەربازێن مە ڕوژ بۆ ڕۆژێ زێدەتر لێ دهێت .. نەخاسمە دەمێ سەرۆکێ قوماندار صدام حسین بخۆ دجیتە بەرەیا شەڕی و ئەو بخو چافدێریا هێرشان دکەتن .

لەشکرێ عیراقی یێ قارەمان نوی ترین چەکێ هەفچەرخ بکار دئینیت وئەڤ چەکە یێ دهنە دەستێت ئێمن دا و باش دزانن چەوا وی چەکێ تورس و گران وپێش کەفتی بکار بینن .

ئەڤجا بیرهاتنەکا هۆ پیرۆزو خوشتڤی یا دانانا لەشکرەکێ هۆ قارەمان و خورت و زیرەك .. چەوا جەماوەرێن مللەتێ مە ئاهەنگا بۆ نەگێڕن و شەهیانا بۆ نەگرێدەن ..

براستی .. لەشکرێ عیراقێ یێ بۆیە جهێ فەخرو شانازیێ لتك مللەتێ عیراقی ولنك هەمی مللەتێن دەڤەرێ و ئەڤەژی نەکو هەر ئەم دبێژین بەلکو ئەڤ چەندە گەلەك جاران و لگەلەك گاڤ و دەراڤاندا دام و دەزگەهێن راگەیاندنا عەرەبی و جیهانی یا گوتی و دووبارەکریەڤە .

ئێدی سلاڤ بۆ لەشکرێ مەیێ عیراقی یێ سەربلند دبیرهاتنا دانانا وی دا . .

هزار سلاڤ بۆ سەرۆکێ قوماندار صدام حسین خودێ بهێلیت سەرکێشێ کاروانێ مەیێ سەرکەفتی و پێش کەفتی .

ئاهەنگ بەرێ ١٠٠ ساڵ

ئەڤجا ساڵناما مویسل یا ساڵا (١٣١٠) کوچی (یانکو ژمارا دووێ ژ ساڵناما) پێکهاتیە ژ (٤٢٤) بەرپەراو یاهاتیە چاپدان ل چاپخانا ویلایەتی بخو ، ئەڤ ساڵناما ئەم بەحسی ژێ دکەین ل پێشکیا وێدا نڤیسی بو «بو جارا دووێ دێ بو هەوە پێشکێشی کەین ساڵناما ویلایەتا مویسل ئەوا هاتیە چاپکرن ل سەردەمێ سولطان کوڕێ سولطان خاقان کوڕێ خاقان سولطان عبدالحمیدێ دووێ ، مە هندەك زانینێت مێژوی ل سەر ویلایەتا ژڤان کتێبا وەرگرتینە مهد الاولیاء، معجم البلدان ، دائرە المعارف ، اقلیم البلدان ، عنوان الشرف و مە هندەك زانینێت دی یێت زێدەکرین، هیڤی دکەین بخوینن و لمە ببورن ئەگەر خەلەتی هەبن و ژ خودێ سەرکەفتن .. ئیمزا حسن توفیق» .

ل سەر باژێرێ ئامێدیێ بخو ل لاپەرە (١٧٢) و (١٧٣) ئەڤە هاتبو :- قائیمەقام - عثمان نوری افندی(١) .

جێگر - احمد حمدی افندی ، هارێکارێ ڕێڤەبەرێ مالی محمد درویش ڕێڤەبەرێ مالی - محمد پرتو افندی ، باوەرپێوەرێ صندوقێ محمد شوکت افندی .

چقاتا هەردەم - نائب افندی ، مفتی افندی ، ڕێڤەبەری مالی ، نڤیسەرێ تەحریرێ .

ئەندامێت هەلبژارتی - عبدالعزیز آغا شوعا آغا .

دائیرا نفوسێ - مەئمورێ وێ (سید صالح افندی) نڤیسەرێ وێ ڤالایە (یانکو نینە) .

- دەستەکا عەدالەتی -

مستنطق یانکو (حاکمێ دویفچونێ) مصطفی افندی ، باشکاتب یانکو کاتبێ ئێکێ - خلیل افندی - کاتبێ دووێ مصطفی افندی ، ئەندام - موشێ آغا ، دەستکێ مەحکمێ عبدالهادی آغا پێکوتێ مەحکەمێ یانکو (مبلغ) طاهر آغا ، هاریکارێ حاکمێ دویفچونێ محمد افندی ، ئوطەچی (یانکو پالێ دائیرێ) حسین آغا ، سەرۆکێ شارەوانیێ (باژێرڤانیێ) سعدالله آغا ، ئەفەر (بوزباش) یانکو سەرۆکێ ئێکی - حاجی حسین آغا .

- ناحیێت قەزا ئامێدیێ -

ناحیا داودیێ - ڕێڤەبەرێ ناحیێ علی رضا افندی ، نڤیسەرێ ناحیێ محمد افندی .

ناحیا بەرواری بالا - ڕێڤەبەرێ ناحیێ (محمد رشید بك ، نڤیسەرێ وێ (منحل) یانکو نینە .

ناحیا بەرواری ژێر - ڕێڤەبەرێ ناحیێ حسین آغا.

ناحیا نێروە - ڕێڤەبەرێ ناحیێ (صدیق بك) .

ناحیا ڕێکان - ڕێڤەبەری ناحیێ (طاهر بك) .

(جهێ قەزایێ) ل شوینەوارێت قەزایێ دیارە کو هەژمارا خەلکێ وێ (٥) هزارە ، لباژێری بخو (١٦٠) خانی ببێت لێ هەیە و ژبلی کافلاو خرابا ، خەلکێ وێ پێکهاتیە ژ بوسلماناو فەلاو جویا ، بەرهەمێ چاندنێ ل قەزایێ ئەڤەنە (گەنم ، جەه، گەنموك ، تری ، سیف ،حولی رەشك ، هژیر ، هنار ، سماق گویز ، هنگفین» هەروەسا دارە توی لڤێ قەزایێ کەلەك دمشەنەو خەلك بو بخو حەریری ژێ چێدکەن و هەلجەت هەریری ژ کرمێ دارا توێ چێ دبیت ، ئەڤجا فایدێ دکەهیتە وان پێنج یان دەهۆ هزار (قرش)ە، ئی باژێری چ روبیار لێ نین، بەلێ کانیکەکا ل تاخێ (مزرکان) هەی ئاقا وی تێرا سێ ئاشا هەبەو گەلەك چاندن ژی بەر تێتە کرن .

باژێر یێ شیرهە کریەو چ ڕێ نین ژ بلی دەرگەهێ (زێبار)و دەرگەهێ (مویسل)و (٥٠) گوند دکەفنە بەر ڤێ قەزایێو ئابووریا ڤان گوندا بو قەزایێ دهێتو ئەو گوند بشێوێ خوارینە :-

ناحیا داودیێ - هەشتێ گوند ژ وان پینج یان شەش گوند خرابەنە یانکو کافلن ، ئەردێ وێ یێ باشە بو چاندنێ ، خەلکێ وێ گرهدارەو ڕێڤەبەرێ ناحیێ یێ هەلبژارتیە ژ لایێ خەلکێ ناحیێڤە .

ناحیا دووێ (بەرواری بالا) هەر چەندە ڤێ ناحیێ ڕێڤەبەر نینە لێ جێگرێ ڕێڤەبەری یێ هەی ئەو ژی ژ بنەمالەکا کەفنە لناحیێ ناحیا سیێ (ناحیا بەرواری ژێر) جێگرێ ڕێڤەبەری سەربەشتیا ناحیێ دکەت ، ناقی وی ژی (حسن آغا)یە ئەو ژی ژ بنەمالێت ناحیێیە، ئەردێ ناحیا بەرواری بالاو بەرواری ژێر هەمی شاخو داخو دولو نهالو ڕێکا د ناڤبەرا ئامێدیێو ناحیا بەرواری بالا یا ئاسێیەو نەخوشە .

هندەك کانو کانزا (معادن) لڤێ قەزایێ هەنە وەك (ڕەژی، سفر، رصاص) لێ تەخمینێت سەرەکی دیارکر کو مەصرەفا دەرئێخستنا وان پترە ژ فایێدێ وان - دویاهیك - .

بڤێ چەندێ مە هندەك تشت زانین لسەر بارۆدوخێ قێ قەزایێ لسەر دەمێ ئوسمانلی و مە ناڤێ چەند حاکم و ئیداریێت وێ زانین و مە تشتەك ژ سالنامێت ئوسمانلیا زانین ، بەلێ با هەژی کوتنێ ئەوە کو ڤێ قەزایێ چ خەستە یان خاندنگەهە لێ نەبوون .

١ - هنکی دابەشکرنا ئیداری بڤی ئاوای بو «ولایەت - حاکمێ وێ والی یە ، لدویفرا - لیوا - سەروکی لیوایێ متصرفە ، لدویفرا قەزا یان سنجەق - سەروکێ وێ قائیمەقامەو لدویماهیێ (ناحیی) یە سەروکێ وێ ڕێڤەبەرە .

Institut Kurde de Paris

لە یادی دامەزراندنی

سوپای دلێرو سەرکەوتووی عیراقدا

شفیق محمود جاف

گەلی عیراقی خۆشەویست و سەرکەوتومان .. هەموو ساڵێك بەبۆنەی یادێکی مەزن و پیرۆزەوە ، کە یادێکە لە دوبەها یادان ... لەبەرواری «٦»ی مانگی کانونی دووهەمدا ـ ئاهەنگی یادی جەژنی یکەکەم رۆژی دامەزراندنی سوپا فارەمان و دلێرەکەی ئەگێڕێ ..

یادی رۆژی نیشانەی رزگاری و سەربەخۆیی و سەربەستی عیراق . یادی ئەو رۆژەیە کە لە ئەنجامی خۆبەخت کردنی رۆڵە بەجەرگ و چاونەترساوەکانی گەلی عیراق ـ لەباکورەوە هەتا باشور خوێنی بێگەرد و ئاڵی خۆیان بەخشیوە دژی داگیرکەر و بێگانەو بێگانە بەرستی . لەپێناوی رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمان و گەلی عیراقی پیرۆزماندا ..

سەرەڵ بێشەوای بەرێز هەفال تێکۆشەر صدام حسین . لە وتارێکی گرنگیدا ـ لە ئاهەنگێ لە ئاهەنگەکانی جەژنی سوپای دلێر و قارەمانمادا فەرموێنی ..

ئەی هەڵان لە ریزی هێزکانی سوپای چەکداری دلێر ..

«ئەمرۆ .. بەبۆنەی جەژنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆشەویستەوە ـ ئاهەنگ ئەگێڕین ... ئەوەش بەبۆنەی جەژنی سوپاوەیە .. ئەمرۆ ئەو رۆژەیە کە یەکەم بنکەی سوپای دلێرمان دامەزرا و ئیژەش لە نار ئەو گەل و نەتەوە کەمانەن کە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ ئەگێڕن . بەبێ ئەوەی هەست وبیر لەوە بکەنەوە لە یادکردنەوەیدا ـ کە روژێك لەرۆژان سوپاکەی شکستی هێناوە .. یان تووشی هەڵویستێکی لاوازی بووە کە لە ئەنجاما بڵێن .. بریاو خێزگایا ئەمەش نەبوایا ..

با هەمیشە بەردەوام بێت جەژنی سوپاکەتان. کە رابردوو و ئێستای نیشانەیکی درەوشاوەی بێگەردە لەنار چاوانیدا .. بەڵێ ئەی برایان .. مێژووی سوپاکەتان مێژوویێکی سپی و پاك و بێگەردە. بەهێچ شێوەیەك هەڵوێستی سلبیشی نیە کە لەسەری تۆمار بکرێت ... ئەوەش کە شانازیێکی ئاساییەو گومانیشمان نیە کە زۆربەی نەتەوەکان و گەلان . لەو هیوا و ئومێدەو ئاواتەدان کە سوپاکانیان ئەم چەشن و شێوە بن .

سوپاکەمان وەنەبێ لەسەرەتای شۆڕشدا دامەزرا بێت .. بەڵکو یەکەمینی بنکەکانی لە دەبەها ساڵانی بێشوودا دامەزراوە ... لەژێر سێبەری بارو دۆخ و رژێمێك کە بێویستی هەبووە بەرەوتی راست و رەوشت باش و نیشتمان بەروەری و دادوەری بە هەموو واتاکانیەوە .. سوپا لە ژێر سێبەرێکدا دامەزرا بۆتابانجێکی تایبەتی بەڵام خەباتیان خاو بوو .. قەوارەی دامەزراندنی سوپاکەتان هەمان چەشن و دربڕینێکە لەروحی گەل .. دوور لە هەموو نەخۆشیەکانی کە ئمپریالیزمی داگیرکەرو کلك و بەکرێ گیراوەکانی و رژێمە بە هەڵە چووەکان هەولیان دەدا و پلانیان دادەنا بۆ ئەوەی پێوەبێت . لەپێناوی وەدی هێنانی مەبەست و ئامانجە چەپەڵەکانی ،

هەرواش گومانی نیە ... یاسا و پێرەوی سەربازی لە شارستانێتی عیراقدا ، زۆر زۆر کۆنە شێوەی رەسەنی عیراقی پیرۆزو خۆشەویستمان .. لێرەدا پسپۆرانی تایبەت بە زانستی و زانیاری ئەوە دوپاتەدەکەنەوە کە شای بابلیەکان «حمورابی» لە یاسا ناوبانگەکەیدا «مسلە حمورابی» باری سوپای تۆمار کردوە لە روی رێکخستنی پەیوەندایێتی کەسی سوپایی ـ لە سەربازان و ئەفسەران لەگەڵ یەکدا و بەپۆەندیان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی شارستانیەتدا ، لەو کاتەدا سوپا لە لوتکەی بەرزی رێکخستن و ئامادە کردنیدا بووە .

بەم شێوەیە .. خاکی عیراقی لەدێر زەمانەوە خاوەنی کەورەترین شارستانیەتی بووە لە مێژوودا .. لەوکاتەدا کە مەشخەڵی زانستی و زانیاری هەڵگردوە و تێگرای جیهان لە تاریکیێکی رەش و دواکەوتوویدا ئەژیا لە هەموو رووەکانی ژیانەوە ، بەتایبەت لە رووی زانستی و زانیاریەوە .

وولاتو نیشتمانی عیراقی پیلاوومان بەردەوام بووە بەشێوەیێکی هەمیشەیی لە هەڵگردنی مەشخەڵی زانیاری . هەتاگەیشتە رادەیەك کە رۆشنایی مەشخەلە زانیاریەکانی هەموو جیهانی گرتە بەر و رۆشن کردوە کە لە ئەنجاما بووە سەرچاوەی زانستی و زانیاری و شارستانیەتی کە هەموو گەلانی جیهان رووبان تێدەکرد . .

بەراستی .. وەنەبێ سوپای دلێر و قارەمانی عیراق ـ تەنها لە پێناوی عیراقدا دامەزرا و هاتە کایەوە ، بەڵکو لە پێناوی پارێزی کردنی هەموو خاکی نەتەوە بووە .. وەك دیاری داوە لە ساڵی «١٩٤٨»دا ، کە بەشدارێکی سەرەکی و راستەو خۆ بووە لە جەنگەکانی فەلەستینیدا ـ دژی رایونیزمی داگیرکەر ـ لە ناوچەکانی «جنینی .. کیشر ... کوکب الهوی .. هەڵەتەکانی کوفتش ... کفر قاسم و چەندەها ناوچەی تری لە فەلەستینیدا . .

شۆڕشی «١٧ـ٣٠»ی گەلاوێژی پیرۆز ..

لە ئەنجامی خنکاندنی بووکی شۆرشان ـ شۆرشی ـ ١٤ی ـ رەمەزان ـ ٨ مانگی شوباتا ـ لەوەرگەراندنە رەش و ناپاکەکەی رژێمی عارفی لە روژی «١٨»ی تشرینی ساڵی «١٩٦٣» گەلی عیراق دووبارە کەوتە ژێر باری نالەباری و دەربەدەری و زوڵم و زوریدا .. بەتایبەت هەفال تێکۆشەرەکانی بارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست و رزگاریخوازانی عیراق .. ئەو رژێمە کە مەبەستی پاکوداتێکی تەواوی هەبوو بەو تێکۆشەرانە ، ئەبینینی . وەك دەرکەوت دەربەکاتینی و بەکرێ گیراوی ئەو رژێمە گەیشتە لوتکەی خۆبەدەستەوە دان بە ئمپریالیزم و بێگانەکان بەڵام باش ئەو هەموو نالەباریە و کردەوە نارەوایە کە دژی خەباتگێڕانی عیراقی دەکرا ـ بەتایبەت هەفالانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. سەروای ئەو هەموو کردەوانە ئەو تێکۆشەرانو خەباتگێڕانە کۆلیان ئەدا و لە تێکۆشان و خەباتی نرێنی خۆیان نەکەوتن .. ئەوەبو لە بەرواری رۆژی «١٧» گەلاوێژی «١٩٦٨»دا بەسەرکرداێتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. بەرابەری سەرەك پێشەوا هەفال تێکۆشەر صدام حسین .. شۆڕشە مەزنەکەمان سەرکەوت بە کۆڕکردنی حوکمی خێزانی عارفی هەتا هەتابە .

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی «١٧ـ٣٠»گەلاوێژی مەزن ... سوپای عیراقی خۆشەویستمان بوو بە دامەزراوەیێکی شۆڕشگیری بۆ خزمەتکۆزاری جەماوەرانی گەلی عیراق و بەرکری کردن لە بەرژەوەندیەکان و مافەرەواکانی . بەرابەری سەرەك پێشەوا ـ هەفال تێکۆشەر صدام حسین . لە پێناوی بتەو کردنی و چەسپاندنی فەرماندەیی حزب و شۆڕش بەسوپاوە . شان بەشانی پاڤژ کردنەوەی ریزەکانی لە کومان لێکراو و خزاوەکان و پیلان گێڕەکان و بلاو کردنی بیرو باوەڕی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و رۆشنبیرێتی نەتەوەیی و سۆشیالیزمی لە ریزی ئەندامەکانیدا .

بێگومان .. لەماوەی «١٢» ساڵدا ـ لە تەمەنی شۆڕشی «١٧ـ٣٠» گەلاوێژی پیرۆز . هەرێمی عیراق ـ بەسوپا و شارستانی ـ کەورەترین پەرەسەندنی بینی لە کشت روو و ئاستێکدا . هەتا گەیشتە رادەیەك ئمپریالیزم و زایۆنیزمی جیهانی مەترسیێکی

کەورەی پەیدا کرد بەرانبەر بە ئەم چەشن و بەرەسەندنەی عیراق ، بەتایبەت پەرەسەندنی سوپای عیراق لەم ماوەکەمەدا ، ئەوە بوو کە هەستان بە رێکخستنی پلانێکی چەپەل دژی عیراق بە هاندانی رژێمی خومێنی و پشتگیری کردنی بۆ دەستدرێژی کردن بەسەر خاکی عیراق ، لەگەڵ ئەشدا سەرکرداێتی پارت و شۆڕەش لە عیراقی شۆڕشدا چەندەها جار ئاگاداری رژێمی ئێرانی کرد کە ئەنجامەکانی ئەو دەستدرێژیەی دەبێتە هۆی ئاگر بەردان بەناوچە ، ئایا وەڵامی رژێمی ناخونەکانی ئێران چی بێت .. !!؟ وەنەبێ سوود لە ئامۆژگاری و ئاگادار کردنی عیراق وەرگرێت .. بەڵکو پتر ئاگری نا بە ناوچەوە لەنێو دەستدرێژیەکانیەوە .. هەمان شێوە سەرکرداێتی عیراق لە پیشنیارەکانیدا بۆ ئەنجومەنی نەتەوە بەکگرتوەکان ئاگاداری ئێرانی کردوە .. بەڵام بێمێشکی و خونەناسی و لەخوبایی بوونی دام و دەزگاکانی ئاخونانی رژێمی ئێرانی خومینی هەموو بانگەوازەکانی عیراق و دەولەتان و گەلانی ئاشتی خوازی جیهان و نەتەوە بەکگرتوەکانی بەدواوە دا و گوێی نەدابا ئەنجامەکانی پاشەرۆژی دەستدرێژیەکانی لەو بیرو باوەڕەدا بوو کە سەرکردێتی عیراق لە رووی بێتوانایەوە ئەوشێوە هەوڵەی دەدا لە هەمان کاتیشدا لەو بروایەدا بوو کەداگیر کردنی عیراق زۆر ئاسانە ، بەڵام سەرکرداێتی پارت و شۆڕش لە هەرێمی عیراقدا لەژێر باری ناچاریدا ـ لەپێناوی بەرکری کردن لە نیشتمانی عیراقی پیروزمان ـ کەدەرگای رۆژهەڵاتی نەتەوە و نیشتمانی گەورەیە وەڵامی ئێرانی دایەوە .. ئەوەش کە پێویست بوو بۆ دوور خستنەوەی هێزەکانی ئێرانی لە سنوری رۆژ هەڵاتی عیراق .. ئەوبوو لە رۆژی «٢٤»مانگی رەزەبەر «ایلول» دا ـ ساڵی «١٩٨٠» وەڵامی دەستدرێژی و دوژمنکایەکانی رژێمی ئێرانی دایەوە بەلیدانی هێزەکانی ئێرانی بەشێوەیێکی توند و تیژی و داگیرکردنی چەندەها شار و دێهات و بنکە و مەلبەندە سوپاییەکانی ئێرانی و گەیاندنی زیانێکی هەرە کەورە بە سەر و ماڵی هێزەکانی ئێران ـ تەنها ئەوەش لە پێناوی دوور خستنەوەی هێزی بەکرێ کیراوی رژێمی خومێنی لەسنوری رۆژ هەڵاتی عیراق .. ئەك بۆداگیر کردنی هەمیشەیی و بەردەوامی و مانەوەی هێزەکانی عیراقی لەو شار و دێهاتانەدا .. وەك سەرەك پێشەوا هەفال تێکۆشەر صدام حسین لە ووتە

بەنرخەکەیدا ـ فەرموێنی « ئێمە شەرخوازنین .. بەڵام جەنگ بەسەرماندا سەپا .. ـ ئەبێ بەم شێوە و چەشنە وەڵام بدرێتەوە » .

بەڵێ :ـ سوپای فارەمان و دلێر و سەرکەوتومان .. بەڕابەری سەرەك پێشەوای چاونەترساومان .. شۆڕە سواری گەل و نەتەوە .. هەفال تێکۆشەر صدام حسین ـ سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق بە درێژای چوار ساڵ و چوار مانگ . لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ـ رۆژ بەرۆژ زیدەتر سەرکەوتنەکانی تۆمار دەکات لەسەر لابەرەکانی مێژووەکەیدا .. بەسەر هێزەکانی ئێراندا کە رووی کردۆتە شکستی هێنان لەژێر لێدانی بەردەوامی هێزە قارەمانەکانی دووهەم قادسیەدا ـ قادسیەی صدام ـ هەتا گەیشتمان بەمافەرەوایی و دادوەری و شەرەفمەندی خۆمان لەژێر ئالای پەکێتی و سەربەخۆیی و سوشیالیزمیدا ـ بەسەرۆکایەتی سەرکردەی دلێرمان سەرەك پێشەوا ـ هەفال تێکۆشەر صدام حسین ـ ..

● پیرۆز و هەمیشە بەردەوام بێت یادی پیرۆزی « ٦٤» ساڵەی دامەزراندنی سوپای دلێری عیراق . .

● هەزار سەڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی عیراقی سەرکەوتوومان ..

● سەلاویکی گەرم و رازاوە بە چەپکە گوڵێکی رەنگا و رەنگ و بۆن خۆش ، بۆ سەرەك فەرمانده و قارەمانی گەل و نەتەوە ـ رابەری سەرکەوتنەکانمان ـ هەفال تێکۆشەر صدام حسین ـ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانمان .

● سەرکەوتن هەمیشە بۆ گەلی عیراقی دووهەم قادسیە ..

● ـ مردن و سەرشۆری و رسوایی و رووەشی بۆ رژێمی ئێرانی خومێنی و دام و دەزگا درندەکانی و هاوپەیمانەکانی ـ لە ئمپریالیزم و زایۆنیزمی جیهانی و ئەو رژێمە ناپاکانە کە خۆیان بە عەرەب داناوە و هاری کاری دەکەن بۆ پشتیوانی کردنی رژێمی خوێن رێژ و دوژمنی عیراق و نەتەوە .

پێشکەش

دیاری بۆ جەنگاوەرێد دلێر

● هشیار محمد حسن ●

دهۆك

پێشکەفن .. پێشکەفن .. جەنگاوەرا
هێرشە .. سەرکەفن .. دلاوەرا
دوژمنا بشکێنن .. پێشڤە هەڕن
شۆڕەشە .. بجڤن .. خەباتکەرا

★ ★ ★

چەپەرێد دوژمنا بکەنە گوور
خۆیەرێس نەمینن ل ژێرو ژوور
بکوژن پاشڤەڕۆ و دبڤەلانکا
دیاری بۆ وەلات ئەو خوینا سوور

★ ★ ★

بۆ وەیە سەرکەفتن بۆ ئەی دلێرا
بدەنە سەر شۆپا شۆڕەشگێرا
کاروانێ زانینا مرۆڤاتی
دانە رێ کەهشتن هەیڤو ستێرا

★ ★ ★

خۆرتینۆ هەرنە پێش بخەبتن
بلڤن .. بزڤن .. نە تەبتن
سازبکەن ئازادی و سەرفەرازی
بن دەستی .. پێ پەستی وە نەبتن

★ ★ ★

بۆی سوپای دلێری عیراق

٦ی کانوونی دووەم جەژنی سوپای نەبەرو قارەمانی عیراقە وەکو ئەم رۆژەو لەساڵی ١٩٢١ سوپای عیراقی دامەزراوەبەدرێژایی ٦٤ ساڵ قەڵایەکی پتەویان دروست کردووە بۆپاراستنی سنووری عیراق و گەلی عیراق ، لەم رۆژەسلاومان بۆ هەموو سەربازو ئەفسەرەکانی عیراقە ، سلاومان بۆ جەنگاوەرانی سوپای میللی ، کەبالپشتی پتەوی سوپای عیراقیەو شان بەشانی ئەوانە لەبەرەکانی جەنگدا تێکۆشاون و چاوەرێ دوارۆژێکی رووناکن بۆ وەلاتەکەیان شەو نەدەن بەدەم رۆژەوە بۆ ئەوەی دوژمن زفەریان پێ نەیات و پیان نەبەتە ئەم دیوی سنووری ئازیز و پارێزراومان ...

ئەی سوپای قارەمانمان ، ئەی سەربازە بەجەرگەکانمان لەم جەنگە پیرۆزە ، جەنگی قادسیەی صدام دەوری شەرەفمەندی خۆتان چەسپاند ، عیراقتان لەدەستی دوژمنی ئێرانی چاوچنۆك پاراست ، بەسایەی ئێوەوە عیراق هەمیشە سەربەرز دەمێنێتەوە قەد نابەزی و سەر شۆر نابێت ، دەستە ئەژنۆ بەرامبەریان دانانیشن بەرەنگاریان دەبنەوەو رەتیان دەکەنەوە چونکە لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆز دەجەنگن ...

خومەینی جادووکەری تەلەکەبازو ئەو هەموو ئەو هەموو تەماحکارانەی چاوبان بریوەتە سەر گەشە پێدان و پێشکەوتنی وولاتەکەمان و بەخیلی بە ووریایی و هۆشمەندی کەلەکەمان دەبەن ، ناتوانن عیراق بەم جۆرە پێشکەوتنە ببینن کەوا وولاتێکی خاوەن شارستانی یەکی کۆنەو رۆڵە بەوەفاکانی لەبەخشش کەم تەرخەمی ناکەن تەنانەت سەرو ماڵی خۆزبان بۆ سەرکەوتنی عیراق دادەنێن ، دوژمن و تەماحکارە رق لەدڵەکان چاویان بروایی نادات ببینن عیراق خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندەو دەستی کردووە بە تەکاندنی تەپوتۆزی دواکەوتن بۆچەندها ساڵ کە سەرتاپای گرنبووەوە ، دەستی کرد بەدامەزراندنی کارگەو پیشەسازی خۆی کەشەپێدا دەستی کرد بەچاندنی کێڵگە کەبەشێوەیەکی سەوزو درەوشاوە دێتە بەرچاو . ئەمەش خیرو بەرەکەتی عیراق دەگەیەنێ لەبال ئەم هەموو پێشکەوتنانە قەڵەم وزانین دەکاتە رووناکی یەك بۆ هەموو رۆڵە ئازاکانی ، کەبنیاتنەری کۆمەڵن .

. لەبەرئەم هۆیانە ، خومەینی دەیەوێ درێژە بەم جەنگە بدات و شەڕ رانەگرێت ، بەڵام یا ئەوە بزانێت ئێمە بەسایەی سوپای قارەمانمان و بەووزەی بەرزیانەوە لەجەنگ ناترسین لەهەر کاتێکدا بی ئێمە حەز لەئاشتی دەکەین چونکە مرۆڤین وهەستی مرۆڤایەتیمان بەرامبەر یەکتری هەیە .

عیراق بەهێزترەو لەسەر حەقەو بەتواناترە چونکە سەرکردەمان (صدام حسین)ە وسوپای بەجەرگمان هێزو توانای لە صدام حسینەوە وەردەگرێ ، خومەینی با بەردەوام بێ لەجەنگدا وجەنگاوەرە بەجەرکەکانمان هێزی دەزمنی ئێرانی تێك و پێك دەدەن و سەریان لێ ئەوەشێنن .. باخومەینی گوێ بگرێ وببینێ ئەوەی سوپای پالەوانی عیراق دەیکات ، ئەو کانە جەنگ نامێنێ و درێژە بەجەنگ نادات ئەوکاتە تۆبە دەکات ، بەڵام کوردوەتەنی تۆبەی گورگ مەرگە ...

سمیرە محمد علی

وڵاتی من

«پێشکێشە بو سوپایی عیراقی یی دلێر ل روژا بوونا وی » .

ژ بیرا خو نەبە ئەوان روژێت لتە دبورن
خو هشیار کەمانی هەردێ لتە ژڤرن
نرینا نمێرو پلنگا ژ دول و نهالێت دەردکەڤن

★ ★ ★

قەد باوەر نەکە ئەز بهێلم دوژمن یاریا بتەبکەت
ئەز ناهێلم لسەرێ چیابێت تە ئاگرا بخو هەلکەت
ئاڤار یبارو کانیت تە شیلی بکەت

★ ★ ★

ئەو ج روژ بوون سەر تەرا بورین بەرزو شینی
نی ئەو روژ بوو یێت بی خودانی و بی سەمیانی
هەمیا ئێك دوو گرت بنەفینی
ئەو روژ دی ئێت و هەر دی بینی

★ ★ ★

سەرباز

نصر الدین حمید

Institut kurde de Paris

لە پێناوی زانانی قاموسێکی کۆکەرەوەو بەرفرەوانی کوردیدا...

اسماعیل رسول

دانانی قاموسێکی کۆکەرەو فرەوانی کوردی لەم قۆناغەی ئێستاماندا خواستی پیرۆزی هەموو کەسێکە چونکە قاموسەکانی بەردەستمان ، گشت ووشەو زاراوەی پێویست بۆ کاروباری بەرەو پیشدانی رۆشنبیری و دانانو گۆڕین لە زمانەکانی بیگانە بۆ زمانی کوردی ناگرنە خۆ .

کە لەبەرێکی ئاشکرایش لە زاردوکانی وێژەیی و زانستی نیایانا دەردەکەوێ . بەڵام چۆن دەتوانین ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بهێنن ئایا لە هیچەوە دەست بێبکەین و پسپۆرو توێژەرەکان بال بێوە بنێن تا بچنە دێهات و مەلبەندەکانی دەرەوەی شارەکان و لەزارە هەمە جۆرەکان و لەقسەی سەردەمی خەڵکی . ووشەو زاراوەو زادەی قاموسەکە بەبێی بلانێکی زانستیانە کۆ بکەینەوە ؟ ..

یاخود نشت بەو سامانە فرەوانەی کەلەپووری زمانمان بەسین کە بە درێژایی ساڵانی رابوردوودا کۆمان کردۆتەوە ؟ .

.. ئاشکرایە کە زمانی کوردی . لە سەرەنجامی رەخسانی زەمینەیکی گونجاو کەشە سەندن و پێشکەوتنی بزووتنەوەی وێژەیی و رۆشنبیری لەم چەند ساڵانەی دوایی‌دا . بە گەلێ هەنگاوی مەزن و فرەوان بەرەو پێشەوە چووە .

توێژەران و پسپۆرانی زمان چەندین باسو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە یان دەربارەی لقەکانی زمان پێشکەش کردووە . حاڕەسەری بەشێکی زۆری کیشەو گیری‌گرفتە کانیانیان کردووە . هەروەها لاپەڕەکانی کۆڤارو رۆژنامەکانی کوردی بەردەوام بڕ بووە لە لێکۆڵینەوەو و توێژو دەمەتەوێ دەربارەی وشەسازیو زاراوەو کێشەکانی زمان بەگشتی ، جگە لەوەش چەندین کۆنگرەو کۆبوونەوە بۆ لێدوانو جاردسەکردنی ئەو کێشانە بەستراوە .

هەروەها بەڕێوەبەرێتی گشتی‌ی خوێندنی کوردیش جموجۆلێکی فرەوانی لە مەیدانی کتێب دانان ودرگێرانی بۆ قوتابخانەکان بەرپا کردووە . بێگومان ئەم ئەرکە گەلێ کۆسپ و تەگەرەی کەوتە بەر لە بەر کێشەکانی ووشەو زاراوەکانی زانستی پێویست بۆ ودرگێران . بەڵام ئەوەی راستی بێ . ئەو کۆمیتانەی کاری دانان و ودرگێرانی کتیبی قوتابخانەکانیان کرتە ئەستۆ رەنجیکی زۆریان دا بۆ ئەم مەبەستە بەفرەوانیش بەشداریان کرد لە زۆر کردنو فرەوان‌کردنەوەی ووشەی زمانی کوردی و دارشتن و داتاشینی وشەو زاراوەکانی پێویست بە پێی توانایان .

بۆ حەقیقەتیش ئەوە دەڵیم کە کۆڕی زانیاری کوردی – پێشوو – واتا « کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد » ی ئێستا . رەنجێکی زۆری داوە لەمەیدانی بایەخدان بەزمانی کوردی و کێشەکانی و ئەرکێکی زۆری کۆمەڵێك زمانەوان و پسپۆران و نووسە و توێژەرانی کورد . ئەوانەی لە لێژنەکانی کۆڕدا کاریان دەکرد . توانیان چەندین لیستە و نامێلکە بۆ ووشەو زاراوەکانی کوردی پێویست بۆ کتێبی فێرکەکان و کارگێری و پێداویستەکانی وێژەیی و رۆشنبیری . دابنێن . هەرچەندە ئەم کۆمەڵە ووشەو زاراوانە هەموو پێویستیەکانی جوولانەوەی رۆشنبیریو ئەدەبی دابین ناکەن . یا لەوانەیە گەلێ کەس راو هەڵویستی تایبەتی خۆی .دەربارەی واتاو دارشتنی هێندێ لەو ووشەو زاراوانە هەبێ . بەڵام هەر چۆنێك بێ ئەرکەکەیان زۆر بە سوود و پیرۆزە . یارمەتی بزووتنەوەی رۆشنبیریان داوە تا بەردو گەشەکردنو پێشکەوتن بڕوا .

زمان دیاردەیەکی راگۆزاری نییە . ناشتوانری لە هیچەوە درووستبکرێو بە پێی ئارەزوو بکۆژرێ . چونکە ئەو دیاردەیە لەگەڵ بزونی نەتەوە پەیدا دەبێو بەردو پێشچوونیشی بەندە بەو بەردو پێشچوونە مێژوویەی نەتەوەکە . ئەو گۆڕینەی بە سەر زماندا دا دێ لە راستیدا رەنگ دانەوەی ئەو کورانکاریە سیاسیو ئابوری و کۆمەڵایەتی‌و جوغرافی‌یانەیە کە بە سەر نەتەوەکەدا دێ ، جا بۆیێ پەیدابوونی زارەکانی یەك زمان ، لە چوار چێوەی ئەم دیاردەیە دەرناچێ .

وەش نەبێ ئەم دیاردەیە هەر لە تاو کوردوا هەبێ ، بەڵکو باریکە هەمرو نەتەوەکانی ئەم زەمینە لە قۆناغە مێژوویە تایبەتیەکان‌دا دەگرێتەوە .

واقیعی مێژوویی وای کردووە کە زمانی کوردی ئەم جۆرە زارانەی هەبێ ، وەکو زاری کرمانجی‌خوارو لووری‌و هەوردمانی . هەر وەکو دیارە ، دوو زارە سەرکییەکان پڕن لە چەندنی پێچوە دابلێکتی دبکە ، کە واقیعی جوغرافی‌و کۆمەڵایەتی بە درێژایی سەردەمانەی تێپەڕ بوو بەسەر میللەتی کورد ، پەیدابوون . لە تواناشدا نییە کەوبر بەسەر ئەم هەمرو هۆزیە کاریگەرە سیاسی‌و ئابوری‌و جوغرافی مێژوویانە تێپەڕین‌و راستەو خۆ زمانێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی دابمەزرێنین ، هەتا ئەگەر هاتو توانیمان فەرهەنگیکی فرەوان دابنێین وشەو موفرەداتی زارەکانی زمانی کوردی هەموو تێدا بێ .

کێشەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ، واتا – زمانی نووسینو خوێندنەوە – لەو کێشانەیە کە ووتوویژو دەمەتەقەیکی زوری لەسەر کراوەو گەلێ توێژەرو نووسەرانمان لێیان کۆلیتەوە ، لەوانەیە بیرو رای کەلێکیان تیراونینی ناوچەیی‌ی کاری تێکردنی بەڵام ئەوەی گرنگ بێ لەم دەمەتەقێیە ، ئەم رایانە بەسەر دوو رێرەو چۆن دەتوانین زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دوو رێرەو دابەش دەکرێن هەر دووکیان وەلامی ئەم پرسیارەدەدەنەوە چۆن دەتوانین زمانی ئەدەبی یەکگرتوو درووستبکەین ؟! ..

ئایا ئەتوانین بەکێ لە زارەکان – ابجات – بکەینە بنچینەی ئەم زمانەو بە پێی پێویست بە ووشەی زارەکانی دیکە موتربەی‌بکەین ؟.. وە یا لە تێکەڵاو کردنی ووشەو زاراوەکانی هەموو زارەکانی کوردی زمانێکی نوێی یەکگرتووی نەتەوایەتی درووست دەکەین ؟! .

من وای تێدەگەم کەرای دوایی – تێکەڵاوکردنی شێوەزمانەکان لەوانە نییە سەر بگرێ ، چونکە ئەوەی زمان دادەنێو پەرەی پێدەداو زەمینەی گونجاوی بۆ درووستدەکا ، نەتەوەیە ، لە تواناشدا نییە هیچ شێوە زمانێك بە زۆرو ناڕەزایی خەڵك بسەپێندرێ .

پێکەیشتنی باری مەوزوعی‌و بەرپا بوونی دەرفەتی گونجاو لە رێرەوی بەرەو پێشچوونیکی مێژوویی زەمینەی پەیدا بوونی ئەم زمانە نەتەوەیە یەکگرتووە خۆش دەکا .

ئەوەی ئێستا لەبەر چاوە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عیراق ئێران بەسەر کۆڕەپانی رۆشنبیری‌دا خۆی زاڵ کردووە . ئەو شیوە زمانە کە – مجازا – پێی دەگوترێ شێوەی سۆرانی . بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەم شێوە زمانە گۆڕانکاری‌و بەرەو پێشچوونیکی زۆری بەسەر داهاتووە ، ووشەو زاراوەی زۆربەی زارەکانی دیکەی کەوتۆنە ناوەوە ، بە تایبەتی هی دابلکێکتەکانی زاری کرمانجی خوارووو، وە بە پێی بروابی خۆم تازە لە توانادا نییە شێوە زمانێکی تر بەسەر دانیشتوانی ئەم ناوچانە بسەپێندرێ بەڵام شتێکی گەلێ پەسندو باشە گەر بێتو بەردەوام ئەم زمانە ئەوە بییە یەکگرتووە بە وشەی نوێو زاراوەی رسەتی کوردی‌ی زارەکانی تر دەوڵەمەند بکرێ .

هەر ئەم واقیعەشە وای لە داتیشتوانی ناوچەی بادینانو کوردستانی تورکیا کردووە کە بە زاری کرمانجی ژوروو بدوێنو بنووسن . لەبەر ئەوەی کوردستان سنووری جوغرافی یەکگرتووی هەمو بەشەکانی نییە بۆیی شتێکی ئاسابیە شێوە زمانەکانی وەکو خۆی بمێنێتەوەو ئەو شێوە زمانانە هەتا پاش بوونی زمانی ئەدەبی‌ی یەکگرتووش هەر دەمێنێتەوە . مانەوەی زارەکان ، مانای درووست بوونی چەند زمانێك نییە ، چونکە رەگو بنچینەکانی ئەم شێوە زمانانە بۆ یەك چاووگ دەگەڕێتەوە . بەپێچەوانەوە ئەم زارانە لەبەر کارتێکردنی پێشکەوتنی رۆشنبیری‌و زانستی‌و بەرەو پێشچوونی هەستی نەتەوایەتی هەرگیز لەبەك جیاواز دەبنەوە، باری سیاسیش کارێکی بنەڕەتی لەم مەبدانەدا دەگێڕێ .

دەبێ لێرەدا جیاوازیەك دابنێین لە نێوان زمانی نەتەوایەتی‌و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو – واتە زمانی نووسینو خوێندنەوەی نەتەوە . زارەکان بەگشتی بنچینەی سەرەکیی زمانی نەتەوایە تییە ، بەڵام هیچ مەرج نییە ، ئەم زارانە تێکەڵاو – مزج – بکرێنو لەیەك بۆتەدا بتوێندرێنەوە ، تا زمانێکی یەکگرتووی لێی درووست بکرێ . ئەوا تاقیکردنەوەی زمانی عەرەبی لەبەر دەممانە ، کە لەسەر بنچینەی تێکەڵاو بوونی شێوە زمانەکانی عەرەبی پێش ئیسلام پەیدا نەبووە ، بەڵکو بناغەکەی شێوە زمانی قورێشەکان بوو کە قورئانی پیرۆزی پێ هاتە خوار، بەو رێگایەوە بوو بە زمانی یەکگرتووی عەرەبو بەپێی‌ی پێشکەوتنی مێژوویی ئەم زمانە پەرەی سەندو بە وشەو زاراوەی دابلیکتەکانی هێزو ناوچەکانی دەوڵەمەندکرا ،لە هەمان کاتیشدا هەمە جۆرە زارەکانی – لهجات – دبکەش هەر مانەوەو کۆمەڵاتی خەڵکی وڵاتەکانی عەرەب لەناو خۆیاندا پێی دەدوێن .

زمان وەکو هەر دیاردەیکی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی بەو بارە هەمە جۆرانەی کە پێیدا دەڕوا، کارتێکراو دەبێ ، هەروەکو ئەو بارە سیاسیانەی کە میللەتی کورد بە درێژایی مێژووە رابوردووەکەی تیایاندا ژیاوەو نزیك بوونەوەی‌و بەیوندی لەگەڵ میللەتانی دی بووە هۆی ئەوە . زمانەکانیان کار بکاتە سەر زمانی نەتەوەییمانو گەلێ وشەو زاراوەی بچێتە ناو . وەش نەبێ ئەم دیاردەیە هەر لە زمانی کوردی‌دا هەبێ .

دەمەوێ تێبینیەك بخەمە بەر چاو . ئەویش بەیوەندی زمانی کوردی بەزمانی فارسییەوە ، چونکە هەموو توێژەرانو پسپۆرانی زمان ئەم راستییە دەزانن . کە زمانی کوردی‌و زمانی فارسیی. لە زمانەکانی هێندو – ئەورووپین هەردووکیان رەگیکی هاواتا بەیەکەوەیان دەبەستێ. لەبەر ئەوە جێی سەر سووڕمان نییە کە کەلێ وشەو زراوەی بەیەك واتا لە هەر دوو زمانەکەدا هەبن . بەڵگەشمان بۆ چەسپاندنی ئەم رایە زۆرە . کە لەم گوتارە کورتە جێی نابێتەوە. بەڵام لەتەك ئەم دیاردە سرووشتییە چاومان بەگەلێ وشەی فارسیی دەکەوێ کە کەوتۆتە ناو زمانەکەمان بێ ئەوەی بەیوەندی بەزمانی کوردیەوە هەبێ . گەلێ کەس بەکاری دەهێنن‌و لەوانەشە کە هێندی کەس بە وشەی رەسەنی کوردی تێبگەن . بێگومان پاك کردنەوەی زمانی کوردی لەم جۆرە وشانەو هەر وشەیەکی بێگانەی تر کە بەرامبەری وشەی رەسەنی کوردی هەبێ . پێویستیکی سەرەکی‌یە بۆ راستکردنەوەی زمانەکەمانو پاریزگاری کردنی لە دەست تێوەردانو کۆرینی‌ی . سەرەنجیش بۆ ئەوە رادەکێشم . کە زمان بە پێی‌ی بەرەو پێشچووی ژیانی مرۆڤایەتی . بەرەو پێشەوە دەچێ . ئەو زمانەی کە لە کۆمەڵگایەکی خێلەکی‌دوا کەوتوو باو دەبێ، جیاوازە لەو زمانەی کە لە کۆمەڵگایەکی دیکەی پیشکەوتوو . لە مەیدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و زانستی . بەکار دەهێندرێ . چونکە ئەو بەرەو پێشچوونە وا دەکا کە وشەو زاراوەی تازە درووست بێ تا زمانەکە بخاتە هەمبەری بەرەو پێشچوونی لایەنەکانی تری ژیات . ئێمە لەوانەبە نەتوانین وشەو زاراوەی نوێ بۆ داهێنانەکانی – اختراعات – زانیاری . لە مەیدانی فیزیاء کیمیاو فەلەك‌و بایۆلۆجی‌و ..هتد ، واتا زاراوەکانی زانستی ، لە زارەکانی رەمانەکەماندا بدۆزێنەوە ، بویە ناچار دەبین کەروو بکەینە وشەو زاراوە داتاشینو دارشتن ، یا هەمان زاراوەی بێگانە بۆ واتاکانی بەکار بهێنین ، چونکی شۆڕشی زانستو تەکنەلۆژیا هەرچەندە مەلبەندەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانە ، بەڵام ئەم دیاردەیە بەرەو رێبازێکی جیهانی‌یەوە دەڕواو هەموو میللەتانی سەر رووی ئەم زەمینە کەلکی لێوەردەگرن ، بویە پێویست ناکا لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەکانی کە سیفەتی جیهانی وەرگرتووە بڕەوینەوە .

زمان هەرگیز بەرەو پێشەوە دەچێ ، بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ، ئەوبش بەردەوام بە وشەو زاراوەی نوێ دەوڵەمەندتر دەبێ . هیچ زمانێکیش لەسەر رووی ئەم زەمینە نییە ، کە خاڵی بێ لە موفرەداتو وشەو زراوەی زمانەکانی نەتەوەکانی تر، ئیتر کەم یا زۆر .

دیسان ئەوە دەڵێم ئەگە بێتو بۆمان بکرێ زمانەکەمان لە وشەو زاراوەی بێگانەی نا پیویست پاك بکەینەوە ، ئەوا خزمەتێکی گەورە پێشکەش میللەت و زمانەکە مانی دەکەین .

جارێکی دیکەش ئەوە دوو پات دەکەمەوە ،کە تێکوشانو رەنج دان بۆ دانانی قاموسێکی کوردی کۆ کەرەوەو فرەوانی وشەو زاراوەکانی هەموو زارەکانی کوردی ئەرکێکی نەتەوایەتی مەزنە دەبێ هەموو رۆشنبیرو پسپۆرانی زمانو توێژەران بە دڵسۆزی بیخەنە ئەستۆی خویان ، بەمەرجێك ئەم هەموو ئەرکو هەوڵدانانەی ، کە قاموس دانەرانو پسپۆرای زمان داویانە .. ئەم هەموو میراتەی رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و زمانەوانی ، بکرێتە کەرەستەی سەرکی‌ی ئەم کارە مەزنە . بێگومان ئەم قاموسە بۆشایێکی فرەوان لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە .

Institut kurde de Paris

زانست

تایا شیریی ئێشەکی‌نەخۆگرە توشی چێلێت بەرێ شیرێ وان گەلەك بلندین‌نەخاسمە پشتی زانێ ... هەروەسا ئەف ئێشە توشی مها ئو بزنا ژی دبتن بەلێ کێم تر ژچیلا .

Milk Fever

تایا شیری

ئەگەرێ ئێشی
Causes of disease

ئەگەرێ ڤێ نەساخیێ ئەوە کێم‌بینا ماددا کالسیوم ژخوینا چیلێت بەرێ شیرێ وان بلند ...ئو یازانا ئەوە کالسیوم دناف خوینا چیلێت ساخلەمدا .١ملغم٪ بەلێ ئەف یاباهە کێم‌دبتن ئو تێتەخار حەتاکو دکەهتن (٣–٧) ملغم٪ ل چیلێت ئەف ئێشە لێ .

ئو کەلەك ئەگەرێت هەین بو کێم‌بین‌و نزم بینا نسبەتا ١ کالسیوم‌ایێ دناف خوینا چیلێت ئەف ئێشە لێ ئو ژڤان ئەگەرا ..

١ – ژبەر شیوێ زاکێ حونکو کالسیوما دناف شیربێ زاکێدا ستێزدەهـ جارا تەمەت کالیسوما دناف خوینێ دایە ... ئو دڤێرێ پشتی زانێ کولکێت سافا ڤێ شیری ژ گوهانا دمێژن. ئەمەژی دبتن ئەگەرێ کێم‌بینا کالسیومێ دناف خوینا چیلێت مالکدا .

٢ – خارنا تێشکن دناف زکێ ماکێدا بەرێکا هەمالوکی ژخوینێ هەروەسا زێدەبینا بەرهەمێ شیری شتی زانێ ..

ئەمە دێبنە ئەگەرێ کێم‌بینا کالسیومێ دناف خوینا چیلێت ئامزدا .

٣ – لە کافێت زانێ ئو ژبەر زێدەبینا هورمونێ اوستروجین دێ مژاندنا کالسیومێ ریفیکێدا کەلەك کێم‌بتن .

٤ – کێم‌بینا لفاندنا کالسیومێ ل جهێت عونبارکرنا کالسیۆمێ دناف لەشی‌دا .. نەخاسمە دناف هەستیێت لەشێ تەرشی پیردا ئەمەژی ژبەر کێم‌بینا بزاڤا پاراتابردید کالاند
Parathyroid gland

ئەمەو ژبلی کێم‌بینا کالسیومێ دناف خوینێدا .. کەلەك ئەگەرێت دی ژی وێت هەبن بو توش‌بینا تەرشی ب ئێشا تایا شیری وەکی .

١ – ل کافێت زانێ ل چیلێت ئامز بەهرا بتر ژ خوینا وان چتن دناف زکی ئوکوهانادا .. ئەمەژی دبتن ئەگەرێ کێم‌بینا خوینێ دناف مەژیدا ئو ل دیماهیکێ توشی ڤێ ئێشێ دبتن .

٢ – یان دبێژن هەکە میقروبێت نەهەوائی جۆنە دناف گوهانادا یانژی ژحربینا چێدبتن دناف گوهانادا ژ بزاڤ و زێدەبینا بەرێ شیری ، دبتن ئەگەرێ ڤێ نەساخی .

٣ – نە کارکرنا
adrenal gland

ئو کێم‌بینا شەکرا کلوکوز د ناف خوینا لەشێ تەرشی‌دا دبتن ئەگەرێ توش‌بینا تەرشی ب ئێشا تایا شیری. « نیشانێت نەساخیێ »

ئەف نەساخیاهە ل تەرشی دەست پێدکتن ژ (١٢) سەعەتا حەتا سێ روژا پشتی زانێ ... یانژی نەساخی (٢٤) سەعەتا ژبەرێ زانێ دەردکەفتن ئو کێم‌جارا (٢) دوو هەیڤا پشتی زانێ دیاردبتن ...ئو ئەف نەساخیاهە ل ناڤبەرا زکێ سێ حەتا زکێ بێنجێ دیاردبتن ... چونکو دڤی دەمی‌دا بەرێ شیری کەلەك بلندە .. ئو نیشانێت ڤێ نەساخیێ ...

١ چیلا ئەف ئێشە لێ نە شێتن ب رێڤەبچیتن ئو گافا برێڤەبچیتن دێ پێت‌خۆ لدیف خۆ ڤەخۆشینتن .

٢ – ئالیکێ نەشێت باش بخوتن ئو دێ رەنگێ وێ پێتی‌بتن ئو جیلا ماك گوهێخو نادتن گولکا خۆ یا سافا .

٣ – دێ جیلا نەساخ خو بەردتن سەر عەردی ئو پێت خۆ درێزکتن ، بەلێ ستووێ خۆ دێ ل سەر ئالەك لەشێ خۆ خاهرکتن ئو هەولدتن رابتن بەلێ نە شێتن .

٤ – بیبکا چاڤێ جیلا نەساخ دێ فرەهیتن ، هەروەسا هەمی ماسولکێت لەشی دێ خاڤبن .

٥ – بێهن‌کێشانا چیلێ دێ هێدی بتن ئو کیربتن کو مروڤ بخورتی کولێ دبتن، هەروەسا قوتانا دلی ژی دێ زەعیڤبتن ئو هێدی بتن .

٦ – پلەیێت گەرماتیا لەشی دێ هەر وەکی خۆبتن یان نزم تربتن ئو هندەك جارا بلند دبتن ل کەل تایێ ئو ئەگەرێ ڤێ تابێ ژی ژبەر ژەهربی نییە .

٧ – ژ بەر لافنجیا (شەلەل) بەلعومێ ئو سورێکمێ یا چیلا نەساخ دگرتن نەشێت خیزاڤێ (اللعاب) داعیرتن ئو دێ خیزاف دناف دەڤی‌دا کوم دبتن ئو ژ دەڤی ئێتەخار . یانکو گلیز ژ دەڤی ئێتن ، ئەڤەو ل چیلێت نە ئێن جارەسەرکرن دێ ئەف خیزافە چتن ناف کرکروکێ ئوپشێ دا ئو دێبتن ئەگەرێ کولبینا پشتێ .

٨ – ئەو چیلێت دکەفن سەر عەردی دێ زکێ وان وەرمتن و دەڤتن ..

هەروەسا گوهانێت تەرشی دێ نەرم بتن ئو بەرێ شیری گەلەك کێم بتن .

«جارەسەرکرن» ..

بو جارەسرکرنا تەرشی ژ ڤێ ئێشێ دێ ل سەر ڤێ چەندێ بتن .

١ – کارئینانا
calicium gluconate

مەحلولێ ٢٠٪ (٣٥٠) ملی‌لتر ب شرەنقێ ل شین دەماری دن ١/٧ ئو (١٥٠) ملی‌لتر هەر ژوی مەحلولی پشتی (١٥) پانزدە دەقیقا حەتا نیف سەعەتی لبن جەرمی ٢/٢ ل جیلا نەساخ دن .

٢ – کارئینانا مەحلولێ کلوکوز
glucose solution

٤٠٪ هەر روژ (٤٠٠) ملی‌لتر ژڤی مەحلولی ل شبن‌دەماردن یەعنی ل وەریدی‌دن .

٣ – کارئینانا هورمونا دیتژنێ
Adreno cortico trophic hormone

بشرەنقێ (٥٠) حەتا (١٠٠) سەد وەحدێت جیهانی ( ) ل گوشتێ جیلا نەساخ دن .

٤ – نەهێلانا گولکێت سافا بو مژاندن و ڤەخارنا حەمی شیرێ زاکێ ژ گوهانێت ماکێ داکو جیلا ماك جارەکادی نەکەفتن ڤە.

٥ – ل حالەتێت دژوار پێت نەساخیا تایا شیری پێتقیە بایی بکنە دناف گوهانادا ئو مەمکێت گوهانا بێنە گرێدان بو دەمێ دسی حەتا چۆار) سەعەتا پاشیکا ڤەدکن ئو ئەف کارێهە سێ جارا حەتا چۆار جارا تێتەکرن ، ئەمەژی داکو میقروبێت نە هەوائی ئەوێت دناف گوهانادا بێنە پیچکرن .. دا جارەکادی ئەف

بروانە ل ١١

د. ناظم سامان

رۆشنبیری و ئاسۆکانی

بەشی دووەم

اسماعیل رسول

یلەی تێگەیشتن و ووشیاری مرۆڤ لەو سەردەمانەدا بەرەو بەرزیەوە چوو ، رۆشنبیریش بەر فرەوانتر بوو ، زانیارەکانی ئەندازیاری و خانوبان دروست کردن فەلەک و ئاودێری و کشتوکال چاندن و پیشە هەمە جۆرەکان و فەلسەفەو ئەدەب و هونەرو گەلێ جۆری زانیاری تر کە پێشکەوتنی باری ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەلگا هێنایە کایەوە ئەمانە هەمووی پای نایە بلەیەکی پێشکەوتو تر. بەلگەمان بۆ ئەمە، ئەو خشتە قورانەن ، کەلەکتێبخانەکانی ئاشوریەکان ، بۆمان، ماونەتەوە .

زانیاریەکانی ئەو چەرخانە ، زادەی سەرەکی و ناوەرۆکی رۆشنبیری بوون بەلام ئەم رۆشنبیریە ، بە رووکەشی ئاینیدا پۆشرابوو . پلەی بیرو هۆشی و توانای مرۆڤی ئەو سەردەمانەی ، لە لێکدانەوەو شی کردنەوەی دیاردە سروشتیەکان و کۆمەلایەتیەکان و هێزە بزوێنەرەکانی ، دیار دەخست . ئەو خوایانەی کە خۆی دروستی دەکرد ، هەر خۆشی کرنۆشی بۆ دەبردو جلەوی ژیانی و چارەنووسی خۆی دەدایە دەست ، کە ئەمەش لە ئەدەب و هونەری ئەوسەردەمە ڕەنگی دەدایەوە ، بە ئاشکرا لە داستانی گلگامیش و (الخلیقەی بابلی) و پاشماوەکانی دیکەدا دیار دەکەوێ.

رادەی رۆشنبیری زۆربەی ژیارەکانی ئەو سەردەمانە لە یەکەوە نزیك بوو چونکە ئەو ژیارانەی سومەری و ئاشوری و بابلی و فیرعەونی ، لە یەکەوە دوور نەبوون ، پەیوەندیەکی بەردەوام بە رێگای ئاڵو گۆری بازرگانی و شەرو شۆڕێکی بەردەوام بە یەکەوەی دەبەستن ، هەر ئەوەش بووە هۆی تێکەڵاو بوونی رۆشنبیری ئاڵو گۆڕ کردنی زانیاری .

بەلام رۆشنبیری لەسەردەمی ژیاری یۆنانی دێرین ، تا رادەیەکی زۆر پێشکەوت، فەیلەسوفەکانی وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆو ئەبیقرات و سوقرات دەیانی وەکو ئەوانە ، بەردی بناغەی ئەم فەلسەفەیان دانا کەتا کۆتایی سەدەکانی ناوەراست بنچینەی فەلسەفە بەگشتی مایەوە . فەلسەفەی یۆنانی بایەخی بە کشت چالاکیەکانی ژیان دەدا ..

«ئەغریقیەکان واتەیی چەمکی زانیاری بەجیاوازو دوور لە وشەی رۆشنبیری تێگەیشتن .. ئەو رۆشنبیریە پایە بەرزەی کە بۆ کۆمەلە خەلکێکی هەڵبژاردەی کۆمەلگا تەرخان کرابوو . رای ئیزۆقرات و ئەفلاتۆنیش دەربارەی ئەمە گەلێ ئاشکرایە . گومانیش لەوەدا نییە کە لقە زانیاریەکانی چەرخەکانی دێرین زۆر کەم بوو ، بە شێوەی زانیاریەکی ژیارێك کە زیاتر بەرەو بیر کردنەوە سەرنج دان خۆی پێشان دەدا .. بە تایبەتی ماتماتیك و زانستی فەلەك ، کە هەردوکیان لە سەرەکی لیستەی زانیاریەکانی دیکە بوون و گەیشتبوونە ترۆپکەی ئەم ژیارە . بەم جۆرە باوەری ئەرخەمیدی و بیری یا (یاسای) بەتلیمۆس بۆ ماوەی پازدە سەدەی پاش مردنیان هەرزاڵ بوو . لە نیوان ئەو پازدە سەدەیەو زانستی مەوزوعی لە رۆشنبیری جیاواز بووە» .

ماویەتی

رووداوەکانی دنیای ئابوری:

ئوبێك لە بەردەم بەرەنگاربوونەوەدا

لەم دوایەدا کونگرەی ئەنجوومەنی وەزیرانی رێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت ئوبێك لەجنیف کۆتایی هات دوای سێ رۆژ گفتوگوی دوورودرێژ سەبارەت بە بەرهەم و نرخ و باری بازاری نەوت . لەم کونگرەیەدا دەزگای چاوەدێری بەرهەم پێك هات و هەموو دەسەڵاتێکی کارکردن درابەم دەزگایەی بەسەرەکایەتی وەزیری نەوتی سعودیە دەبێ .

لەم کونگرەیەدا هەموودەوڵەتە ئەندامەکان تەنیا جەزائیرو نەیجیریا نەبێ رازی بوون بەپاراستنی نرخی ئیستای نەوت کە ٢٩ دۆلارە بەرامبەر بەرمیلێ

ئەمەو سەرەکی کونگرەی ئوبێك د. سوبرۆتۆ بانگەو زیکی ئاراستە کرد بۆ وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت لە دەریای سەرووکەپاڵە پەستۆ بەکارنەهێنن بۆ کەم کردنەوەی نوێی نرخ لەبازاڕدا .

رووداوەکان بە وێنە

لەم دوایەدا شەممەندەفەرێکی نەفەر بەر لە ناوچەی سان بندیتۆ ـ فیرار لەئیتالیا لەگەڵ گەیشتنی بە تونەیلی نزیك ئەو ناوچەیە لە پڕ تەقیەوەو بوە هوی مردنی ١٦ کەس و بریندار بوونی ٢٠ی تر .

ئەم کارەساتە پولیسی ئیتالیای سەرسام کردوە ، بە تایبەتی ساڵی ١٩٧٤یش شەممەندەفەریکی تر بەهەمان شێوە تەقێنرایەوە بەبێ ئەوەی بزانرێ چ لایەنی بەر پرسیاری ئەم دوو رووداوەیەو ئەم کارەساتە هەتا سەرجەمی حکومەتی ئیتالیای قارس کردوەو سەرەك وەزیران کراکسی خۆی سەری لەشوێنی رووداوەکە داوە .

عەرەفات ـ پاشماوە

ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین رێکخراوەکەی لە پەك کەوتن و ونبوون دەکرد.

سەرەکی لێژنەی رابەراندنی رێکخراوی رزگاری داگیرکاری زایونی کرد ، هەروەها دوو پاتی کردەوەکە خەباتی چەکداری کە لەساڵی ١٩٦٥ ە وەماوەی رەخسان بۆگەکا فەلەستین شەخسیەتی خۆی بسەلێنێ رێگای بنەرەتی رێکخراوەکە دەبێ .

لەلایەکی ترەوە یاسر عەرەفات سەرلەنوێ رای گە یاند رێکخراوی رزگاری پرۆژەکەی رۆنا لدرێگانی سەرەکی ئەمەریکا رەفز دەکاو وتی : بنەرەتی ئاشتی رەزامەند ئەوەبە کەلەبرۆژەی عەرەبیدا دیاری کراو .

تایا شیری ـ پاشماوە

میقرویە نەبن ئەگەرێ نەساخێ .

بو پاریزەن گوقورتال کرنا تەرشێ ئاڤز ژێ نەساخێ ئەوە .

دڤێتن کالسیوم بو تەرشێ ئاڤز بێتە کارئینان ئەڤەژی دوو روژا ژ بەری زانێ هەروەسا کارئینانا کالسیومێ بو دەمێ دوو روژا پشتی زانێ .. ئەڤەژی داکو تەرشێوە توشی ئێشا تایا شیری نەبتن ئو ئەڤ تشتێهە نێ دڤێتن ل بن چاڤ دێریا بزحکێ ئاژەلی بێتەکرن .

نیسماعیل ـ پاشماوە

بۆچی بەباشی لەتابلۆکان ناگەین !!

بۆئەوەی زۆردوور نەکەوینەوەو سەری وەلامەکەش لەدەست وەلامەکەش لەدەست نەترازێت دەلێم : کەی هونەر بۆ ژیان بوو ئەوا پێویستە جەماوەرو هونەرمەندیش خۆیان لەئاستی تێگەیشتنی یەکدی نزیك بکەنەوە ، بۆئەوەی هاوشانی یەك دروست بێت.

لەکۆتایی دا هێڤی دەکەم شتێکم ووتبێ و کاك ئیسماعیل خەیاتیش هەر دەسرەنگین و بە بەرهەمتر بێت .

ڤەکۆلینەك ـ پاشماوە

بو بێش ڤە جونا عیراقا مە یا مەزن و بسەرکەفتێ و ئەم هەمی بزاڤێ د کەین بو زیدە کرنا بەرهەمی دا بینە پالدانەك بو ئابوریا عیراقا مە یا خوشتڤی .

٥ ـ یونس احمد شیخ محمد ئەز دەرچوێ ئامادەیا بیشەسازێ مە وئەڤە نێزیکی دوو ساڵانە ئەز ل قێ کارگەهێ شۆلدکەم و ئەم پالدانەکا مەزن پێ د کەین بو راگرتنا سەرکەفتنێت مە پێ لجەبهەی قارەمانێت عیراقێ بجهـ د ئینن و بو زیدەکرنا بەرهەمی و باشتر کرنا رەنگێ بەرهەمی و ئەم د ئامادەینە بو ڤی وەلاتی و بو پارت و شورەشی و سەروکێ تێکوشەر صدام حسین .

٦ ـ فاروق مختار محمد . هاوولاتی یەکێ مصری یە ل کارگەهێ شول دکەت و دبێژیت ئەز گەلەك پێ دل خۆشم کو ئەز ل کارگەهەکا هوسا یا بەرهەمی شولد کەم د وەلاتێ عیراقێ دا وەلاتێ من پێ دووێ و ئەم داخازا سەرکەفتنێ بو چەماوەرێ عیراقێ

گەشتێك ـ پاشماوە

هەموو شیمالی ، هی تورکیایە
شیمالی شەرقی ئێرانی تیایە
جنوبی خلیج ، ئەمارەتی کۆیت
سەحرای (نەجد)یشە ، مەعلووم بێ لیت

لەبابەت رووباری دیجلەو فوراتیشەوە ئەمەی پێ لەبەر ئەکردین :

نەهری ناوعیراق دیجلەو فوراتن
ئەلێی کەوسەرو ئاوی حەیاتن
خێرو نەفعیان ناگرێ ژمارە
درووستە بلێی قەترەی دینارە
تێکەڵاو ئەبن ، لای قورنە هەردوو
ئەمجا گوم ئەکەن ناوەکەی پێشوو
بە (شط العرب) شوهرەت وەرئەگرێ
بە هەموو نەوعی ناووی لێ ئەبرێ
بەلیوای موصلا ، دێتەو وڵاتمان
سەرچاوەی دیجلە خواری گۆلی وان
فورات لەناو تورك ، دێتە سووریە
لە(درێی) بۆعیراق ، وەستانی نیە
هەروەك عاشقی مەجنونو موشتاق
هەردووکیان خۆیان ، ئەکوتن بۆعیراق

بەلام لەهەمووی خۆشتر باسی (لیوا) کانی ئەوسای عیراقە کەبەم هەڵبەستە رەنگینە باسیان ئەکات ، جا ، هەر بۆمێژوو باسی ئەکەم ، جارێك منی هەڵسان لەوانەی جوغرافیا (کەدەرسی پۆلی دووش نەبوو ، بەڵکو هی بەرەو ژوورتر ، بەلام چونکە قوتابخانەکە تەنها دوو ژووری هەبوو ، یەکێکیان تەنها بۆپۆلی یەکەمبوو ، ژوورەکەی تر بۆپۆلی دوو ، سێ و چواربوو ، هەر ئەوەبوو ، ریزەکانمان جیاوازبوو ، لەبەر ئەوە هەرچیەکی بە قوتابیەکان بووتایە ئەوانی تریش رەوانیان ئەکرد) چونکە قوتابیەکی پۆلی چواری هەستان نەیزانی ، منی هەڵسان گوایە من ئەیزانم منیش یەکسەر ووتم :

بەسن مەنطیقە عیراق بەش کرا
شیمالو وەسەت ، جنووب ناوبرا
هەمو شارێکی پێی ئەلین لیوا
هەژدە لیوایە بیزانە هەروا

دوای ئەوە هەرلەسەری رویشتم :

چوارلەم شارانە کەوتوونە شیمال
سلیمانی و کەرکووکی خۆشحال
هەولیرو موسل شاری مەشهوورن
بەزمراعەتو سەنعەت مەسرورن
منطقەی وەسەت هەموشەش شارە
یەکێ بەغدایە ئەلێی گوڵزارە
دیالی و دلیم حلەو کەربەلا
شاری کووتیشە ، دووربن لەبەلا
منطقەی جنووب ، ئەویش چوارشارە
شاری بصرایە لەگەل عەمارە
سێیەم مونتەفیك چوارەم دیوانی
لازمە ناووی هەمووی بزانی
لیوای دیالی شاری بەعقوبە
مەرکەزێکی زۆر جوان و مەحبوبە
لیواکەی دلیم شاری رمادی
بۆتە مەرکەزی لەدەشت و وادی
لیوای مونتەفیك ناصریەیە
شارێکی جوان و بەقاعیدەیە

کەلێ بوومەوە ، وتی کوا ئەوانی تر .

وتم چی ماموستا ؟ ووتی چوار لیواکەی تر ، وتم هەرئەوەندەیە تەواو ، وتی : تۆ وتت هەژدە لیوایە بینرانە هەروا .

دەئەوە کاتی خۆی تەتەلەی زمانی قوتابیەکبوو ، ئیستا وا هاتەدەی وبووبە (حەقیقەت) .

Institut Kurde de Paris

مەلبەندی لاوانی رانیە

لەدامێنی کێوەڕەشدا ، مەلبەندی لاوانی رانیە ، لە چوارچێوەی بینایەکی گەورەو قەشەنگدا دیارە .. کەمزۆر چالاکی هونەریو وەرزشی تیادا پێش‌کەش ئەکرێت .

بۆ ئەوەی جوانتر بچینە ناو بەشەکانی ئەم مەلبەندە. بەرێز بەرێوەبەری مەلبەند کاك جلال حمد خضر ؛ بەم شێوەیە باسی مەلبەندی بۆکردین :ـ مەلبەندی لاوان ساڵی ١٩٧٨ لەرانیە کراوەتەوە لەم مەلبەندەدا کۆمەڵی چالاکی هەمەجەشنە ئەنجام ئەدرێت ؛ لەوانە پاڵەوانبازی ، یاریەکانی جوانی لەش‌ولار ، باڵەو باسکەو تۆپی پێو دەستو تینس ، موسیقاو شانۆو ، لەمەیدانی شانۆوە چالاکیمان زۆرە بەشداری میهرەجانی دهوکمان کردوە ساڵی ١٩٨٣ ، جگە لە چاکی ناوخۆیی ، لەپێشکەش کردنی شانۆو بەجەماوەری رانیەی خۆشەویستی ، هەروەها تیپی موسیقای کێوەڕەش ، کەچەندان چالاکی هونەری موسیقاو گۆرانی پێش‌کەش کردوە ؛ لەگشت بۆنە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکاندا ، جگە لەفیشقالی هونەری لەدهۆك ؛ لەبەشی دوورمان جگە لەوەی دەورەی تایبەت دەکەینەوە بۆ فێربوونی دورمان ، پێشنگای تایبەتیشمان کردۆتەوە ؛ دواین پێشنگا لەسلیمانی کرایەوە لەیادی رۆژی شەهیدا . لەجودۆ کاراتی دوو تیپمان هەبە ، چەندان پیشاندانی ئەم یاریە کراوە.

لەبواری ئەدەب‌و هونەردا، چەندان کۆڕی ئەدەبی‌و رۆشنبیریمان پێش‌کەش کردوە ، وەلەبەشی زانستیدا دەورەی کاوەبابمان کردۆتەوە ، بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنج‌و یاری تینس‌مان کردوە ، مەلبەندی رانیە بلەی یەکەمی هێناوە ، بەشداری پێش‌برکێی راکردنی نێوان پارێزگاکانی ناوچەی کوردستانمان کردوە. مەلبەندەکەمان یارێگایەکی تایبەتی هەبە کە پانی ٤٢ بە ٢٢ مەتوەیە ، کەلەم یاریگایەدا رۆژانە لاوان ، راهێنانی تیدا ئەکەن ، بەیاریدەدەری راهێنەری بەتوانا ؛ هیوامان وایە لەم دوایەدا پاڵەوانێتی یاریەکانی باڵەو سبەتەو تۆپی دەست بکەوێتە ناو رانیە . مەلبەند کتێبخانەیەکی هەیە کەنزیکەی ٣٠٠ کتێبی تیدایە هەمەجەشنە ، قوتابیان‌و هاتووچۆکەرانی مەلبەند کەلکی لێوەرئەگرن ، ئاواتەخوازین کەدەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی کتێبەکانی خۆیانمان پێش‌کەش کەن ، تابەناوی دەزگای ناوبراوەو کتێبخانەکەمانی پێبڕازێنینەوە .

لەتیپی نواندنی مەلبەند، هونەرمەند کریم اسماعیل‌عزیز ، کەلە دوو شانۆی مەلبەندا دەوری بینیوەووتی : لەزیندانی دەوری پۆلیسم هەبوو ، لەم‌رۆژانەشدا بەبۆنەی رۆژی شەهیدەوە بەرهەمێکمان پێش‌کەش کرد ، دەوری‌خۆبەخت‌کەرێکی عێراقیم بینی ، جێگای شانازیە کەئاستی هونەری شانۆیی لەرانیەدا لەگەشەسەندایە ، ئەم تیپە ژمارەیەکی زۆری لەئەکتەری لێهاتوی خۆی‌کۆکردۆتەوە ، هیواداریش کەشتی چاکتر پێش‌کەشی‌جەماوەری رانیە بکەین .



ئینجا هونەرمەند محمداحمد صالح ووتی : گیروگرفتی هەرەگەورەمان‌لەشانۆدا ، نەبوونی ئافرەتە ، کەوەك کێشەیەك‌لەگەل شانۆنامەکانماندا ئەجولێتەوە . پاشان‌هەرلەبواری شانۆ هونەرمەند سیامەند صالح حمە حسین:ووتی ئەو لاوەتازە پێگەیشتوانەی تیپی نواندنی‌رانیەیان دروست کردوە، بەشێوەیەکی زۆر رێك‌وپێك‌بەشداری تیپەکە ئەکەمەش مەرجی سەرەکی سەرکەوتن‌ومانەوەی تیپە ژمارەی ئەندامانی تیپ ٢٣ ئەندامە،تیپەکەمان نیازی وایە شانۆیی چارەنوسی ئادەمیزادلەم‌بینەدا پێش‌کەشی جەماوەر بکات ، کاری‌تیدائەکەین ، هەرلەروی ناساندنی هونەرمەندانی‌رانیە بەکوردستان ، نیازمان هەیە نیوەی ساڵ بچینە‌شاری کۆیە ، شانۆیی « زیندانی » پێش‌کەش‌بکەین .

هونەرمەند نزار صالح‌ووتی : بۆئەوەی تیپەکەمان بتوانێ چالاکیکانی‌بەبەردەوامی پێش‌کەشی بکات ، پێویستمان بەدەقی شانۆگەریە ، زوربەی جار، وەلامی رێگاپێدانی ئەودەقانە دوائەکەوێت لە هەمان‌کاتدا بۆنەبەك دێتە پێشەوە ئەبێ بەشداری بکەین ، ئەگەر دەقو بابەت نەبێ ، ئەبێ هەرکۆنەکان پێش‌کەشکەینەوە لەوڕوەوە داوا ئەکەین ، وەلامی پەسەند کردنی شانۆگەریەکانمان زوو بۆبنێرنەوە .

لەبەشی یاریەکانی لەش‌ولار جوانی‌و ئاسان بەرزکردنەوە بەرێز محمد احمد سعید ، پێی ووتین : یانەکە لەبارەی پێویستەوە ئەبێ بەسەر بکرێتەوە ، چونکە ئەم ئاسنانەی کەلێرەن یاری زانەکان خۆیان ئامادەیان کردوە ، مەلبەندیش ئەم‌شوێنەی بۆکردوینەتەوە بۆراهێنان‌و یاری کردن ، بۆئەم یاریە بەپێی گشتەبەکی هەفتانەو چوار رۆژ لەو هەفتەیەدا ،راهێنان ئەکەین ، نزیکەی ١٠ کەس یاری تیدائەکا ، لەبەرز کردنەوەی توربەیندا ، ٤ پاڵەوان بەشداری ئەکەن ، بەڵام تائێستا خۆمان پێشان جەماوەر نەداوە ، هیوادارین ، کەبتوانین لەماوەیەکی کەمدا ئێمەش ئەوەی هەمانە پێش‌کەشی جەماوەری رانیەی خۆشەویستی بکەین ، شان‌بەشانی چالاکیکانی‌تری مەلبەند .

ـ نازاد ـ

ئاوریك لە رابووردوو

● لەژمارەی هەفتەی رابوردوودا نووسینەکەی مامۆستا « گۆران »مان بلاو کردەوە کە لەسەر پیرەمێردی نەمری نووسی بوو ، پیرەمێردیش لە هەمان ژمارەی « ژیان »دا، واتە ژمارە ٤١١ی رۆژی ١٥-٩-١٩٣٤ بەشیعر ئەم وەلامەی « میشو » واتە « گۆران »ی داوەتەوە :

مشەی میشومان ، لاکیزەی مێشە
لەناو ژیاندا خواردن لەپێشە

● **هەر لەژمارەی ناوبراودا ، ئەم بابەتەش نووسراوە :**

[شیرازەی زەللەی مستەفا ئەفەندی]

ـ سواری تانجی‌یەکە بووم ماینەکەم شوێن کەوت .

ـ درەنگە ئەچین بۆ ڕاو . قاوەیەك بدەن بە تانجی‌و شێخم بۆ ڕست کەن .

ـ یا مانگا ئەمرکە شێخێکم بدەنێ ...!

سامان ئامادەی ئەکا

سەرنج

لەژمارە « ٢ »ی‌بلاوکراوەی « هاودەنگ »دا « جلال بەرزنجی » سەرنجێکی بلاو کردبووەوە تیایدا دەفەرمێ کە سیدجلال سید حسن بەرزنجی، ناوێك شت ئەنووسێ‌وئەخوێنێتەوە . ئەوە من نیم .. . منیش حەزم‌کرد بەگشت خوێنەران رابگەیەنم کە راست دەکات‌ئەو من نییەو منیش ئەونیم . لەم رووشەوە حەزئەکەم ئەوەش روون بکەمەوە کە .

بەلای منەوە وایە ئەدیب‌پێویستە چۆن رێزی قەلەمی خۆی دەگرێت ئاوەهایش‌رێزی خەلکی بزانێت ،ئەوی رێزی خەلك نەگرێت واتەخۆ رێزی خۆی ناگرێت ، ئیتر خەلکی چۆن رێزی‌دەگرن ؟!

سید جلال سید حسن
بەرزنجی

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

دەست پاکی

پاش ئەوەی زەنگەکەلێی دا، قوتابیەکان کەوتنە گۆڕەپانەکەوە ، هەندێکیان کتێبێکیان ، بەدەستەوە کرتبوو ، دەیانخوێندەوە . چەندانێك لەژێر سێبەری دار تووە بەرزەکان پشووبان دەدا ، هەندێکی تر خەریکی ڕاونانی یەکتری‌و گاڵتەو پێکەنین بوون . چەند مامۆستایەکیش بۆ ئەوەی قوتابیەکان ئازاری یەکتری نەدەن لە ناو حەوشەکە ئەهاتن‌و ئەچوون . مامۆستاکان ، تا بۆیان ئەکرا ڕەوشتی چاك‌و باشیان فێری منداڵەکان ئەکرد ، زیرەکی و زۆر خوێندنەوەو دلسۆزی و نەترسان‌و ڕاستگۆیی‌و دلپاکیان ئەخستنە دڵو بیری قوتابیە زیکەلەکان ئامانج بەتەنیا ئەهات‌و ئەچوو ،کتێبێکی ، بەدەستەوە گرتبوو . وەکو هەموو وانەیەکی تر بەر لەوەی، مامۆستاکەی بێت‌و وانەکە ڕاڤەبکات ئەو بەبارمەتی باوکی‌و براکانی لە ماڵەوە چەند جارێك وانە تازەکەی ئەخوێندەوەو بەر لەوەی بچێتە پۆلیش جارێکی تر سەری پیائەکردەوە تاوەکو لە ڕاڤەکردنی وانەکەدا بەئاگابێ‌و بەچاکی تێی‌بکات.

لە ناکاو قەلەمێکی پاندنی بەرچاو کەوت یەکسەر هەڵی گرتەوەو خستیە گیرفانی ، تاوەکو زەنگەکە لێی‌داوەو چونە پۆل هیچی‌لای هاوڕێکانی باس‌نەکرد ، بەڵام کە وانەکە تەواو بوو ،زەنگی پشوو دان جارێکی تر لێی دایەوە پرسی بە رزگاری هاوڕێی کرد کە لەپۆلێکی تر بوو بەیەکەوە بڕیاریاندا بچنە لای بەڕێوەبەرو قەلەمەکەی بدەنێ ، بۆیە بەیەکەوە چونە ژوری بەڕێوەبەرو قەلەمەکەیان دایێ لەو کاتەدا مامۆستای یاریدە دەری بەڕێوەبەر لەوێ بوو قەلەمەکەی خۆی ناسیەوە کە بەر لە ماوەیەك لێی وون ببوو ، سوپاسێکی گەرمی ئامانجی کرد . بەڕێوەبەری قوتابخانەیش بڕیاری‌دا لە قازانجی فرۆشگای قوتابخانەکە هەر جارەی خەڵاتی قوتابیەکی زیرەك دەکرا خەڵاتی ئامانج بکرێ‌و دیاریەکی خنجیلانەی پێش‌کەش بکرێ .

تاهیر عوسمان محەمەد

گۆڕێکی شانۆیی لە هەلەبجە

ڕۆژنبیری جەماوەر کۆڕێکی شانۆیی بۆ ٣ هونەرمەند « ڕێبوار نوری ...عبدالله حمەلاو... فەرهەنگ محمد » سەبارەت بە « کۆمیدیای ژن‌هێنان بەزۆرو چەند سەرنجێك » .

کەلەڕۆژی ٨-١١-١٩٨٤ تیپی نواندنی گۆران لەسەرشانۆی هەلەبجە پێشکەشیان کرد .

سازکردو کاك ئازاد توفیق کۆڕەکەی بەڕێوەبرد .

کۆڕەکە ئەم باسانەی گرتبوە خۆ .

١ ـ تیشکێك لەسەر خۆمالی کردنی کۆمیدیاکە .

٢ ـ چەند سەرنجێك سەبارەت بەکارە هونەریەکانی کۆمیدیاکە .

٣ ـ کاری دەرهێنان لای دەرهێنەری شانۆگەریەکە چۆن بوو ..

بە باسەکەی کاك فەرهەنگ کۆتایی هاتن بەبابەتەکانی کۆڕەکەو دەرگای گفتوگۆ لەنێوان ئامادەبوان‌و خاوەن باسەکاندا کرایەوە ئەم برادەرانەش ئامادەی گفتوگۆبوون . . دلشاد عومەر کاکی ... صلاح علی ... جلال عوسمان ... جلال عازەبانی ... عوسمان ئەحمەد .. بەم شێوەیە کۆڕەکە نزیکەی ٣,٠٠ سەعاتی خایاند .

شیعر بۆ منداڵان

سەرباز

بەبۆنەی رۆژی سوپاوە
ئێمە سەربازمان خۆش ئەوێ
بەو نیشتمان پێش دەکەوێ
سەرباز رۆڵەی نیشتمانە
جێگای شانازی گشتمانە
سەربەرزیمان دەپارێزێ
لەهەرکوێەك ئاحەز هەبێ
بەئازایی دەیبەزێنێ
ئەم عیراقە خۆشەویستە
کە نیشتمانی گشتمانە
ئەمانەتێکی پیرۆزە
دەپارێزن دلێرانە
سەرباز باوك‌و برامانە
شووراى بەرزی نیشتمانە
لەرۆژی سوپای دلێرا
کە لەمەیدان وەکو شێرە
چەپکە گوڵی گشت منداڵان
پێشکەش بە هەموو سەربازان

ناری احمد

بیرێکی پاگوزاری

ساڵی تازە

ساڵی رۆژمان لە ساڵی ١٩٨٥یش بەسەر برد ، لەم رۆژنامەیەدا ، سەرتای ساڵی تازە بۆ ئێمە تامو چێژی تایبەتی هەیە ، چونکە دوای ٩ رۆژ جەژنی لەدایك بوونی «هاوکاری»یە ... ئەمساڵ هاوکاری یەکەم هەنگاوی بەوە ئەنێت ئەبێت بە «١٢» لاپەڕە، ئەم هەنگاوە بەقەدەر خواستو هیواکانی ئێمە نیە دوای تەمەنی ١٥ ساڵەی رۆژنامەکەمان ، بەڵام بەاری چاپەمەنی‌و کێشەی کەم کادیری‌و ..هتد هەر نموونەی پێ رائەپەڕێ .

لە ساڵی تازەدا ، هاوکاری زیاتر تەقەللای بەدی‌هێنانی خواستی خوێنەران ئەداو ئەمەش بەهمیەتی هەمووان بەدی‌بەت . .

لە ساڵی تازەدا ساڵو لەمرۆڤی ئەم ولاتە جەربەزە مەردەی بیناکاری ئوێی تادی بەرەو لوتکە ئەروات‌و هاوکاری لەماوەی وشەی پیرۆزی کوردی‌یەوە بەکێکە لەو تیشکانەی جێی شانازیمانە .

ئەحمەد

دیاریی
دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی

بۆیادی ٢٠٠ ساڵی سلێمانی

ئەم ساڵ دووسەد ساڵ بەسەر دروستبوونی ئەو شارە ڕەنگینە ،خۆشەویستە دا تێپەڕ بوو . دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە دیاریی پیرۆ نووسین‌و ئەمەگداری پێشکەش بەو یادە پیرۆزە بکات هەر لەبەر ئەوە دەزگاکەمان دەست دەکات بەچاپی کتێبێك کە گەورەترین تۆماری مێژووو ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و بیر ڕووناکی‌ی ئەوشارەیەو ناوو جێدەستی زوربەی ئەو کەسانە تۆمار ئەکات کە لەو دوو سەد ساڵەدا ئەو مێژووە بایەخدارەیان دروستکردووە. چاوەڕێی کتێبی «شاری سلێمانی ـ ٢٠٠»ی کاك ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە بن بە پیداچوونەوەو پێشەکی پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول .

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut kurde de Paris